

# سوارەکەی
# تاقوەسان و بێستوون

## یادنامەی شەهید مووسا باباخانی

(١٤٠٠ - ١٣٦٠)

■ گردوکۆی: عەلی بداغی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سواره‌که‌ی تاق‌وه‌سان و بێستوون

## یادنامه‌ی شه‌هید مووسا باباخانی



چاپ و بڵاوکردنه‌وه‌ی:
کۆمیسیۆنی چاپه‌مه‌نیی
حیزبی دێموکراتی کوردستان
گه‌لاوێژی ١٤٠١

کتێبخانه‌ی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوی کتێب:
سوارەکەی تاقوەسان و بێستوون
- بابەت: یادنامەی شەهید مووسا باباخانی
- ئامادەکردنی: عەلی بداغی
- تایپ: دیاکۆ دانا
- هەڵەچنی: کاروان مێراوی
- دیزاینی نێوەوە: سامان زاهیدی
- بەرگ: ئەییوب شەهابیڕاد
- ساڵی چاپ: گەلاوێژی ١٤٠١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێرست


لەبری پێشەکی: «مووسا»کەی ئێمە — عەلی بداغی — ٥

کورتە ژیاننامەیەکی شەهید مووسا باباخانی — ٧

بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی لەبارەی تێرۆری مووسا باباخانی — ١١

ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی شەهید مووسا باباخانی — ١٥

وتاری سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی شەهید مووسا باباخانیدا — ١٩

پەیامی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات ڕوو بە نێوخۆی وڵات بەدوای تێرۆری شەهید مووسا باباخانی — ٢٥

پەیامی پێزانینی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لەهەمبەر شەپۆلی هاوخەمییەکان بەدوای تێرۆری شەهید مووسا باباخانی — ٢٩

سەری مارەکە — عەلی بداغی — ٣٣

«ساتێک لەگەڵ پارێزەران»، دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ شەهید مووسا باباخانی — کەریمفەرخەپوور — ٤٣

یەکەم دیدار و دوادیدار — ناسر باباخانی — ٦٩

دیمانە لەگەڵ مستەفا مەولوودی لەسەر پەروەندەی تێرۆری مووسا باباخانی — عەلی بداغی — ٧٧

دیمانە لەگەڵ کەماڵ کەریمی لەسەر پەروەندەی تێرۆری مووسا باباخانی — جەمیل سەرمەستی — ٩١

ئەو شۆڕشگێڕەی بوو بە گوڵێکی سوور بۆ بەرۆکی نیشتمان — قادر وریا — ١٠٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | | |
|---|---|---|
| خۆڕاگر و بەهەیبەت، هەر وەک بێستوون و دالاهۆ | عومەر باڵەکی | ١١٣ |
| مووسا لە هەموو شتێکی خۆی گوزەرابوو | د. ئاسۆ حەسەنزادە | ١١٧ |
| مووسا باباخانی، ئەو خەباتکارەی کە بەردی بۆ ئازادی لەکۆڵ نا، نەک بۆ کێلی قەبر | پێشەوا عەلیپوور | ١٢١ |
| لە «برایمخان نادری »یەوە هەتا «مووسا باباخانی» | بیژەن قارەمانی | ١٢٥ |
| «مووسا»کان دەبێشکە و لە قوتابخانە و سەر شەقامەکاندان | زانیار حوسێنی | ١٣١ |
| دڵنووسی بەشێک لە هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی شەهید مووسا باباخانی | | ١٣٧ |
| ئێوە کڵپەی ئاگرن | ناسر سادقی | ١٧٥ |
| شەقامی بێستوون؛ بلواری خوێن | ڕابوون ڕۆژهەڵات | ١٧٩ |
| وەفایەک بۆ هەڵۆ تیژباڵەکەی دالاهۆ | جەمیل سەرمەستی | ١٨١ |
| «شینی قەڵەمە و کۆستی تفەنگە» | جەماڵ فەتحی (کۆچەر) | ١٨٣ |
| فەرهادەکەی تاقوەسان | بەختیار عەلیزادە | ١٨٧ |
| وێنەی بێستوون | سەردار زەنگەنە | ١٩١ |
| پەیامی هاوخەمیی کەسایەتی، حیزب و لایەنە سیاسییەکان (کوردی) | | ١٩٣ |
| پیام همدردی احزاب و شخصیت‌های سیاسی با حزب دموکرات | | ٢٣٥ |
| ئالبۆمی وێنە | | ٢٥٣ |


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەک پێشەکی

## «مووسا»کەی ئێمە

**عەلی بداغی**

بەهاری ١٣٨١ی هەتاوی لەگەڵ هەژیر عەبدوڵڵاپوور لە کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب هەم هاوژوور بووین و هەم لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و بەشیی فارسیی ڕۆژنامەدا پێکەوە هاوکار و هاوڕێ. کوڕێکی ڕەقەڵەی مەشرەفخۆش کە ئەوکات بە تێکەڵەیەک لە زاراوەی کەلهوڕی و سۆرانی قسەی دەکرد، زوو زوو سەردانی دەکردین. «مووسا» و هەژیر هاودەورەی فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگە بوون و بۆ منی پاش ئەوان هاتوو بۆ ڕیزەکانی شۆڕش کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێش و خۆشەویست بوون.

مووساساڵی دواتر لە هێزی پارێزگارییەوە بۆ چاپەمەنی گواسترایەوە و لە بەختی باشم ئەمجارەیان ئێمە دوو بە دوو بووینە هاوژوور و هاوخەمی یەکتری. ئەو دوو ساڵ پێش من هاتبووە ڕیزەکانی حیزبەوە، بەڵام لەو کاتە بە دواوە ئیدی لێک دانەبڕاین، تەنانەت لەپاش لەتبوونەکەی ڕیزەکانی حیزب دوای کۆنگرەی سێزدەی حیزبیش نەک هەر هەمیشە هاوڕێیەتیی و هاودڵیی نێوانمان پاراستبوو، بەڵکوو بەهۆی هاتوچۆیەکانی مووسا بۆماڵەوەمان، ئیدی ئەو ئێستا ئازیزێکی کوڕی خێزانییشمان بوو.

نیزیک ٢٠ ساڵ هاوڕێیەتی، هۆگریمان بە میدیا و کاری هاوبەشمان لە بواری ڕاگەیاندندا زۆر قۆناغی بە ڕووی ئێمەدا کردەوە و ئەوەی من بەباشی لە مووسای فێر بووم ئەوە بوو کە هەر هەموو کات و وزە و توانای خۆم بۆ کار و ئەرکە حیزبییەکانم تەرخان بکەم. ئەو کە هاتبووە ڕیزەکانی حیزبەوە هێشتا خەتی سمێڵی نەدابوو، بەڵام توانیبووی بە هەوڵ و ماندووبوون و هەدانەدان خۆی پێ بگەیەنێ و هەموو هەل و دەرفەتەکان بۆ فێربوون و پێشخستنی لە ڕیزەکانی حیزبدا بقۆزێتەوە و پلەکانی بەرپرسایەتی و تەشکیلاتی هەتا کۆمیتەی ناوەندیی حیزب ببڕێت. چالاکیی بەرچاو و تێکۆشانی کاریگەر و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شوێندانەری مووسا بەتایبەت لە بواری کاری ڕێکخستن لە نێوخۆی وڵاتدا ئەویش لە ناوچەی هەستیاری وەک کرماشان، ئەوی بۆ دەزگای ئەمنیەتی و تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردە ئامانجێکی زۆر گرینگ، ئەوەندە گرینگ کە ساڵانێک پیلانی لەدژ بگێڕن، دێوجامەی بۆ ڕابخەن و بۆ زەفەربردن پێی لێی نیزیک ببنەوە و بە پیلان و دەهۆ تێرۆری بکەن. هەروەک لە بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی بەبۆنەی شەهیدبوونیدا هاتبوو مووسا باباخانی کە هێشتا ٤٠ بەهار لە تەمەنی تێنەپەڕیبوو، یەکێک لە ڕێبەرە لاوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە بە وشیاریی سیاسیی زۆر و ئەرکوەخۆگریی کەموێنەوە هەم لە سەنگەری ڕاگەیاندندا و هەم لە بواری کاری پێوەندی و ڕێکخستن بەتایبەت لە ناوچەکانی کرماشان و خواروی کوردستاندا هەڵدەسووڕا. کاری مێدیایی و مەیدانیی بەرچاوی ئەو کادرە دیارەی ڕێبەریی حیزب کە ئومێدی پاشەڕۆژێکی پرشنگداری بۆ حیزب و نەتەوەکەی لێ دەکرا، ئەویان کردبووە چەقڵی چاوی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم. بۆیە بەوردی بۆی کەوتنە پیلان و خستیانە داو و شەهیدیان کرد.

بەڵێ مووساکەی ئێمە زۆر لەمێژ بوو زراوی فیرعەونی زەمانی بردبوو، ئەویش بە چی؟ بە چەکی پێنووسەکەی و هاوکات بە بریقەی قەنناسەکەی، بە نووکی قەڵەمەکەی و بە نەشتەری ڕەخنەکانی، بە بەردەوامی و شێلگیری لەسەر ئەرکەکانی و بە ئیمان بە ڕەوایی و پیرۆزیی خەباتەکەی، بە وەفادارییەکەی بە ڕێبازی شەهیدانی نیشتمانەکەی و بە مانەوەی لە سەنگەردا و چۆڵنەکردنی گۆڕەپانەکە سەرەڕای هەموو هەڕەشە و هێرشەکانی دوژمن. بەڵام فیرعەونەکانیش دەزانن خەیاڵیان خاوە و بە شەهیدکردنی مووسا ئامانجەکەیان نەپێکاوە. چونکی مووسا کە خۆی میراتگرێکی بەوەجی ڕێبەرانی پێشووتری حیزبەکەی بوو، میراتێکی دەوڵەمەندیشی لە ئاوەز و هزری خەباتگێڕی بۆ ڕێبوارانی پاش خۆی لەو ڕێبازەدا بەجێ هێشتوە.

ئەم یادنامەیە ئەمەگناسییەکە لەپێناو ڕوحی نەسرەوتوو، بەڵام هەمیشە زیندووی شەهید مووسا باباخانی. دڵنیام ڕۆژێک دێ گڵکۆی پیرۆزی مووسا لە گەرمێنەوە دەچێتەوە بێستوون یان تاقوەسان لە بەری کوێستان و، دەبێتە زیارەتگەی ئەویندارانی سەربەستیی نیشتمان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتە ژیاننامەیەکی شەهید مووسا باباخانی



- شەهید مووسا باباخانی کوڕی مێهدیخان و دایە فیروزە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لە گوندی کولانی ناوچەی ئاژوانی سەر بە شاری کرماشان لەدایک بوو.
- قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندیی خوێندنی لە کرماشان و کامیاران بڕی.
- ساڵی ١٣٧٨ لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا هاتە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.
- لە ئۆرگانەکانی پارێزگاری، چاپەمەنی، تەشکیلات، پەروەردە، تیشک تیڤی و کوردکانالدا بەرپرسایەتیی گرتۆتە ئەستۆ و لەگەڵ هەر ئەرکێکی جیاوازی حیزبی، هاوکات هاوکاریی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتیشی کردووە.
- هۆگری هونەری فۆتۆگرافی بووە و ئەو تایبەتمەندییە لە کارە مێدیاییەکانیدا بەڕوونی دیار بوو.
- ساڵی ١٣٨٣بەشداری دەورەی سەرەتایی سیاسی بووە و ساڵی ١٣٨٩ دەورەی نێونجی سیاسی و دواتر دەورەی کادری دەرەجە ٣ی بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە. هەروەها بەشداری چەند خولی مودیرییەت و نیزامی بووە.
- لە کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا بووەتە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی.
- لە یەکەمین پلینۆمی دوای کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.
- لە کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە ئەندامی ئەسڵیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا.
- لە ماوەی ژیانی پێشمەرگانەیدا لە چەندین مەئمورییەت و جەولەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشمه‌رگانه بۆ نێوخۆی وڵات به‌شدار بووه و له‌كاتی مووشه‌ك‌بارانی قه‌ڵای دێموكرات له ١٧ی خه‌رمانانی ساڵی ١٣٩٧دا به سه‌ختی بریندار بوو.

- له ماوه‌ی كاری له به‌شی ڕاگه‌یاندندا ئاماده‌كار و پێشكه‌شكاری چه‌ندین به‌رنامه بوو و دوایین به‌رنامه‌شی «بانتر له هه‌واڵ» و به‌رنامه‌یه‌كی دۆكیۆمێنتاری ناته‌واو له‌سه‌ر ٢٥ی گه‌لاوێژ، ساڵڕۆژی دامه‌زرانی حیزبی دێموكراتی كوردستان بوو.

- شه‌وی پێنجشه‌ممه له‌سه‌ر هه‌ینی، ١٤ له‌سه‌ر ١٥ی گه‌لاوێژی ١٤٠٠ی هه‌تاوی له شاری هه‌ولێر به ده‌ستی تێرۆریسته نێردراوه‌كانی كۆماری ئیسلامی تێرۆر كرا.

كتێبخانه‌ی دیجیتاڵی
www.rabari.org




خەزەڵوەری ١٣٩٨- یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆنگرەی ١٧



هاوینی ١٣٩٦ - پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆنگرەی ١٦



بەهاری ١٣٩٧ - پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆنگرەی ١٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبارەی تێرۆری مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**
**حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان!**
**دامودەزگا حکوومەتی و ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستان!**
**کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان!**

هەروەک لە ڕاگەیەندراوە خەبەرییەکانی پێشووی سکرتاریادا بە ئاگاداریی بیروڕای گشتی، میدیاکان، و دەزگا پێوەندیدارەکانمان گەیاندبوو: بەداخێکی گرانەوە کاک مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەوی پێنجشەممە، ١٤ی گەلاوێژ (٥ی ئاگوستی ٢٠٢١) بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری هەولێر تێرۆر کرا.
کاک مووسا باباخانی، خەڵکی کرماشان، لەدایکبووی ساڵی ١٣٦٠ هەتاوی بوو. ئەو وەک تازەلاوێکی کرماشانیی بەهەست و شۆڕشگێڕی گەلەکەی، لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا بۆ خەبات لە پێناو ئازادی و سەربەستیی نەتەوەکەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەڵبژارد و وەک پێشمەرگە و کادرێکی بەوەج لە ماوەی ٢٣ ساڵ تێکۆشانی پێشمەرگانەیدا زۆربەی قۆناغەکانی بڕی و لە کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.
کاک مووسا باباخانی لە ئۆرگانەکانی پارێزگاری، تەشکیلات و ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتدا ئەرک و بەرپرسایەتی بووە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات و، کۆکردنەوەی خەڵک و ڕێکخستنیان لە دەوری ئامانجەکانی حیزب بەتایبەت لە ناوچەی کرماشان ماندوویینەناسانە کاری کردووە. هەر ئەو چالاکییە بەرچاو و هەڵسووڕانە دیار و شوێندانەرەی مووسا باباخانی بوو کە ئەوی بۆ دەزگای ئەمنیەتی و تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردبووە ئامانج کە دواجار توانییان خۆی لێ نیزیک بکەنەوە و زەفەری پێ ببەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاک مووسا باباخانی کە هێشتا ٤٠ بەهار لە تەمەنی تێنەپەڕیبوو، یەکێک لە ڕێبەرە لاوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە بە وشیاریی سیاسیی زۆر و ئەرکوەخۆگریی کەمویێنەوە هەم لە سەنگەری ڕاگەیاندندا و هەم لە بواری کاری پێوەندی و ڕێکخستن بەتایبەت لە ناوچەکانی کرماشان و خوارووی کوردستاندا هەڵدەسووڕا. کاری مێدیایی و مەیدانیی بەرچاوی ئەو کادرە دیارەی ڕێبەریی حیزب کە ئومێدی پاشەڕۆژێکی پڕشنگداری بۆ حیزب و نەتەوەکەی لێ دەکرا، ئەویان کردبووە چەقڵی چاوی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم. بۆیە بەوردی بۆی کەوتنە پیلان و خستیانە داو و شەهیدیان کرد.

بێگومان لەدەستدانی کادرێکی وەک مووسا باباخانی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان بە خەسارێکی گەورە دادەنرێ، بەڵام حیزبی دێموکرات لە ساڵانی ڕابردووشدا و لە درێژەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ زەبروەشاندن لە جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەردەوام ئامانجی سەرەکی بووە. تەقینەوەی شەوی یەڵدا لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ساڵی ١٣٩٥، تێرۆری فەرماندەی حیزب قادر قادری لە ڕەشەممەی ساڵی ١٣٩٦ کە حەوتووی ڕابردوو ئاکامی پەروەندەکەی لەلایەن لقی ٢ی دادگای تاوانەکانی هەولێرەوە ڕاگەیەندرا، مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە هاوینی ١٣٩٧ و تێرۆر و ئێعدامی کۆمەڵێک تێکۆشەری دیکەی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات چەند نموونەیەک بۆ بەردەوامیی ڕەفتار و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و کردەوەی تێرۆریستیی ئەم ڕێژیمە دەرحەق بە حیزبی دێموکراتی کوردستانن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بارودۆخێکدا پەرەی بە کردەوە تێرۆریستییەکانی لە هەرێمی کوردستان، ئورووپا، ئەمریکا و نێوخۆی وڵاتیش داوە کە پتر لە هەموو کاتێک بەرەوڕووی قەیرانی بەڕێوەبەری و نارەزایەتییەکانی هەردەم پەرەئەستێن لە نێوخۆی وڵات بۆتەوە. لەبەر ئەوەش کە توانای چارەسەری قەیرانە جۆراوجۆرە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و، وەڵامدانەوە بە ویست و داخوازە ڕەواکانی

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئێرانیان نییە و، لە ڕاپەڕینی جەماوەری ترسیان ڕێ نیشتووە، مانەوەی خۆیان و کۆنترۆڵی بارودۆخەکە لە سەرکوتی زیاتر و تیرۆر و تۆقاندندا دەبینن؛ سیاسەتێک کە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی درێژەی بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ تێرۆری کاک مووسا باباخانی لە شاری هەولێر، لەکاتێکدا هەوڵی بەرپرسانەی دامودەزگا پێوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هاتنە سەر خەت و بەدواداچوون بۆ ئەم ڕووداوە بەرز دەنرخێنێ، چاوەڕوانیشە کە وێڕای ئاشکراکردنی دەستەکانی پشتی پەردەی ئەم تێرۆرە، تاوانبارانی ئەم کردەوە تێرۆریستییە بدۆزنەوە و بیاندەنە دەستی عەدالەت. ئەمەش چاوەڕوانییەکی بەرحەق و ڕەوایە کە بەرپرسایەتیی پاراستنی گیان و ئەمنییەتی تێکۆشەرانی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەوڕووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێ. هاوکات پێویستە هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرنجدان بە شەپۆلی نوێی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی بەرنامە بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ڕێژیم دابنێن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی تێرۆری شەهید مووسا باباخانی سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری، هاوسەنگەرانی و هەموو خەڵکی کوردستان بە تایبەت ناوچەی کرماشان و خوارووی کوردستان دەکا. ڕوحی شەهید مووسا باباخانی، تازەترین قوربانیی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران شاد و ڕێگای خەبات و تێکۆشانی هەتا گەیشتن بە ئازادی و وەدیهاتنی ئامانجەکانی بەردەوام دەبێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**کۆمیتەی ناوەندی**

**١٧ی گەلاوێژی ١٤٠٠**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی شەهید مووسا باباخانی لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکرات




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ڕێوڕەسمیکی بەشکۆدا تەرمی پیرۆزی شەهید مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەدەستی ڕەشی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری هەولێر تێرۆر کرا، لە گۆڕستانی شەهیدانی دێموکرات بەخاک سپێردرا.

پێش‌نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ١٩ی گەلاوێژی ١٣٤٠٠ی هەتاوی تەرمی پیرۆزی شەهید مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە شەوی پێنجشەممە ١٤ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی لە شاری هەولێر و بە پیلانێکی لەپێشدا داڕێژراو بە دەستی چەپەڵی شەمشەمەکوێرەکانی تاریکی لە شاری هەولێر تێرۆر کرا، بە ئامادەبوونی ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و هەروەها کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و دڵسۆزان و دۆستانی حیزب لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکرات بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی ئەی ڕەقیب و ئەی شەهیدان و چەند ساتێک بەپێوە وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان و بە تایبەت شەهیدی تازەی گەلەکەمان شەهید مووسا باباخانی دەستی پێکرد.

پاشان کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوای کڕنۆش بۆ وێنەی شەهید مووسا چەند وتەیەکی بۆ ئامادەبوان پێشکەش کرد.

لە بەشێک لە قسەکانی کاک خالید عەزیزی‌دا وێڕای شیکردنەوە و بەرز نرخاندنی ڕۆڵی شەهید مووسا باباخانی لە پەرەپێدان بە بیری کوردایەتی و نەتەوایەتیی لە کرماشان و کارە دیار و بەرچاوەکانی ئەو شەهیدە لە ماوەی تێکۆشان و خەباتی حیزبیدا گوتی: شەهید مووساباباخانی ئەو کەسە بوو کە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا توانی بەو ئاستە لە پەروەردە و تێگەیشتنی سیاسیی و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشمەرگانە بگا کە شوێندانەرێکی بە توانا و چالاک لە کرماشاندا بێ و هەر ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەیکە دوژمن پیلانی خۆی لە ڕێگای چەند بەکرێگیراوێکەوە جێبەجێ بکا و تاوانی قیزەونی تێرۆر جارێکی دیکە لە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامییەوە خۆی بنوێنێ. بەڵام کۆماری ئیسلامیی بیری لەوە نەکردۆتەوە کە کرماشان نەک هەر بە چۆکدا نایە بەڵکوو ڕێبوارانی ڕێگا و ڕێبازی دێموکرات و هاوڕێیان و هاوسەگەرانی کاک مووسا لە کرماشان و تەواوی کوردستان بەردەوام زیاد دەکا و لە یاد و تۆڵەی مووسایەک هەزاران مووسا دەڕوێ.

ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی ژیاننامەی شەهید مووسا و دانانی تاجەگوڵینە و ڕێز بۆ شەهید مووسا باباخانی لە لایەن هەموو لایەنە سیاسیی و کەسایەتییەکانی دۆستی حیزبەوە لە سەر گۆڕی شەهیدی سورخەڵاتی گەل و نیشتمان و ناشتنی تەرمی پیرۆزی کاک مووسا لە باوەشی خاکی پاکی کوردستاندا کۆتایی هات.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بەهاری ١٣٩٧ - پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆنگرەی ١٦



پاییزی ١٣٩٨ - کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆنگرەی ١٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خالید عەزیزی: بە تێرۆرکردنی هەر ڕێبەرێکی کورد ڕێبازەکەی بە هەزاران هەزار ڕێبواری دیی بۆ دروست دەبێ




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## «وتەکانی کاک خالید عەزیزی لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی شەهید مووسا باباخانیدا»

**میوانانی بەڕێز!**
**نوێنەرایەتیی حیزب و لایەنە سیاسییەکان!**
**خوشک و برایانی ئازیز!**
**کادر و ئەندامان و پێشمەرگەکانی دێموکرات و دێموکراتەکان!**

پڕ بەدڵ بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕوخساری پارێزگای کرماشان و تێکۆشەرێکی هەمووی ئەو کوردانەی بە هەموو هۆز و هەموو بۆچوون و ئایینێکەوە لە پارێزگای کرماشان بە دڵ و بە خەمخۆرییەوە بەشێوێن ئەو ڕووداوەدا ڕۆیشتوون.

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، بەتایبەت لە پارێزگای کرماشان پەیامێکی زۆرمان لە لایەن تێکۆشەران و، چالاکانی بواری مەدەنی و هۆزەکان و ئایینەکان بە یارسان و شیعە و سوونەوە پێ گەیشتووە. ئەوەش ئەوە دەردەخا کە کار و چالاکییەکانی مووسا باباخانی، لە پارێزگای کرماشان مانادار بووە. هەربۆیەش کۆماری ئیسلامی، مووسا باباخانیی کرد بە ئامانج و، لە ڕێگەی بەئامانجگرتنی مووسا باباخانییەوە، ویستی کرماشان بکا بە ئامانج. بەڵام کرماشان، شوێنی چالاکی و تێکۆشان، شوێنی پێکهاتن و هەماهەنگی و هاوڕەنگی هەموو ئایینەکان و هۆزەکان، وا بەئاسانی بەچۆکدا نایە. جێگای خۆیەتی لێرەوە پڕ بەدڵ و زۆر تایبەتی، سەرەخۆشی لە خەڵکی کرماشان و هەروەها لە بنەماڵەی شەهید مووسا باباخانی بکەم.

کاتێک لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا پێشەوا قازی محەممەد لە سێدارە درا، ڕێژیمی پێشوو پێیوابوو جووڵانەوەی کورد لەوێ کۆتایی پێدێ. کاتێک شۆڕش لە ئێران دەست پێ دەکا، حیزب دێموکرات و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لایەنەکانی دیکەی چالاکی دەست پێ دەکەنەوە و، دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی و دەیان کادری جووڵانەوی کورد لە ئێران شەهید دەکرێن، دیسان کۆماری ئیسلامی پێیوابوو ئەو جووڵانەوەیە بەچۆکدا دێ. کاتێک کە دەیان کادری دیکە تیرۆر دەکرێ دیسان هەر لەو بیر و خەیاڵەدا بوون. بە تیرۆرکردنی کاک مووسا باباخانی ئەوان پێیانوابوو ئەو جموجۆڵ و چالاکییە بەچۆکدا دێنن. دەمەوێ لێرە ئەو پەیامە بە دەسەڵاتداران بدەم، کە تیرۆرکردن و لەنێوبردنی ڕێبەران و تێکۆشەرانی جووڵانەوەی کوردی ئێران، هەرگیز ئەو جووڵانەوەیە بەچۆکدا نایەنێ. بە تیرۆرکردنی هەر ڕێبەرێک و، ئەوەی کە ئەو ڕێبەرە بە جەستە لەنێوماندا نامێنێ، بەڵام بە بیر و هزری کوردایەتی لە سەرتاسەری کوردستانی ئێران بە هەزاران ڕێبواری بۆ دروست دەبێ.

ئەگەر کاتی خۆی بیر و هەستی کوردایەتی لە کرماشان بە هاودەردی و هەماهەنگیی برایمخانی نادری لەگەڵ کۆماری کوردستان دەستی پێ کرد، لە دوای ئینقلابیش خەڵکێکی زۆر پێوست بوو بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و، بەشێکیش لەوانە بە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات گەیشتن. بەشێک لەوانە کە تێکۆشەرانی پارێزگای کرماشان بوون لەم سەنگەرەدا شەهید بوون و، ناودارانی ئەو پارێزگایەن. ئێستاش بە شەهیدبوونی کاک مووسا باباخانی دڵنیام ڕێبواری ئەو زیاتر دەبن، دڵنیام لە داهاتوودا تێکۆشەرانی کوردایەتی لە کرماشان، خۆیان لە ڕیزەکانی ڕێبەریی حیزبەکاندا دەبیننەوە.

## هاوڕێیانی خۆشەویست!

کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا، جینایەتێکی ئاوا دیسان دووپاتە دەکاتەوە، کە بە دوای دەستبەکاربوونی سەرۆککۆمارە تازەکەیان لەگەڵ کۆمەڵێک قەیرانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، نێودەوڵەتی و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوچەیی ڕووبەڕووە. ئەوان لە درێژەی سیاسەتی یەکێک لە پیلانەکانیان ئەوەیە ناوچە نائەمن بکەن، چالاکی و بەرنامەی تیرۆری خۆیان زیاتر بکەن و لە هەمووان گرینگتر لەنێو خەڵکی ئێراندا تۆ بکۆشن نیفاق و دوو دەستەیی ساز بکەن. هەر لە ڕۆژانی ڕابردوودا، لە شاری نەغدە لەو شوێنانەی کوردەکان و ئازرییەکان پێکەوە دەژین و، کاتی خۆی لە سەردەمی ئینقلابدا دوو میللەتی کورد و ئازەری لەگەڵ یەک و بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکتر، دژی حکوومەتی پێشوو دروشمی هەماهەنگی و هاوکارییان هەبوو، پشتی یەکتریان دەگرت و شانبەشانی یەک لە تەزاهورات و خۆپیشاندانادا بوون، کۆماری ئیسلامی هەر کە دەستی بە کار کرد، یەکەمین کار کە کردی ئەوە بوو: لەو ناوچە هەستیارە، تۆوی نیفاق و دووبەرەکی لەنێوان ئەو دوو میللەتەدا بڵاو بکاتەوە. بەمجۆرە شەڕی نەغدەی وەڕێ خست.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا ئەو حکوومەتە کە دیسان لەگەڵ قەیرانێکی زۆر بەرەوڕوویە، هەوڵی داوە لەو ناوچەیە ئاژاوە بنێتەوە. بەڵام بەخۆشییەوە، بە هەست بە بەرپرسیارێتی تێکۆشەرانی کورد و ئازەری لە ناوچەکە و بەوەی کە ئەوان لەسەر خەت بوون و لە بواری جۆراوجۆردا هەماهەنگی و هاوکاریی یەکتریان کردووە، ئەو پیلانەی کۆماری ئیسلامییان مایەپووچ کردۆتەوە. بۆیە لێرەوە بە پەیامێک بۆ هەموو ئەوانە، دەستی هاوکاری و هەماهەنگیی ئەو دوو میللەتە لەو ناوچەیە دەگوشین و، هیواداریین لەمەوبەدواش پێکەوە لەسەر خەت بن و، نەیەڵن پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی لەدژی یەکگرتوویی و یەکڕیزیی ئەوان سەر بگرێ. بۆ جارێکی دیکەش ئێمە بەوە خۆشحاڵین ئەو عەقڵییەتە، لەنێوان تێکۆشەران و ئەو کەسانەی کە لە بواری کاروباری مەدەنیدا، بە هەست بە بەپرسایەتی کار دەکەن، ڕۆژ بە ڕۆژ لە نێوخۆی ئێران، لە مەیدانی وەحدەت و یەکیەتیی گەلان لە حاڵی پەرەئەستاندن دایە. ئەوە یەکێک لەو شتانەیە کە کۆماری ئیسلامی لێی نیگەرانە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر بە کێشەی خوزستان کە دەستی پێ کرد و لە ئێران دەنگی دایەوە، خەڵک هاتنە سەر خەت و، ڕێک بە دوای ئەوەدا دەگەڕان کە وێڕای دروستکردنی نائەمنی لە ناوچەکە لە نێوخۆی ئێرانیشدا تێ بکۆشن بەوەی کە یەکڕیزیی گەلان تێک بدەن. ئێمە دڵنیاین و حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە لە ناوەندی هاوکاری هەموو لایەکمان وەک هەمیشە لەسەر خەتین و لە هەماهەنگی و هاوکاریدا دەبین. لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکان، لەگەڵ چالاکانی بواری مەدەنی لە نێوخۆی ئێران، لەگەڵ چالاکیی سیاسی لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵات، بۆ ئەوەی کە پێیان بڵێین و پێیان ڕابگەیەنین کۆماری ئیسلامی دوژمنی ئێمەیە، بەڵام ئێوە بەردەنگی ئێمەن.

پێیان ڕادەگەیەنین و پێیان دەڵێین، جووڵانەوەی کورد و کوردستان کە هەر ئەو ڕۆژانە مووسا باباخانیی پێشکەشی ڕێگای کوردایەتی و دێموکراسی لە ئێران کرد، بۆ داهاتووی ئێران دەرفەتە. پێیان دەڵێین مەسەلەی کورد و جووڵانەوەی کورد دەتوانێ دەرفەتێکی باش بێ و نادیدەگرتنی مەسەلەی کورد لە ئێران، پشتگوێخستنی ئەو هەموو توانا و وەز و پوتانسییەلەی مەسەلەی کورد لە ئێران، نادیدەگرتنی مەسەلەی حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەتایبەت حیزبی دێموکرات و دێموکراتەکان، هەڵەیەکی گەورەیە. کاریگەریی خراپی دەبێ لەسەر دروستکردنەوەی داهاتووی ئێران بەشێوەیەک کە وڵامدەر بێ. با هەموو لایەکمان، بە چاوی دەرفەت چاو لە جووڵانەوەی کورد و مەسەلەی کورد بکەین. ئێمە پێداگری دەکەین کە جووڵانەوەی کورد لە ئێران هەڕەشە نییە، نە بۆ دێموکراسی، نە بۆ وەحدەت نە بۆ دروستکردنەوەی ئێرانی داهاتوو. ئەوە نیزامی کۆماری ئیسلامییە هەڕەشەیە، هەڕەشەیە و مەترسییە بۆ سەر هەمووی ئەو فاکتۆرانە، بۆ هەمووی ئەو ویست و داخوازییانە کە کۆمەڵانی خەڵکی کورد بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوایدا دەڕۆن.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە لەگەڵ خەڵکی کوردستان بەگشتی و لەگەڵ خەڵکی کرماشان، بێستوونەکەی کاک مووسا باباخانی، پەیمان نوێ دەکەینەوە کە ڕێبوارانی ڕێگای کاک مووسا، لە کرماشان و لەنێو حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکەدا زۆرن. ئەو جووڵانەوەیە هەرگیز بەچۆکدا نایە، خەبات و تێکۆشانی ئێمەی نەتەوەی کورد بەردەوام دەچێتە پێشێ و بۆ جارێکی دیکە ئەرک و، وەزیفەی خەباتکاران و تێکۆشەرانی بواری مەدەنی و جەماوەری لە هەمووی کوردستانی ئێران و لە کرماشان قورستر دەبێ، کە بە شانازییەوە، بە هەست بەو بەرپرسیارەتییەوە، بە بیرکردنەوە لە یەکڕیزییەوە ئەو خەبات و تێکۆشانە لە دژی کۆماری ئیسلامی و لەپێناو جێخستنی مافەکانی نەتەوایەتیی خۆمان بەردەوام بەرنە پێشێ.

بۆ هەموو لایەکتان داوای ساغ و سلامەتی دەکەم، ڕوحی کاک مووسا باباخانی هەر شاد بێ، ڕێبواری ڕێگای هەر زیاد بێ و ئێوەش زۆر زۆر بەخێر بێن بۆ ئەو ڕێوڕەسمە.

سەرکەوێ کوردستان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات ڕوو بە ئەندامانی حیزب لە نێوخۆی وڵات بەدوای تێرۆری شەهید مووسا باباخانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوابەدوای تیرۆری هاوڕێ کاک مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەرپرسی کاروباری تەشکیلاتیی حیزب لە پارێزگای کرماشان، شەپۆلێکی بەربەرین لە پەیامی پرسە و هاوخەمی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە سەتاسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە کۆمیسیۆنی تەشکیلات گەیشتووە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە سەرجەم شار و ناوچەکانی کوردستان وێڕای هاوخەمی لەگەڵ ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب، ئەم کردەوە تێرۆریستییەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران مەحکوم و شەرمەزار دەکەن و بە بۆنەی تیرۆری کاک مووسا باباخانییەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهید و سەرجەم هاوسەنگەرانی دەکەن.

لە بەشێکی زۆربەی ئەو پەیامانەدا ئاماژە بە دۆخی قەیراناویی کۆماری ئیسلامی ئێران کراوە کە لە وەها هەلومەرجێکدا ئەم ڕێژیمە دەیهەوێ بە تێرۆری ڕێبەران و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و چالاکانی سیاسی، دەنگی بزووتنەوەی حەقخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کپ بکا. ئەو ڕێژیمە بە تایبەتی کە لە پەرسەندنی بیر و هەستی کوردایەتی لە ناوچەکانی خوارووی کوردستان دەترسێ، پێی وایە کە بە تێرۆر و شەهیدکردنی کەسانی دیار و چالاکی وەک شەهید مووسا باباخانی لە پارێزگای کرماشان دەتوانێ پێش بەو ڕەوتە بەهێزەی نیشتمانپەروەری لەو ناوچەیە بگرێ. غافڵ لەوەی کە بیروباوەڕێک کە هەڵقوڵاوی خودی ئەو کۆمەڵگەیە بێ، بە هیچ شێوەیەک و بە تایبەت بە تیرۆر بنەبڕ ناکرێ و تا دێ پەرە دەستێنێ و بەهێزتر دەبێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە پەیامەکاندا وێڕای ئاماژەدان بە کاریگەریی گوتار و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پەرەسەندنی ئاستی شعووری نەتەوەیی لە ناوچەکانی خوارووی کوردستان (کرماشان و ئیلام) و هەروەها ڕۆڵی کاک مووسا باباخانی لە بەرەوپێشبردنی کاری حیزبی و نیشتمانی لەو شوێن و دەڤەرەی کە بەرپرسایەتیی خرابووە سەر شان، هاتووە کە؛ یەکێک لەو تێکۆشەرانەی کە لە گەیاندنی پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناوچەکانی خوارووی کوردستان و بە تایبەت پارێزگای کرماشان تێکۆشانی بێوچانی هەبوو و جێ دەست و تێکۆشانی دیار بووە، کاک مووسا باباخانی بوو. هەر بۆیە ڕێژیم ئەوی کردە ئامانج و لە کردەوەیەکی ترسنۆکانەی تیرۆریستی‌دا شەهیدی کرد.

تێکۆشەرانی حیزب لە نێوخۆی وڵات لە پەیامەکانیان‌دا وێڕای نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاداری بە ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڵێنیان دووپات کردۆتەوە کە تا دوا هەناسە درێژەدەری ئەو ڕێگا و ڕێبازە بن کە شەهید مووسا و هەموو شەهیدانی کوردستان گیانی پاکی خۆیان بۆ تەرخان کرد.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای سپاس بۆ دەربڕینی هاوخەمی و سەرەخۆشیی سەرجەم تێکۆشەرانی دێموکرات لە ناوخۆی وڵات، داوایان لێ دەکا هەروا بە ورەی قایمی پێشمەرگانەوە لە تێکۆشانی پیرۆزی خۆیان بەردەوام بن. هەروەها سەرجەم ئەو هاوڕێ و هاوسەنگەرانەی کە لە ڕێگای شەهید مووسا باباخانی‌یەوە پێوەندییان بە حیزبەوە هەبووە، ئاگادار دەکەینەوە کە بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەبەستی درێژەدان بە ئەرکی حیزبی و نیشتمانیی خۆیان، لە ڕێگای گونجاوی خۆیەوە پێوەندی بە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتەوە بگرن.

بەو هیوایە هەرچی زووتر بە سەرکەوتنی یەکجارییمان ڕۆحی شەهیدانمان شاد بکەین و ئاواتەکانیان - کە ڕزگاری گەلەکەمان لە ژێر دەستی داگیرکەرانە - وەدەی بێنین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**کۆمیسیۆنی تەشکیلات**

**٢٠ی گەلاوێژی ١٤٠٠**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی سپاس و پێزانینی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لەهەمبەر شەپۆلی هاوخەمییەکان بە دوای تێرۆری شەهید مووسا باباخانیدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**

**حیزب و لایەنە سیاسی و کەسایەتییەکان!**

هەروەک ئاگادارن، شەوی ١٤ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی، ڕێژیمی تیرۆریستی و دژیئینسانیی کۆماری ئیسلامی، لە کردەوەیەکی تێرۆریستیی دیکەدا ڕۆڵەی بەوره و شۆڕشگێڕی نەتەوەکەمان کاک مووسا باباخانی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە شاری هەولێر تیرۆر کرد و بەمجۆرە پەڵەیەکی ڕەشی دیکە چووە سەر کارنامەی پڕ لە جینایەت و تاوانی کۆماری ئیسلامی.

هاوڕێ مووسا باباخانی، ئەندامێکی بەوەجی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە زیاتر لە ٢٢ ساڵ لە ٤٠ ساڵ تەمەنی خۆی، لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا تێکۆشا و لەو ماوەیەدا بەرپرسایەتیی گرینگ و جۆراوجۆری گرتە ئەستۆ و بە سەرکەوتوویی ڕاپەڕاندن. هەربۆیەش شەهیدبوونی مووسا باباخانی خەسارێکی گەورە بۆ حیزبی دێموکراتە و لەدەستچوونی خەم و پەژارەیەکی قووڵی خستە نێو دڵی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیشەوە.

تیرۆری شەهید مووسا باباخانی لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا جارێکی دیکە بووە هۆی وەڕێکەوتنی هاوخەمیی خەڵک، لایەنە سیاسی و کەسایەتییەکان لەگەڵ حیزبی دێموکرات و هاوکات شەپۆلێکی نوێ لە مەحکوومکردنی تاوانە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی هێز و لایەنە کوردستانی و ئێرانییەکاندا بەدواوە بوو. هەروەها حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بە ناردنی دەستەی نوێنەرایەتی بۆ ڕێورەسمی بە خاکسپاردنی تەرمی شەهید مووسا باباخانی لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیزیکـەوەش بەداخبـوون و هاوخەمیـی خۆیـان پێڕاگەیاندیـن. زۆر هێـز و لایەنـی سیاسـی و کەسـایەتیی کـورد و ئێرانییـش بـە بڵاوکردنـەوەی بەیاننامـە و ناردنـی پەیامـی سـەرەخۆشـی، هـاوکات لەگـەڵ دەربڕینـی هاوخەمیـی خۆیـان، بـە توندی کـردەوە تیرۆریسـتییەکانی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران لـە دژی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانیان مەحکـووم کـرد و لـە پەیامەکانیشیان‌دا داوایان لـە حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی کـردووە کـە سـنوور و بەربەسـت لـە بـەردەم چالاکیی دامودەزگا تیرۆریستییەکانی ئەو ڕێژیمە لە هەرێمی کوردستان، عێـراق و ناوچـە دابنێن.

لەگەڵ ئـەو شـەپۆلە بەرینـە لـە هاوخەمییـەکان، ئەندامـان و لایەنگران و دڵسـۆزانی حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە نێوخـۆی وڵاتیـش جگـە لـە پێوەندی‌گرتـن بـە کۆمیسـیۆنی تەشـکیلات بـە مەبەسـتی سـەرەخۆشـی و نیشـاندانی هاوخەمـی، پەیمانـی درێژەپێدان بـە خەبـات و تێکۆشـان هەتـا وەدیهێنانـی ئامانجەکانـی شـەهید مووسـا وەک نوێترین شـەهیدی ڕێگـەی ئـازادی و ڕزگاریـی نەتەوەیـی دووپـات کـردەوە.

دەفتـەری سیاسـیی حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتان، پیزانیـن و سپاسـی گەرمـی خـۆی لەهەمبـەر ئـەو هاوخەمییـەی خەڵـک و هێـز و لایەنـە کوردسـتانی و ئێرانییـەکان ڕادەگەیەنـێ و دڵنیایـان دەکاتـەوە کـە دڵسـۆزی و پشـتیوانیی ئـەوان و هەڵوێسـتی ئینسـانی و نەتەوەیـی و نیشـتمانییان لە ئاست ئەم حیزبە و لـەدژی تیرۆر و تاوانەکانی ڕێژیمی تیرۆریسـتی ئێران، دەکا بە هەوێنی خەبات و تێکۆشـانی شـێلگیرانەتر بۆ کۆتایی‌هێنـان بـە دەسـەڵاتی ڕەشـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران. هـاوکات لەگەڵ شـەهید مووسـا باباخانی پەیمان نوێ دەکەینەوە کە درێژەدەری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێگە و ڕێبازی بین و هەتا وەدیهێنانی ئامانجەکانی کە ڕزگاریی نەتەوەییە و ئامانجی هەموو گەلی کوردن، کۆڵ نەدەین.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهید مووسا باباخانی!

ڕیسوایی و نەمان بۆ ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی!

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**دەفتەری سیاسی**

**۲۱ی گەلاوێژی ۱۴۰۰**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەری مارەکە

عەلی بداغی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژی پێنجشەممە، ١٤ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر تێرۆر کرا. تێرۆرکرانی ئەو ئەندامەی ڕێبەریی حیزب لە کاتێکدا بوو کە حەوتوویەک پێش لەو ڕووداوە لقی ٢ی دادگای تاوانی شاری هەولێر بڕیاری لەسەر ٥ تاوانباری پەروەندەی تێرۆری قادر قادری، فەرماندەی نیزامیی حیزبی دێموکرات دابوو کە ڕەشەممەی ساڵی ١٣٩٦ بە دەستی تێرۆریستە نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کورستان شەهید بوو.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ڕاخستنی دێوجامە توانیی مووسا باباخانی لە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات بستێنێ و ئەگەرچی ئەوە قسەیەکی تاڵە، بەڵام جەوهەری دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمە پێمان دەڵێ لە ئەگەری درێژەکێشانی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا شەهید مووسا دواشەهید و قوربانیی دەستی غەدر و تێرۆر نابێ، چونکی ئاشی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە خوێن دەگەڕێ. ئەم نووسینە ئاوڕێکی لە کارنامەی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران داوەتەوە.

***

تێرۆر هەموو کاتێک بەشێک لە مێژووی سیاسیی مرۆڤ بووە، کەم نیزامی سیاسی بووە کە تێرۆری دژبەرانی خۆی، یان ئەو کەسانەی ئیستعدادی ئەوەیان بووە ببنە مخالیفی بە ئەرکی خۆی نەزانیبێ و ئەوەشی لە پێناو پاراستنی دەسەڵات و سەقامگیریی نیزامەکەی نەکردبێ. بەڵام لە دنیای سەردەمدا ئەو شێوازە بە شتێکی دژەبایەخ سەیر دەکرێ و نیزامی سیاسیی خەڵکی و دێموکڕاتیک زۆر بە دەگمەن پەنا بۆ تێرۆر دێنن.

لەو نێوەدا کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی زۆر بەرین شێوازی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تیرۆری نەیارانی گرتۆتە بەر. نموونەی نیزامی سیاسیی تیرۆریست لە ناوچەدا کەم نەبوون، کۆرەی باکوور، عێراقی سەردەمی سەددام، بەڵام ئەوانە هیچ کام بە دڕندەیی و بە توند و تیژیی وەک کۆماری ئیسلامی نەبوون، ئەوان لە نێو خۆی وڵاتەکەیاندا دژبەرانی خۆیان گرتوە، لە دادگا یان بێدادگاکاندا محاکەمەیان کردوون و ئیعدامیان کردوون. بەڵام لە ئێران سەرەڕای دەستئاوەڵایی ناوەندە ئەمنییەتییەکان و دەزگای قەزایی لە سەپاندنی حوکمی ئیعدام و جێبەجێکردنیان، تەنیا لە دەیەی ٦٠ ڕا هەتا نیوەی دەیەی ٧٠ و هەتا هەراکانی قەتڵە زنجیرەییەکان، لانیکەم ١٨٠ چالاکی سیاسیی دژبەر لە نێوخۆی وڵاتدا تیرۆر کراون.

پێشینەی کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی وەک نیزام و دەسەڵاتێکی سیاسی بۆ پێش دامەزرانی ئەم ڕێژیمەش دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی کە ڕێبەرانی ئێستای ڕێژیم و هێزی دژبەری ڕێژیمی پاشایەتیی پێشوو لە چەکی تیرۆر هەم بۆ تیرۆری دژبەرانی فیکریی خۆیان _وەک ئەحمەد کەسرەوی_ و؛ هەم بۆ تیرۆری کاربەدەستانی سەرووی حوکمەت _وەک عەلی ڕەزمئارا، عەبدولحوسێن هەژیر، حەسەنعەلی مەنسوور، سێ سەرۆک وەزیرانی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی_ کەلکیان وەردەگرت. لە دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی سیاسەتی تیرۆر و تۆقاندن هەم بۆ نەهێشتنی دژبەران و هەم بۆ زاڵکردنی کەشی سەرکوت و، هەم لەپێناو جێبەجێکردنی سیاسەت و ویژمانی «ناردنە دەرەوە»ی شۆڕش! بوو بە نێوەرۆک و بەشی جیانەکراوە لە پێناسە و جەوهەری کۆماری ئیسلامی.

لەو کاتەوە تا ئێستا چوار دەیەیە باڵوێزخانە و نووسینگەکانی نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتان شوێنی دارشتن و جێبەجێکردنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیلانە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمن. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی دوو ساڵ لەوە پێش (١٣٩٩ی هەتاوی) ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەو ٤١ ساڵەدا ٣٦٠ کردەوەی تێرۆریستیی لە زیاتر لە ٤٠ وڵاتدا کردوە. ئەم ڕاپۆرتە کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستانی لەخۆی نەگرتوە کە هەر بەپێی ئامارەکان بەهۆی بۆشایی ئەمنییەتی و دەستئاوەڵایی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٤٠٠ تێکۆشەری سیاسیی کوردی دژبەری ڕێژیم لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی تۆڕ و تیمە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە کوژراون و بە سەدان کەسیش بریندار بوون.

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک ڕێژیمێکی سیاسیی توتالیتێر هەر لە سەرەتاوە ئایدۆلۆژیی پەرەپێدانی ئیسلامی سیاسی_شیعەی کردە گوتاری سیاسی و پراکتیک لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتدا. بۆیەش کۆماری ئیسلامی لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەدا کەوتە دروستکردنی میلیشیای بەستراوە بە خۆی یان پشتیوانیکردن لەو میلیشیا و ڕەوتانەی لە هێڵی سیاسیی ئەودا دەچوونە پێشێ. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا لە پشتی زۆر ڕووداوی تێرۆریستی لە جوغرافیایەکی بەرینی ناوچەیی و جیهانیدا بووە و لە سۆنگەی ئەم کردەوە تێرۆریستییانەوە لەلایەن دەزگای قەزایی زۆر لە وڵاتانی وەک ئاڵمان، بریتانیا، ئیسرائیل، ئەمریکا و ئارژانتینەوە بڕیاری لەدژ دراوە و سەبارەت بە بڕیاردان، جێبەجێکردن، دەستتێداهەبوون و پشتیوانیی لە کردەوە تێرۆریستییەکان مەحکووم کراوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران تێرۆری بە چەکێکی پێویست و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاریگەر بۆ حەزف و لەنێوبردنی نەیارانی خۆی زانیوە. ئەم ڕێژیمە بۆ لێدانی مخالفانی خۆی بەتایبەت لە نێو هێزە پێشکەوتنخواز و مافویستەکاندا تێرۆری لە چەشن و شێوازی جۆراوجۆری خۆیدا بەکار هێناوە. هەوڵدان و پیلاندارشتن بەمەبەستی زەبروەشاندنی فیزیکی لە حیزب و لایەنەکان و کەسایەتییە مخالف و جیابیرەکان کە بە ناوی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ هەموو لایەک ناسراوە، هیچ سنوور و جوغرافیاییەکی نەناسیوە. بەشێک لە کارنامەی تێرۆریستیی ئەم ڕێژیمە بریتییە لە:

## تێرۆری دەیان کەسایەتیی سیاسیی دژبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران

بۆ نموونە: شەهریار شەفیق، کوڕی ئەشرەف پەهلەوی لە پاریس لە ساڵی ١٣٥٨؛ د، عەبدوڕەحمان قاسملو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڤییەن لە ساڵی ١٣٦٨، شاپووری بەختیار، دوایین سەرۆکوەزیرانی ڕێژیمی پەهلەوی لە پاریس لە ساڵی ١٣٧٠؛ فەرەیدون فەڕوخزاد، شاعیر، نووسەر و هونەرمەند لە «بون»ی ئەڵمان لە ساڵی ١٣٧١، د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە «بێرلین»ی ئەڵمان لە ساڵی ١٣٧١ و... .

لە بڕیاری مێژوویی دادگای بێرلین (مێکۆنووس) لە بەهاری ١٣٧٦دا بەڕوونی پەردە لەسەر ئەوە لادرا کە هەموو تێرۆرەکان لەلایەن کۆمیتەیەکی تایبەت پێکهاتوو لە ڕێبەری باڵا، سەرۆککۆمار، وەزیری دەرەوە، وەزیری ئیتلاعات و فەرماندەری سپای قودس (باڵی دەرەوەی سنوورەکانی سپای پاسداران)ەوە بڕیاریان لەسەر دراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیم لە وڵاتانی دی

بۆ نموونە: تەقینەوەی ئامیا لە ئارژانتین لە هاوینی ١٣٧٣؛ زنجیرە تەقینەوەکانی ساڵی ١٣٩١ی بانکوک لە تایلەند؛ پیلانی تێرۆری «عادڵ ئەلجوبەیر»، وەزیری دەرەوەی عەرەبستان لە واشنگتۆن کە لێیان ئاشکرا بوو؛ تەقینەوەی «دێهلی» لە هیند لە ساڵی ١٣٩١؛ کردەوەی تێرۆریستی لە «کێنیا» لە ساڵی ١٣٩١، کردەوەی تێرۆریستی لە بەحرەین» لە هاوینی ١٣٨٤؛ کردەوەی تێرۆریستی لە بەردەم بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شەوی یەلدای ١٣٩٥؛ پەلاماری مووشەکی بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نیزیک کۆیە لە هەرێمی کوردستان لە خەرمانانی ١٣٩٧، تێرۆری زیاتر لە ٦٠٠ سەربازی ئەمریکا لە عێراق و هاوکاریی چڕوپڕی ئەلقاعیدە و هتد.

## چەکی تێرۆر لە دژی بزووتنەوەی سیاسیی کورد

تێرۆریزمیی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتداریی ڕەشی خۆیدا دژ بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەم ڕێژیمە، بەشی شێری بەر بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوتووە. کارنامەی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەر لە تێرۆری سەرگورد حەبیبوڵڵا عەبباسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی شووڕای نیزامیی حیزب لە هاوینی ١٣٥٩ تا هێرشی مووشەکی بۆ سەر کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزب لە قەڵای دێموکرات سێپتامبری ١٣٩٧، ناوی سەدان ڕێبەری ئاستبەرز، کادر، پێشمەرگە و تێکۆشەری ئەم حیزبەی تێدا تۆمار کراوە کە بەرچاوترینیان تێرۆری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوو سکرتێری گشتیی حیزب، شەهیدان دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی یە.

ئامانجی سەرەکی و گشتیی ڕێژیم لەم تێرۆرانە لاوازکردنی بزووتنەوەی مافخوازانە و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بووە و هەیە و بۆ ئەم مەبەستەش حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک لایەنی سەرەکی و شوێندار لەم بزووتنەوەیەدا کراوەتە ئامانج و تا ئێستاش ئەم حیزبە بۆ تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک هەمیشە ئامانجە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا لانیکەم ٤١٧ کەس لە ئەندامان و تێکۆشەرانی ئۆپۆزیسیونی کوردی داوەتە بەر پەلاماری تێرۆریستی کە حیزبی دێموکرات بە بوونی ٣١٥ قوربانی، ئامانجی سەرەکی بووە. جیا لە شەهیدکردنی ئەم ٤١٧ کەسە، لەو کردەوە تێرۆریستییانەدا لانیکەم دەیان کەسی دیکەش بریندار بوون و توانیویانە گیان دەرباز بکەن.

## ئێعدام و کوشتنە سیاسییەکان لە کوردستان

ئەو ئامارەی لە بەشی پێشوودا خرایە بەرچاو تەنیا ئەو بەشە لەو کوشتنە سیاسییانە دەگرێتەوە کە ناوەندە ئەمنیەتی و دەزگای سیخوڕی و تیمە تێرۆریستییەکانی ڕێژیم بە پلان و پیلانی پێشوەختەدارێژراو تێرۆری کردوون، بۆیە دەبێ ئێعدامە سیاسییەکانیش هەر لە ڕیزی تێرۆردا جێیان بۆ بکەینەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا لە کوردستان لانیکەم ١٨٧٠ بەندیی سیاسیی کوردی لە دار داوە کە ٤٦٠ کەس لەوان ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ٣٥٠ کەس

ئەندامی کۆمەڵە بوون؛ سەدان کەس لەو ئێعدامکراوانە مەدەنی بوون و دانیان بە ئەندامەتیی هیچ حیزبێکی سیاسی دانەناوە و ئەوانیتر سەر بە ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستانی و چالاکی سیاسیی کوردی ئەندام لە ڕێکخراوە سەراسەرییەکانی وەک مجاهیدین و چریکی فیدایی و ... بوون.

## ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی، بێ تورموز و نەوەستاو

ئێستا پرسیار ئەوەیە لە کاتێکدا هەر لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی لە حەوت وڵاتی ئورووپایی (دانمارک، هۆلەند، ئەڵمان، نۆرویژ، ئوتریش، فەڕانسە و بێلژیک) سەبارەت بە دەستتێداهەبوون لە چەندین هەوڵی سەرکەوتوو و ناسەرکەوتووی کردەوەی تێرۆریستیدا ناوی هاتۆتە نێو ناوان؛ ئەویش لە کاتێکدا بۆ مانەوەیان لە بەرجامدا خۆی بە ئاو و ئاوردا دەدا و؛ هەروەها لە حاڵێکدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڕەسمی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی خستووەتە لیستی ڕەشی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان؛ ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی بۆچی ناوەستێ؟ هەروەها بۆچی بەشی زۆری داهات و سەرچاوە ماڵییەکانی وڵاتی ئێران لەلایەن دەسەڵاتی حاکم بەسەر وڵاتدا بۆ کردوەی تێرۆریستی و بۆ پاڵپشتی و تەیارکردنی میلیشیا تێرۆریستەکان خەرج دەکرێ؟

وەڵامەکەی ڕوونە: ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لەوە دڵنیان کە تەنیا بە توندوتیژی و سەرکوتی خوێناوی دەتوانن تەمەنی دەسەڵاتەکەیان درێژتر بکەنەوە و تێرۆر لە تەنیشت ئێعدامەکان لە ئایدۆلۆژیای ئەو ڕێژیمەدا بۆ لێدان لە دژبەر و نەهێشتنی هەر دەنگی هەڵبوو کارێکی تابڵێی پیرۆزە و شەرعییەت لە دەقە ئایینییەکانیش وەردەگرێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆیە لە هیچ برگەیەکی زەمەنی و لە هیچ بارودۆخێکدا وەلای نانێن؛ وە ئەوە تەنیا گوشار و بەرەوڕووبوونەوەی شێلگیرانە و ئیرادەی تێکڕای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بەرەی دژەتێرۆرە کە دەتوانێ ئەو ماشێنە سامناکەی ڕێژیم بوەستێنێ. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا ئەزموونی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی سەلماندوویەتی کە «تێرۆر» و «باجئەستێنی» و کردنیانی بە چەکێک لەبەرامبەر وڵاتانی ڕۆژاوادا هەتا ئێستاش بۆ کۆماری ئیسلامی دەسکەوتێکی زۆری بووە. هەر ئەو ئەزموونەش دەریدەخا کە هەڕەشە، شەڕانخێوی و جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمە تەنیا کاتێک لە کەمی دەدەن کە تێچووەکانی بۆ کۆماری ئیسلامی زیاتر لە قازانجی بن، بەڵام هەتا ئەو کاتەی کاربەدەستانی ڕێژیم و نێردراوە تێرۆریستەکانیان قیت و قازاخ لە پێتەختی وڵاتانی ئورووپاییدا بسووڕێنەوە، ئەو سیگناڵە وەردەگرن کە هیچ تێچوویەک بۆ کوشتنی دژبەرەکانیان نادەن. بۆیە ئەمە بۆ وڵاتان هەم دەبێ ئەرک و پرەنسیپێکی ئەخلاقی بێ و هەم ئەشێ بەرژەوەندیی خۆیانی تێدا ببیننەوە کە چیدی لە پشت ڕێژیمێکی تێرۆریستدا نەوەستن. ئەویش ڕێژیمێک کە هەتا دێ پتر دەکەوێتە بەر ڕق و بێزاریی خەڵکەکەی و نە لەنێو خۆی وڵاتدا هیچ شەرعییەتێکی هەیە و نە لە نێو هاوکێشەکانی کۆمەڵگەی جیهانیدا دەتوانێ ڕۆڵێکی بۆ سەقامگیری و ئاشتی هەبێ، بگرە پێچەوانە و وەک هەمووان دەزانن هۆکاری زۆربەی قەیران و بشێوییەکانیشە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




خەزەڵوەری ١٣٩٨ - کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکرات



خەزەڵوەری ١٣٩٨ - کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکرات

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەرنامەی «ساتێك لەگەڵ پارێزەرانی نیشتمان» لەگەڵ شەهید مووسا باباخانی

**دیمانە: کەریم فەرخەپوور**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**کاک مووووسا دەکرێت بە کورتی خۆت بە بینەرانی کوردکانال بناسێنیت؟**

مووسا باباخانیم، ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی، لە گوندێک بە ناوی «کۆڵە» لە ناوچەی ئاژوان سەر بە شاری کرماشان لەدایک بووم، تا دیپلۆم هەر لەو ناوچەیە دەرسم خوێندووە. دوای ئەوەش هاتووم بۆ نێو حیزبی دێموکرات و بوومەتە پێشمەرگە.

**دەمەوێ لەوەوە دەست پێ بکەم کە چۆن حیزبی دێموکراتت ناسی یان لە کەیەوە ناسیت؟**

بە حوکمی ئەوەی کە ژینگە کاریگەریی زۆری لەسەر شکڵگرتنی مرۆڤ دەبێت کە گرایشت بە لای چ ڕەوتێکی سیاسییەوە هەبێت، چ بیرێکی سیاسیت هەبێت یان لەگەڵ چ حیزبێکی سیاسی بکەویت. بە حوکمی ئەو جوگرافیایە کە من لەوێ لەدایک بوومە وەکوو شوێنی چالاکی هەر حیزب دێموکرات بوو، وەکوو کەسایەتیش کە زۆر ناوی هەبوو ئەو کاتە و ئێستاش ناوی کاک «شاپوور فیرووزی» هەر هەبوو، بەهەرحاڵ شوێنێک بوو وەکوو حەوزەی جوگرافیایی هێزی «بێستوون» بوو کە کاک شاپوور فەرماندەیی دەکرد، ئیتر ئێمە خزم و کەسوکاریشمان پێشمەرگە بوون و بیر و بۆچوونمان لەگەڵ حیزب دێموکرات و پێشمەرگایەتی بوو. ئەوە وەکوو پێکهاتنی کەسایەتیی مرۆڤ بوو لە ڕەوتە سیاسییەکە کە چۆن هۆگریی بە لای ئەو ڕەوتە سیاسییەدا پەیدا بکەی کە کاریگەریوەرگرتن لە کەسان و دەورووبەر بێت. شتی دیکەش کە من خۆم هاتمە دەبیرستان (قوتابخانەی قۆناغی ناوەندی) لەگەڵ برا و کۆمەڵێک خەڵک بوون کە هۆگرییان بەلای حیزبی دێموکراتەدا هەبوو، زیاتر خەڵکی ناوچەی دینەوەر و لەک بوون و کۆمەڵێک لاو بووین کە گرایشمان بەلای حیزبی دێموکراتدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەبوو. ئیتر خۆم لە نەورۆزی ١٣٧٨ی هەتاویدا بڕیارم دا بێمە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستان.

**کاک مووسا ئەگەر کەمێک بگەڕێمەوە بۆ دواوە، لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو شێوەیەی کە پێویست بوو، نەچووە خوارووی کوردستانی ئێران، دوای شۆڕشی گەلانی ئێران پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ناوچەیە واتە پێش ئەوەی کە بێی بۆ پێشمەرگایەتی، چۆنت دەدی؟ چۆنت هەڵدەسەنگاند و خەڵک چەندە لایەنگری حیزبی دێموکرات بوون؟**

باسی سەردەمی کۆماری کوردستانت کرد، بەهەرحاڵ هەر مەوزووعێکی مێژوویی دەبێت بەپێی پێوەری خۆی قسەی لەسەر بکەی. ئەوەی کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا حیزبی دێموکرات نەچووە بۆ خوارووی کوردستان، نەیانهێشتووە بڕوا. ئەوەی کە نەهێڵن کارێک بکەیت تا ئەوەی کە خۆت نەیکەیت شتێکی جیاوازە. ئەوەش لەبەر دامەزراوەی نەوەت و ستراتیژیبوونی ئەو ناوچەیە بووە کە دوکتۆر قاسملوو هەر لە کتێبی «٤٠ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا» باسی دەکات، چونکە ناوچەکانی خوارووی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ئەمریکا و بریتانیادا بوون، کۆماری کوردستان لەژێر کاریگەریی ڕووسەکاندا بوو، نەیانهێشتووە بەرەو ئەو ناوچانە بڕوات چونکە دامەزراوەی نەوەتی هەبووە. دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، بەهەرحاڵ هەر قۆناغێک تایبەتمەندیی خۆی هەبووە. بزووتنەوەی ئێمە و بەتایبەت حیزبی دێموکرات کە پێڕەوی ئەو خەباتە بووە، ڕاگەیاندنێک نەبووە، ڕادیۆ هەبووە بەڵام ڕادیۆ زیاتر ناوچەیی بووە و کاریگەریی زۆری نەبووە کە تەواوی ناوچەکانی کوردستان بگرێتەوە و بتوانێت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاریگەری لەسەر پێکهاتنی کەشوهەوا سیاسییەکەی دابنێت. دوای ئەوەش شەڕی ئێران و عێراق دەست پێ دەکات کە ئەوەش خۆی هۆکارێکە بۆ پێشگرتن بە نفووزی حیزبە کوردییەکان لەو ناوچەیە و بەتایبەت بەشێک لەو پارێزگایە کە لەدەست ئەرتەشی عێراقدا بووە. ئیتر خەڵکەکە زیاتر لە حاڵەتی بەرگری و ئاوارەییدا بوون تا ئەوەی کە ببنە پێشمەرگەی حیزبە کوردییەکان. هەر بەو شێوەیە لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا عەرزتانم کرد، ئەو کاتە کە من لەوێ بووم لە دەیەی ٧٠ بەولاوە، کاری فەرهەنگی و مەدەنی لە کرماشان دیسان بووژابوویەوە. لەلایەن کۆمەڵێک خوێندکار، کۆمەڵێک خەڵک کە بەڕاستی دڵسۆز بوون، واتە پێشیان لە مردنی ئەو پارێزگایە گرت، بەتایبەت لەناو شاری کرماشان پێشیان لەوە گرت کە پرۆسەی ئاسیمیلاسیۆن سەرکەوێت. کاری ئەوانە جێگەی دەستخۆشی و جێگەی ڕێزە. ئەمەش بەپێی ناوچە کەوتووە، کرماشان نە ئاینێکی یەکدەستی تێدایە، نە شێوەزارێک یەکدەستی تێدایە، بەڵکوو جۆراوجۆری شێوەزاری و ئایینی تێدایە. هەمووی کوردی پارێزگاکە جیا لە سونقور کە بەشێکی تورکە و باقیی پارێزگاکە هەمووی کوردە، بەڵام بەپێی هەڵکەوتە ئەو بافت و پێکهاتە مرۆییەکە لەوێ هەیە، کاریگەری و هۆگری خەڵکی هەر ناوچەیەک بەلای حیزبێکەوەیە کە وەکوو وێژمانی نەتەوەیی لەو ناوچانە شتێکی باش بوو.

**باسی وێژمانی نەتەوەییت کرد، هەمیشە چ دەوڵەتی شا و چ ڕێژیمی ئیسلامی ویستوویانە لە هەستی ئایینی بۆ دوورکەوتنەوە یان دابڕانی خوارووی کوردستان بەتایبەتی کرماشان، لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کوردستان کەڵک وەرگرن، ئەو هەوڵانەی ڕێژیمی ئیسلامی چەندە کاریگەری هەبووە بۆ دوورکەوتنەوەی**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خەڵک لە حیزب و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان؟**

ئەوە لە سەردەمێکدا کە بۆ یەکەمجار دەوڵەتی مۆدێرنی ئێرانی دروست بوو، واتە لە ساڵی ١٣٠٤ی هەتاوی، نیزیک بە ٩٥ ساڵ لەوە پێش، ئەوە سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن، سیاسەتی فەرمیی ئەو ڕێژیمانە بووە. هەندێک ناوچە هەبووە بەهەرحاڵ کێشەیان لەسەر بووە لە ئێران، کێشە لای ئەوانە ئەوە بووە لەو شارانە و لەو ناوچانە کە ناوەندی سەرەکیی ئەو کەمینانەیە، کەمینە بە مانای ئەوە کە لە ئاستی ئێراندا کەمینەیە بەڵام لە ناوچەی خۆیاندا زۆرینەن، هەوڵیان داوە جوگرافیای مرۆییی ئەو ناوچانە بگۆڕن، وەکوو ئەهواز، ورمێ و کرماشان کە کاری زۆریان لەسەر کردووە. ئەو ناوچەیە هەندێک تایبەتمەندیی هەبووە، یەکێک لەوان هەڵکەوتنی لەسەر ڕێگای تاران- بەغدایە، نیزیک عێراقە و خەڵکی فارسزمان هاتوون و لەوێ ماونەتەوە بۆ ئەوەی کە نیزیک بە شارە ئایینییەکانی عێراق بووە و ماونەتەوە و نەڕۆیشتوونەتەوە بۆ شارەکەی خۆیان و ڕێژیمەکانیش کاریان لەسەر کردووە. بەهەرحاڵ ئەو دوژمنە. مەسەلەی خاک و نیشتمان چەندە بۆ ئێمە گرینگە، ئەوەندەش بۆ ئەوان گرینگە. بە دەیان ناوەندی تەبلیغاتی، پڕوپاگەندە، ئەمنییەتی، ئیتلاعاتی و نیزامی کاریان لەسەر ئەو ناوچەیە کردووە کە سیمای کوردستانیبوونیان لێ بسڕنەوە، بەڵام ئەوەی کە ئێستە دەیبینی بابەتێکە زۆریش گرینگە کە لە خوارترین شوێنی کوردستانی ئێران واتە ئیلام، لاوی ١٧ ساڵە دێت بۆ نێو حیزبی دێموکرات، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو سیاسەتەی ئەوانە سەرکەوتوو نەبووە و شکستی خواردووە بەڵام شکست بە مانای ئەوە نییە ڕایانگرتبێت، ئەوان درێژە بە سیاسەتی خۆیان دەدەن. کە نموونەی ئیلام دێنمەوە، بەهەرحاڵ کرماشانیش زۆر زۆر فەرقی کردووە، فەرقەکەش ئەوەیە کە ئێستە ئەو ویژمانی نەتەوەیییە، ویژمانی زاڵە لەو پارێزگایە و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێژیمش خۆی باش ئەو بابەتە دەزانێت.

**ئەگەر بگەڕێینەوە سەر هاتنت بۆ پێشمەرگایەتی، چۆن بوو بڕیارت دا ببیە پێشمەرگە، بۆ لە ناوخۆ نەدەمایەوە، بۆ ئەوەی لەوێ کاری حیزبی یان کاری سیاسی بکەیت؟**

کاک کەریم عەرزم کردی، ئەو بابەتەی خۆم هی ٢٠ ساڵ تا ٢٥ ساڵ لەوە پێشە، بابەتێکە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئەو کات لە دەبیرستان مرۆڤ لە تەمەنی ١٧ تا ١٨ساڵی بڕیار بدا، جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەوەی کە لە تەمەنی ٣٠ یا ٣٥ و ٤٠ساڵیدا بڕیار بدات، ئیتر ئەو کاتە من خۆم تەواو بڕیارم دابوو کە بێم بۆ ناو ڕیزی پێشمەرگایەتی و زۆر بەدوای ئەو بابەتەش دەکەوتم لەو شارانەی دەوروبەر لەگەڵ دۆستەکانم، واتە وەکوو خولیایەک بوو. هەرچەندە لەو ناوچەیە دەرسەدێکی کەم دێن بۆ پێشمەرگایەتی بەڵام خەڵکێک هەن کە ئەو کەشوهەوایەیان پێ تەحەمول ناکرێت، من ئەوەم پێ تەحەمول نەدەکرا بەڕاستی. دەچوویە سەر شەقام خەڵکت دەدی لەگەڵ ڕێژیمدا بوون، یان بابەتی دیکەت دەبینی، من ئەوەم پێ تەحەمول نەدەکرا. تەنانەت لە دەبیرستان ئەگەر مامۆستاکەم چووکترین هۆگریی بەلای ڕێژیمدا هەبووایە من پێم تەحەمول نەدەکرا. دەمزانی ئەگەر بمێنمەوە لەوانەیە تووشی کێشەیەک بم.

**پێش ئەوەی کە بێی بۆ پێشمەرگایەتی، کە باسی پێشمەرگایەتی دەکرێت، باسی سەختی و ناخۆشی و شەڕ و کوژران و برینداربوون و هەموو ئەوانە دەکرێت، پێت وابوو وەکوو گەنجێک، دەتوانی ئەو سەختییەی کە باس دەکرا تەحەمولی بکەیت. واتە ئەوەی کە باسی پێشمەرگە و باسی سەختییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتیی دەکرا؟**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

من خۆم لە ئێران بووم سەختی ژیانم نەدیبوو. چونکە تەمەنیشم زۆر نەبوو ژیانێکی ئاسوودەم هەبوو. بەڵام بابەتێک کە مرۆڤ هان دەدات لە بەرانبەر کێشەکاندا بوەستێ، مەسەلەی بیروباوەڕە. مرۆڤ بیروباوەڕی هەبێت، متمانەی بە خۆی هەبێت کە دەتوانێت بۆ نەتەوەکەی خەبات بکات، بەهەرحاڵ ئەوە دەبێتە بناغەیەک بۆ ئەو کەسە کە بیر لەوە بکاتەوە لە بەرانبەر کێشەکاندا ڕاوەستێ. بتوانێت لەبەرانبەر ئەو کێشانەدا هەر درێژە بە خەباتی خۆی بدات و چۆک دانەدات.

**ئەو کاتەی کە هاتی بۆ پێشمەرگایەتی، ئەو چاوەڕوانییەی کە هەتبوو لە حیزبی دێموکرات بەو شێوەیە وەرگیرای؟ واتە چ پێشوازیەکت لێ کرا؟**

من لە ئێراندا هەر پێشمەرگەم نەدیبوو، هەر لە خەڵکم بیستبوو. ئەو کەشواهەوایەی ئەویش کە مرۆڤ کەشوهەوایەک لە مێشکی خۆیدا دروستی دەکات بەنیسبەت پێشمەرگایەتیی لەگەڵ ئێرە بە تەواوەتی جیاوازە. هەرچەندە ئەو ساڵانەی کە من هاتم بوونی پێشمەرگە بەنیسبەت دەیەی ٦٠ و سەرەتای دەیەی حەفتا نەبوو. هەر بۆیە مرۆڤ لەوێ بە شێوەیەکی دیکە بیر دەکاتەوە. بەڵام بیرکردنەوەکە بە مانای ئەوە نییە کە هاتیتە ئێرە، ئیتر کاریگەریی نەرێنی لەسەر بیروباوەڕەکەت دابنێت. بەهەرحاڵ هەر مرۆڤێک هەستی هەیە، ئەوە شتێکی ئاساییە، مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و پێویستی بە ئێحساس هەیە. بەڵام ئەو شوور و هەستە کە هاتیتە ناو مەیدان و بە کردەوە چوویە نێو حیزبی سیاسییەوە، زیاتر عەقڵ بڕیار دەدات کە چۆن خۆت لەگەڵ بابەتەکان بگونجێنیت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**سەرەتا کە دێی بۆ پێشمەرگایەتی دەچی بۆ دەورەی فێرگە، دوای دەورەی فێرگە لە کوێوە دەستت پێ کرد، لە چ ئۆرگانێک ژیانی پێشمەرگایەتی و ئەرکی پێشمەرگایەتیت بەجێ گەیاند؟**

کە دەورەم تەواو بوو، ئەو کاتە کۆمیتەی ئەمنییەت دوو هێزی هەبوو، هێزی سامرەند و هێزی پارێزگاری، من بەگشتی پێنج ساڵ لەوێ بووم (هێزی پارێزگاری و هێزی سامرەند) ئیتر دوای ئەوە، هاتوومە ڕاگەیاندن و تاکوو ئێستە هەر لە خزمەتی ئێوەدام و هەر لە ڕاگەیاندن کارم کردووە.

**سەرەتای کاری ڕاگەیاندنت چۆن دەستی پێ کرد و لە کوێوە دەستی پێ کرد؟**

هاتمە چاپەمەنی، لە چاپەمەنی هەم تایپم دەکرد، هەم بەشی فارسی ڕۆژنامە کوردستانیشم مۆنتاژ دەکرد.

**دواتر چۆن بەردەوام بووی لەسەر کارەکەت یان چۆن چوویە پێشی لە کارە پێسپێردرا و ئەرکەکانت لە کاری ڕاگەیاندندا؟**

من بۆخۆم هۆگریم بە خوێندن هەر هەبووە، چ ئەو کاتە لە ئێران بووم، چ ئەو کاتەی لێرە بووم، بۆیە کە هاتمە ڕاگەیاندن لەگەڵ هێزی پارێزگاری جیاوازیی هەبوو. ئیتر ژینگەکەی ئەوەیە و لەگەڵ ئۆرگانێکی دیکە جیاوازیی هەیە و هەر کارێکت هەبێ لەگەڵ فیربوونداسەروکارت هەیە. منیش کارم درێژە دا تاکوو دوایی چوومە تەلەفزیۆن و لە تەلەفزیۆن کاری دیکەشم کردووە، نیزیک ١٤ تاکوو ١٥ ساڵە لە تەلەفزیۆن کار دەکەم، پێشکەشکاریم کردووە، دیکۆمێنتی زۆرم ئامادە کردووە، لەگەڵ هاوڕێیانی پێشمەرگە بەرنامەی زۆرم کردووە کە وەکوو دیکۆمێنت بووە. هەوڵم داوە خۆم وەکوو ئەوەی کە ویژدانم ڕاحەت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێ، دەبینێکم هەبوو بەنیبسەت حیزب و بەنیسبەت میللەتەکەمەوە، ئەو دەینەی خۆم ئەدا کەم. بۆ نموونە کەسانێک کە من شتی ڕاگەیاندن لەوانەوە فێر بووم، وەکوو شەهید «سەلاح نادری» بوو، بەڕەحمەت بێت کاک «تەیفوور بەتحایی» بوو کە ماوەیەک لەوە پێش فەوەتی کرد. ئەوانە کەسانێکی خیبرە بوون، بەڕاستی مامۆستا بوون. دوای ئەوەش خۆم بەردەوام هەوڵم داوە ئەگەر شتێک لە جانتامدایە و شتێک دەزانم فێری خەڵکی بکەم. دەورەی پێشکەشکاریم بۆ خەڵک کردووەتەوە، هەوڵم داوە و چیم لەدەست هاتبێت دریغیم نەکردووە بۆ  ئەوەی هاوڕێ و هاوسەنگەرانم شت فێر بن. کەسایەتیی مرۆڤ بە کارەوە شکڵ دەگرێت، ئەوەش کاریگەریی لەسەر کەسایەتیی ئەو کەسانە هەیە، بەڵام مەسەلە ئەسڵییەکە هەر ئەوەیە کە عەرزم کردن، ئەداکردنی ئەو دەینەیە واتە خزمەتکردن بە نەتەوەکەت.

**ئەو چەند ساڵەی کە کارت کردووە، بۆخۆت پێت وایە لە کاری ڕاگەیاندندا چەندە سەرکەتوو بووی؟**

مەسەلەی ڕاگەیاندن وەکوو شتێکە ژینگەی کارەکامانە، ئەو ڕاگەیاندنەی ئێمە کە کوردکاناڵە، هی حیزبی دێموکراتە و ئێمەش لە وڵاتی خۆماندا نین، واتە ئەو شتەی کە تۆ خەباتی بۆ دەکەیت لەوێدا نییە و ڕاستەوخۆ ناتوانی شتەکان بگوازیتەوە و بچیتە نێو خەڵک بزانی بازدەهی کارەکەت چۆنە. خەڵک چەندە ڕازین لە کارەکانت چەندە ڕەخنەیان هەیە. بەڵام بەهەرحاڵ دروستە ئێمە کە لە وڵاتی خۆماندا نین هیچ پردێکی پێوەندیی نەبێت. پێوەندیی زۆرمان لەگەڵ خەڵکدا هەیە، ئیتر ئەوە خەڵک دەزانن، بینەران دەزانن کە بەرنامەکانت چەندە سەرکەوتوو بوون. بەهەرحاڵ تۆ بەرنامەیەک دەکی کە خەڵک پێیان خۆش بێت، هەندێک بەرنامە هەیە وەکوو دیکۆمێنت و موستەنەد. ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرنامەیەی کە بەڕێزت لەگەڵ هاوسەنگەرانی پێشمەرگەدا دەیکەی، خەڵک زۆر هۆگریی ئەو بەرنامانەن منیش زۆر لەو بەرنامانەم کردووە، جیا لە خەڵکی ئاسایی چونکە بۆچوونی خەڵکی ئاسایی جیاوازە لەگەڵ کەسانی تایبەتی و من ئەو شتانەم کردووە. زۆر جار لەگەڵ کاک «تەیفوور بەتحایی» هاوفکریم دەکرد لەگەڵ کەسانی دیکەش هاوفکریم دەکرد چ لە کوردستان بێت چ لە دەروە بۆ ئەوەی شتێکی پرۆفیشناڵ بێت، شتێکی سەرنجڕاکێش بێت، ئەوە وەکوو لایەنی بۆچوون و داخوازی خەڵکە. وەکوو ڕای خۆشم، مرۆڤ دەبێت بەرگری لە ڕای خۆی بکات بەڵام، بەهەرحاڵ تۆ هەر کارێک دەکەیت بوونی خۆتی لەسەر دادەنێی، کاتی خۆتی لەسەر دادەنێی. تەلەفیزیۆن بەڕاستی کاتی مرۆڤ دەکوژێت. خۆم ڕازیم لە کارەکانم. دروستە هەر ئەوەی لە وڵاتەکەی خۆماندا بوایەین باشتر و چاکتر و موفیدتر دەمانتوانی خزمەت بە کۆمەڵگە بکەین، کێشەکانی کۆمەڵگە بگوازینەوە، بەڵام چونکە ژینگەی خەباتی ئێمە لە وڵاتی خۆماندا نییە ئەوە کێشەی بنەڕەتی ئێمەیە. بەڵام بەگشتی من پێم وایە لەو کارەدا سەرکەوتوو بوومە.

**ئەوەی کە بەڕێزتان فەرمووت ڕاستە، مرۆڤ ئەگەر لە وڵاتی خۆی نەبوو و ئازاد نەبوو بۆ کاری ڕاگەیاند ڕەنگە زۆر زەحمەت بێت بۆ بەڕێوەبردنی کارێک کە پێت دەسپێرن لە تەلەفیزیۆن لەبەر ئەوەی کە دووری یان شتەکان هەر لە ڕێگەی پێوەندییەوەیە و ڕاستەوخۆ لەنێو خەڵکەکەدا نیت، بەڵام ئەوەی کە چ وەک کادری حیزبی و چ ئێستە کە ماوەیەکە ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی و پێوەندیت هەیە لەگەڵ خەڵک لە ناوخۆی وڵات و بەتایبەتی لە کرماشان، پێت وایە لەوێ تەلەفزیۆنی کوردکاناڵ**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**چەندە کاریگەری لەسەر هەستی خەڵک هەیە؟**

چونکە تۆ لەناو وڵاتی خۆتدا نیت، ناتوانی بچی نەزەرسەنجی بکەی هەتا بزانی چۆنە. ئێستە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوردکاناڵ ڕەقیبێکی وای نییە. خەڵک پێیان خۆشە سەیری تەلەفزۆنێک بکەن کە هی خۆیان بێت، خەڵک خۆیانی تێدا ببینەوە. ئەوە زۆر گرینگە تۆ لە حیزبێکدا بیت لە تەلەفزۆنێکدا بیت سەیری شتێک بکەی کە خۆتی تێدا ببینیەوە، ئەو شتەی کە تەعەلوقی بە تۆ هەیە لەو تەلەفزیۆنەدا بیبینیتەوە واتە لە باری فکرەوە بێ، لە بارەی باسی زار و ناچەوە بێ و ئەو شتانەی کە پێوەندی بە تۆ هەیە لەگەڵ ناوچەکەت. ئێستە ئێمە لە کوردکاناڵ بە خۆشییەوە، هەوڵمان داوە تا ڕادەیەک بە هەموو شێوەزارەکان بەرنامەمان هەبێت کە ئەوە خۆی کاریگەری هەیە بۆ ئەوەی ڕادەی بینەرانی کوردکاناڵ لە ئاستی سەرەوەدا بێت. ئەمە ئیغراق نییە ئەگەر بڵێم کەم ناوچە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیەکە بە قەت کرماشان بینەری کوردکاناڵی تێدا بێت. من پێوەندییەکی بەربڵاوم لەگەڵ خەڵکدا هەیە، بینەری چاکی هەیە لەو ناوچانە.

**کاک مووسا ببوورە شتەکە ئاوا باس دەکەم، خۆت دەزانی شێوەزاەکە جیاوازە، ئەو شێوەزارە کە ئێوە قسەی پێ دەکەن، لەگەڵ شێوەزاری موکری کە تەلەفزیۆنی پێ بەڕێوە دەچێ جیاوازە، ئایا ئەوە هیچ بەربەستێک نییە بۆ ئەوەی کە خەڵک سەیری نەکات، کێشەیەک هەیە بۆ ئەوەی کە بینەرانی ئەو تەلەفزیۆنە لێی تێ نەگەن؟**

کاک کەریم دەکرێت شتەکە بەتەما نەکەینەوە، شتەکان دابەش بکەین. مەسەلەن ئێستا بەرنامەی «هەواری پێشمەرگە» لە هەموو ناوچەکانی کوردستان سەیری دەکەن. ناوەڕۆکی بەرنامەش پێوەندی هەیە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە چەندە خەڵک سەیری دەکەن. تۆ لەوانەیە بە شێوەزاری خۆت بەرنامەی پێشکەش بکەیت لاواز بێت و خەڵکی ناوچەکەی خۆشتان سەیری نەکەن.

**مەبەستم ئەوە بوو  کە ئایا شێوەزار هیچ کاریگەرییەکی هەیە؟**

سەدا سەد کاریگەریی هەیە، خەڵک پێیان خۆشە بە شێوەزار خۆیان قسەیان لەگەڵ بکەیت. لەو بارەوە لە کرماشان زۆر بە ئێمە دەڵێن. زۆر هەوڵمان داوە لە کوردکاناڵ ئەو شێوەزارەی کە باوە لە کرماشان هەر ناوێکی لەسەر دانێن، ئەو ناوچەیە شێوەزار خوارین بێت یا کەلهوڕی، زۆر جار ئەو بەرنامانەی کە من پێشکەشیان دەکەم و بەرنامەی لەکیشمان هەیە. بەهەرحاڵ بەشێک لە خەڵکی ئەو ناوچەیە بەو شێوەزارە قسە دەکەن ئەوە کاریگەریی هەبوو لەسەر بیروبۆچوونی ئەو خەڵکە بۆ ڕاکێشانیان بۆ لای کوردکاناڵ، بۆ لای پرسی کورد  و حیزبی دێموکرات وەکوو عەرزم کردی؛ خەڵک پێیان خۆشە بە شێوەزاری خۆیان قسەیان لەگەڵدا بکەی. تۆ پەیامێکت هەیە وەکوو حیزبی دێموکرات دەتەوێت ئەو پەیامە بگەیەنی بەو خەڵکە و بە شێوەزاری خۆی قسەی لەگەڵ بکەیت، بێگومان کاریگەریی هەیە.

**کاک مووسا ئەو ماوەیە کە لە تەلەفزیۆنی کوردکاناڵی، لێرە کار دەکەی، چەند بەرنامەت بەڕێوە بردووە مەبەستم ئەوەیە بەرنامەکانت چی بوون. ئێستە بەرپرسی بەشی بەرهەمهێنانی لە تەلەفزیۆن، پێشتر کارەکانی دیکەت چی بوون؟**

کاک کەریم بەرنامەی زۆرم کردووە، ئێستە ناوی هەموو بەرنامەکانم لەبیر نییە، من پێش ئەوەی کە بێمە کوردکاناڵ لە تیشک تیڤی کارم دەکرد و بەرپرسی بەشی بەرهەمهێنانی تیشک تیڤییش بووم. لەوێش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرنامەی زۆرم هەبوون بەڵام لە کوردکاناڵ بە دەقیقی نازام بڵێم چەند بەرنامەم هەبوو.

**مەبەستم ئەوەیە چ بەشێکت بەڕێوە بردووە؟**

هەر لە بەشی بەرهەمهێناندا بووم.

**ئەگەر ئێستا لە کاک مووسا پرسیار بکرێت مەسەلەن ئەو کاتەی کە لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووی و ئەو کاتە حیزب تەلەفزیۆنی نەبوو یا ئێستە کە تەلەفزیۆنی هەیە و دەنگی حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆرتر بە گوێی خەڵک دەگات، بە هۆی ئەو پێوەندییانەی کە بەڕێزت لەگەڵ خەڵک هەتانە ، جیاوازیی چەندە و حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵکی کرماشاندا چەند بەرەو پێش چووە؟**

کاک کەریم لەگەڵ ٢٠ تا ٢٥ ساڵ پێش بەراوردی ناکەم، هەر لەگەڵ ٥ ساڵ لەوە پێشدا بەراوردی دەکەم. ئێستا پردی پێوەندی ئەوەندە زۆرە. ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە بەتایبەت تێلگرام و ئینستاگرام هەر کامە کاری ماهوارەیەک دەکەن. ئێستە کە نیوەی ڕێژەی خەڵکی ئێران زیاتر لە چل میلیۆن کەس لە تێلگرام کەڵک وردەگرن. تۆ لە هەموو ماڵێکدا هەی. وەک دەڵێم لە هێندێک ناوچە لاوی ١٧ ساڵ و ١٨ ساڵ دێتە بۆ ناو حیزبی دێموکرات کە ناوچەکەیان هەر پێشمەرگەی نەدیوە، نە شەڕی تێدا کراوە و نە پێشمەرگەیان دیوە. بەڵام ئێستە خۆیان دەگەڕێن بەدوای ئەوە بابەت و بە شێویەیکی نایاسایی دێت بۆ ئێرە، تەمەنیشیان کەمە و لەوانەیە پاسپۆرتیان نەبێت، ڕێگەی سەخت و دژواریش دەگرنە بەر تاکوو دەگەنە ئێرە. ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو فکرە لەنێو کۆمەڵگەدا هەیە و وێژمانی زاڵە لەوێ. چۆن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشتر حیزب و لایەنە ئێرانییەکان، حیزبە سەرانسەرییەکان وەکوو موجاهیدینی خەڵک و... هەبوون ئێستا حیزبی دێموکراتی جێگەی ئەوانەی گرتووتەوە، ئەوە ئیغراق نییە. بەڵام هەندێک بابەت هەیە کە دەبێت هەلومەرجێکی ئاسایی دروست بێت کە تۆ هێز و دەسەڵاتی خۆت نیشان بدەیت.

هەر بۆ نموونە لە خەزەڵوەری ٩٨ ئەو خۆپێشاندانە کە کرا، کرماشان یەکێک لە ناوەندکانی ئەو خۆپیشاندانە نارەزایەتییانە بوو لە ئاستی ئێراندا. ئێمە لە زۆر شوێن بەشێکی هێزی خۆمان نیشان داوە، تەنانەت ئەگەر هێڵی ئینترنێت نەپچڕابا، دەمانتوانی کاری زۆر گەورەتریش لەو ناوچانە بکەین. هێز هەیە، هێزی تەشکیلاتی هەیە کە هی حیزبی دێموکراتە و هی کەسێکی تایبەت نییە. ئێستە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستان (حدک) لە کرماشان، بەهێزترین ڕێکخراوەی تەشکیلاتیمان هەیە، لە هەموو ناوچەکان. گۆڕانکارییش لە ئێراندا دەکرێت، ئەگەر گۆڕانکاری کرا و هەلومەرجی ئازاد هاتە پێش وەزعی نێو کۆمەڵگە خۆی نیشان دەدات، ئەو کاتە تۆ دەتوانی هێزی تەشکیلاتی خۆت نیشان بدەیت و دەزانی کە لەناو خەڵکی و تایبەت و لەناو خەڵکی ئاساییدا چەندە نفووزت کردووە.

**لەسەر چ ئەساسێک باسی ئەو هێزە تەشکیلاتییەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەیت لەچاو هێزەکانی دیکە؟**

هەندێک شتی تەشکیلاتی بۆ وتن نابێت. بەڵام لەوە دڵنیا بە هەر حیزبێک کاری ڕاگەیاندنی هەبێت، کاری تەشکیلاتی هەبێت، شتی تەبلیغاتی هەبێت. بە سەرنجدان بە ڕاگەیاندنی حیزبەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەلەفزیۆن هیچ کام لە ڕۆژهەڵات بە ئەندازەی ئێمە نفووزیان نییە لەو ناوچانە. من وەکوو وێژمانەکە دەڵێم ئەوە شتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەنێو خەڵکدا هەیە، بەهەرحاڵ ئێمە ڕامانسپرادووە بە خەڵک دەچن توێژینەوەی مەیدانی دەکەن، لە مەریوان، سنە، کامیاران، کرماشان، ئیلام، کەسانێک دەچن لە زانکۆکان ئەو وەڵامانە کە بۆ ئێمە دێنەوە، حدک و وێژمانەکەی بڕەوی زیاترە هەتا حیزبەکانی دیکە.

**کاک مووسا کە وەکوو پێشمەرگە چوویەوە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو کاتانە کە گەنجێک بووی، هیوا و خولیات ئەوە بوو ڕۆژێک چەک لە شان ببیە پێشمەرگە و دژی دوژمنەکەت شەڕ بکەیت، ئەو کاتە کە بە چەکەوە چوویەوە نێو خەڵک وەک لاوێک چ هەست و غروورێکت هەبوو؟**

یەکەم جار کە ڕۆیشتمەوە، لە سەردەشت لە ڕێگەیەکەوە چووینەوە ئەو بەرەوە، لەوانەیە تەڵقین بێت، ئێحساس بێت، بەڵام هەستت دەکرد هاتویتە وڵاتی ترەوە، با ئێرەش کوردستان بێت، بەڵام وڵاتی ئەسڵی سەرەکی ئێمە ئەوێیە کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین. شتەکە بەتەواوی بۆخۆت هەستت پێ دەکرد کە چەندە جیاوازە لەو شوێنەی کە هەستای و چوویتەوە، تۆ نازانی چ وشەگەلێک بەکار ببەیت. کە لەوێ ئەو خەڵکەت دیوە ئەو پێشوازیەت لێ دەکەن. تۆ بیستووتە کە دەڵێن خەڵکی فڵان ناوچە ئاوا حیزبین. حوزووری چوویتەوە ناو خەڵک، هەڵسوکەوتیانت بینی و پێشوازیی خەڵکت لە پێشمەرگە بینی، ئیتر ئەوە شتێکی دیکەیە.

**پێشوازی و هاوکاریی خەڵک لەگەڵ ئێوە چۆن بوو؟**

کە دەچیە نێو خەڵکەکە ئەو کاتە دەزانی حیزبی دێموکرات چەندە گەورەیە و ئەو خەڵکە چەندە خۆشەویستن. بەهەرحاڵ تۆ وەک حیزبێکی پێشڕەو دەڵێی ئێمە بۆ ئازادی گیانی خۆمان فیدا دەکەین،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڕاستی ئەو خەڵکەی کە من دیومە ئەو خەڵکە ئەرزشی ئەوەیان هەیە مرۆڤ گیانی خۆی بۆیان فیدا بکات. عەرزم کردی، ئەوەندە پێشوازیکردنەکەیان بەبایەخ بوو، ئەو خەڵکە و ئەو خاکە بۆ ئەوە دەبن، مرۆڤ گیانی خۆی بۆیان فیدا بکات. شانازی بکەیت بە خەڵکێک کە خەباتیان بۆ دەکەیت، ئەو خەباتەت لەدەست ناچێت کە دەبینی خەڵکێکی وا پشت و پەناتن.

**ئەو کاتی کە چوویەوە نێو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەکوو پێشمەرگە چ بیرەوەریەکت هەیە چیت هەیە کە کاریگەریی بووبێت لەسەر تۆ لەوێدا وەکوو پێشوازیی خەڵک، وەک ڕووداوێک کە ڕووی دابێت؟**

دەچووینە هەر کوێیەک هەر پێشوازییان لێ دەکردین. لە شوێنێک لە دێهاتێک بووین لەگەڵ کاک «حەسەن خۆشکلام» و کاک «محەممەد مامئاغا» و ئەو هاوڕێیانەی دیکە، هەروا چووین سڵاو و چاک و خۆشیمان لەگەڵ منداڵێک کرد کە تەمەنی ١٠ ساڵ تاکوو ١٢ ساڵ زیاتری نەبوو، بەڵام تۆ سەیری ئەو عەقڵیەتە کە من سڵاوم لێ کرد دەستمی ماچ کرد. یانێ حاڵەتێکی سەیری بە من دا، ئەو منداڵە بۆ هات ئاوای کرد!

**واتە ئەو دەست ماچکردنە لای ئێوە لە خواری کوردستان نییە؟**

با هەیە، مەسەلەکە ئەوەیە لە ناوچە و لە شوێنی دیکە ئەوەم نەدیبوو. لەنێو خەڵکی کرماشان و لەنێو یارسانەکان زیاتر دەستی خەڵک ماچ دەکەن. من ئەوەم پێ سەیر بوو خەڵکی دیکەم وا نەدیبوو، ئەو منداڵە خۆی هات دەستی منی ماچ کرد. بە لامەوە سەیر بوو کە ئاوا هۆگرییان بە پێشمەرگە هەیە، هۆگرییان بە حیزبی دێموکرات

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەیە، مەبەستم بیروباوەڕێکەکە لە مێشکی ئەو خەڵکەدا هەیە.

**کاک مووسا بەڕێزت لە مووشکبارانی قەڵای دێموکراتدا بریندار بووی، ئەو ڕووادوە چ کاریگەرییەکی لەسەر بەڕێزت یان لەسەر ورەی بەڕێزت هەبوو، یا ئەو تاوانە چەندە تۆی هان دا زیاتر خزمەت بکەی بە خەڵکەکەت و دژی دوژمنەکەت خەبات بکەیت؟**

کاک کەریم ئەوە یەکەم هێرشی ڕێژیم بۆ سەر حیزبی دێموکرات نەبووە، ئارخرینیشی نابێت، بەهەرحاڵ ئەوە خەباتێکە و پرسێکت بە ناو پرسی کورد هەیە و دوژمنێکت بە ناوی ڕێژیمی ئیسلامی هەیە، لەوانەیە شتی لەوە خراپتر بەسەر حیزب و ئەو میللەتەی ئێمەدا بێنێت. وەکوو کاریگەریی نەرێنیی ئەو شتانە هیچ کاتێک کاریگەریی نەرێنی لەسەر من دانانێت. بریندار بم، مووشکباران بێت، چوونەوە بۆ ناوچە بێت، هەر شتێک بێت مادام بڕیارم داوە بۆ میللەتەکەم بژیم ئەمە ئەسڵێکە لە مێژووی مرۆڤایەتی، هەموو میللەتێک بۆ گەیشتن بە ئازادی، بۆ ئەوەی کە کرامەتیان پارێزراو بێت لە چوارچێوی ڕێکخراوی خۆیاندا خەباتیان کردووە، لە ئەلجزایر تا لە ئیستعماری فەرانسە ڕزگاری بوو یەک میلیۆن کوشتەی دا. ئێستەش خەڵکەکەی لەوانەیە لە ئازادیدا نەژین. ئێمەی کوردیش دەبێت ئەو ڕێگەیە بپێوین چ وەکوو تاک چ وەکوو کۆمەڵ. منیش وەکوو تاکێک لەو کۆمەڵگەیە وەکوو پێشمەرگەیەکی ئەو حیزبە هیچ کاریگەیەکی نەرێنی لەسەر من دانەناوە و بەڵکوو سوورم لەسەر ئەوە کەسانێک کە لە مووشکباراندا شەهید بوون، بۆ نموونە کەسی وەکوو «پێشەوا» لەو مووشکبارانە شەهید بووە کە لەنێو کۆمەڵگەیەکی ئاسایی بوایە ٢٠ ساڵ تەمەنی بوو، ٦٠ ساڵ، ٥٠ ساڵ دیکەی ژیانی دەکرد. یان ئەو هەموو فەرماندە هێزە، چەند ژن ئەندامی ڕێبەری بوون. کەسانێک بوون بەهەرحاڵ کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تۆ بیری لێ دەکەیتەوە، یانێ بۆ خۆشت بە قەناعەت دەگەیت کە مادام ئەوانە گیانی خۆیان بۆ خەبات فیدا کردووە، خەڵکی دیکەش وەکوو ڕێبەرکان، تۆش ئەو ئامادەییەت دەبێت تێدا بێت، باوەڕت پێی هێنابێت، واتە منیش ئامادەم گیانی خۆم لەسەر ئەو خەبات و تێکۆشانە دابنێم.

**کاک مووسا دیسان ئەوە دوای ئەو مووشەکبارانە بۆ ٢١ی خەرمانان هێزە کوردستانییەکان بەگشتی داوای مانگرتنیان لە خەڵک کرد، ئەو کات لە خوارووی کوردستان لە کرماشان کە شوێنی ژیانی بەڕێزتە و لەوێ لەدایک بوویت، چەندە وەڵامدەرە و چەندە وەڵامی هێزە کوردستانییەکانیان دایەوە؟**

ئەو کات کە بڕیاریان دا بۆ مانگرتنەکە من لە نەخۆشخانە بووم، لە هەولێر بووم کە هاتمەوە من لێرە بە مەسەلەکم زانی. موبایلم پێ نەبوو هیچ پێوەندییەکەم لەگەڵ خەڵکدا نەبوو. بەڵام باش بوو لە چەندین شەقام و گەڕەکی کرماشان مانگرتن هەبوو. ئەو مانگرتنە هاتا خوارووی کوردستان ڕۆیشت. ڕێژیمی ئیسلامی بۆ خۆی بە شانازییەوە لە دەنگوڕەنگی خۆی ڕایگەیاند ئێمە بە مووشک لە قەڵای دیموکراتمان داوە و تێررۆریستمان کوشتووە. بەڵام خەڵک بە جۆرێکی تر تۆڵەی ١٧ خەرمانانی کردەوە، خاوەندارەتییان لەو پیاو و ژنانە کرد کە لە مووشکبارانەکەدا شەهید بوون. ئەمە دوو بۆچوونی جیاوازە و دوو جیهانبینی بەتەواوی جیاواز و ناکۆکن لەگەڵ یەکتردا. ئەو دەڵێ، تێرۆریستم کووشتوە لەولاوە خەڵک دێن خاوەنداریەتی لەو دەکەن و بە ڕزگاریدەری خۆیانی دەزانن و بە کچ و کوڕی خۆیانی دەزانن و هاتن بە مانگرتن وەڵامی مووشکەکانی ڕێژیمی ئیسلامییان دایەوە.

**دیتمان کاتی ڕێفڕاندۆمی هەرێمی کوردستان، یان مووشکباران**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**یان ئەو ڕووداوانەی ڕوو دەدن لە کوردستان یان لەو ناوچەیەی کە ئێمە ژیانی تێدا دەکەین، دەبینین کە لاوانی کوردستان زۆر بە خەمخۆرییەوە دێنە مەیدان، زۆر بە پەرۆشەوە دێنە مەیدان، پێت وایە ئەوە هەستی کوردایەتی و کوردبوونە چەندە بەهێز بووە لەگەڵ ئەوەی کە ڕێژیمی ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک دەیهەوێت ڕێگەی پێوەندیی نێوان ڕێکخراوە کوردستانییەکان و خەڵک بگرێت؟**

لەمێژە ئەو هەوڵی داوە بۆ ئەوەی کە حیزب لە خەڵک داببڕێت و مەشرووعییەتی نەمێنێت، بەڵام بەخۆشییەوە ناتوانێت. ئێستە تەکنۆلۆژی هەیە، مەسەلەی بەجیهانیبوونی ماهوارە، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و... واتە ڕێژیم لەوێدا شکستی خواردووە چونکە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و مەسەلەی بە جیهانیبوونە و تەکنۆلۆژی سنوورەکانی بەزاندووە و ئەوە بە قازانجی نەتەوە بندەستەکانە کە کێشە و پرسی نەتەوەییان هەیە. ئەو خەڵکە دەتوانن بە کەڵکوەرگرتن لەو کەرەستەگەلە خزمەت بە پرس و مافی خۆیان بکەن و ڕێژیمیش ناتوانێت پێش لەو شتە بگرێت چونکە ئەمە بابەتێکی جیهانییە و لەو بارەوە ڕێژیم شکستی خواردووە. دەتوانین چەندین نموونە لەو بارەوە بێنینەوە وەک مانگرتنی خەڵک و هاتنی لاوانی کورد بۆ ناو ڕیزەکانی شۆڕش. ئەو کەسانەی کە توێژینەوەی زانستی دەکەن دەڵێن تەنیا شوێنێک کە لە ئێران دوای چل ساڵ ڕێژیمی ئیسلامی نەیتوانیوە ئەمنییەتی پایدار بکات. ڕوونە ئەوە کە باسی وێژمانی نەتەوەیی دەکەن، وێژمانی نەیەوەیی هی کێیە، هۆکاری ئەو دۆخەی لە ئارادیە لە کوردستان کە بە زەررەیانە دەبێتە هۆکاری ئەوە کە ئەمنییەتیان نەبێت هەر بۆیە ڕێژیم کوردستانی کردووتە پادگان! ئەی بۆ ئیسفەهان وا نییە. نیشانەی ئەوەیە کە کێشەی سیاسی لە کوردستان هەیە، کێشەی ڕەوایی هەیە، کێشەی

مەشرووعیەتی هەیە. بۆیە ناگات بە ئاکام، هۆکارەکەشی بە حیزبی دیموکرات دەزانێت کە دەبینین بەردەوام لە پیلانگێڕاندایە. خۆیان بیر لەوە دەکەنەوە حیزبی سەرتاسەری لە ئێران بۆ نموونە توودە، توودە کەسیان هەبوو لە دەرباری شای ئێران بەڵام ئەو ڕێژیمە لەگەڵ ساواک، ڕیشەیان هەڵتکەند. بۆ ناتوانن ڕیشەی حیزبی دیموکرات هەڵکەنن؟ بۆ ناتوانن ئەو حیزبە لەنێو ببەن؟ چونکە حیزبێکی خەڵکییە، ئیدئۆلۆژییەکی هاوردەی نەهێناوە لە وڵاتێکەوە بە عەقڵیەتی کۆمەڵگەی خۆیدا بپۆشێت. ئەو ئیدئۆلۆژییە دەسەپێنن بەسەر کۆمەڵگەدا، دوای ماوەیەکیش شکست دەخوات و وزە و پتانسیلی کۆمەڵگەش بەفیڕۆ دەدات، بەڵام ئەم حیزبە خەباتەکەی، دروشمەکەی و داخوازیەکەی هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی خۆیەتی. هەر بۆیە ئەوەی کە دوکتۆر قاسملوو دەڵێت حیزب و خەڵک وەکوو ئاو و ماسیین، بەڕاستی تەشبیهێکی زۆر جوانە و ڕاستیشە.

**باسی ئەحزابی سەرانسەریت کرد، ئەوانە چەندە کاریگەرییان هەیە لە ناوچەی کرماشان؟**

پێشتر کاریگەرییان زۆر بوو. چونکە بەهەرحاڵ مرۆڤگەلێکی ناسراو لەو ناوچەیە لەگەڵ ئەوانەدا هەبوون. عەرزم کردی کە لەهەر کوێیەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی سەرانسەری هاتبێت بە ئیدئۆلۆژێکی دیکەوە و پێوەندی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە نەبووبێت، بۆشاییەکەی ئێمە دروستمان کردووە و نەمانتوانیوە وەک پێویست لەوێ نفووزمان هەبێت، بە هۆی نەبوونی کادری سیاسی و هەروەها ڕاگەیاندن کە بتوانین پەیامی ئەو حیزبە بە خەڵک بگەیەنین، ئەوە ڕاستییەکە دەبێت خەسارناسی بۆ بکەین. ئەو شوێنەی نفووزیان تێدا هەبووە وەکوو ناوەندی سەرەکی لە ئێران کرماشان بووە. هۆکاری دیکەش هەیە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاک کەریم هەمیشە کرماشان یەکێک لە ناوەندە سیاسییەکانی ئێران بووە. ئێستەکەم پارێزگا لە ئێران هەیە بە قەت کرماشان ئاسەواری حکوومەتەکانی ئێرانی تێدا بکەین. ئیمپراتورییەکان، خاندانەکان چ ساسانی بێت، هەخامەنشی و... بۆیە ئەو هەستی ئێرانیبوونە لەوێ بەهێز بووە. بەڵام هەستی ئێرانیبوونەکە بە مانای ئەوە نییە کە خەڵک خۆیان بە کورد نەزانن. دەسەڵاتی ناوەندییش لەسەر ئەو باوەڕە نییە کە ئەوێ کورد نین. ئێستە پێیان بڵێ، بازنەی جوگرافیایی کوردستان ئێران دیاری بکەن بێگومان پێش ئەوەی کە بڵێن سنە دەڵێن کرماشان. ئەوە شتێک نییە کەس بتوانێت ئیدیعای ئەرزی بکات. نەتەوەیەکی دیکە وەکوو فارس یان تورک ئەسڵەن شتی وای نەبووە و ناشبێت، بەڵام ئەوەی کە عەرزم کردی کاریگەریی هەبووە، یەکێک لە پێتەختەکانی پاشاکانی ئێران بووە. ئەو هەموو نمادە هەبووە، ئەو هەموو پردانە هەیە کە کراون لەو ناوچەیە، شوێنە مێژوویی و باستانییەکان کاریگەرییان هەبووە لەسەر پێکهاتنی ئەو فەرهەنگە کە ئەمە بەشێکی گرینگ لە خاکی ئێرانە. بەڵام بەوەشەوە نەبووەتە هۆی ئەوەی کە خەڵک خۆیان لە کورد بەجیا بزانن، ئەسڵەن شتی وا نەبووە تەنانەت ئێستەش، ئەوە مەسەلەی ناسیۆنالیزمی کوردییە لەوێ زۆر زۆر بەهێز بووە. هەر لەبەر ئەوەشە دەڵێن یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی دەوڵەتە ئێرانییەکان بووە.

**کرماشان شارێکی گرینگ یان ناوچەیەکی گرینگی کوردستانە، پێت وایە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو شێوەیەی کە پێویست بووە گرینگییان داوە بەو ناوچەیە؟**

من باسی حیزبەکانی تر ناکەم، بەڵام هەر کەس بەرپرسی قسە و کردەوەی خۆیەتی. من ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتم،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرگری لە هەڵوێستی ئەو حیزبە دەکەم. با سیاسەتەکانیشی ڕەخنەی لێ بگیرێت. حیزبێک کە یەکەم حیزبی مۆدێرنی کوردی بووبێت، دوای ئەوە کۆماری دامەزراندبێت، ٧٥ ساڵ خەباتی کردبێت، ئەوە بێگومان بێ بەرنامەش نابێت بۆ هیچ کوێیەک کە پێوەندی بە پرسی نەتەوەیییەوە هەبێت. چونکە پرسی نەتەوەیی، بۆ ئێمە هێڵی سوورە. کەمکاری کراوە، بەڵام ئەوە نییە بڵێی شتەکە ئۆرگانیزەکراو بێت، واتە بە فەرمی سیاسەتی ڕێبەریی ئەوە حیزبە بووبێت کە کار لەو ناوچەیە نەکەن، شتی وا نەبووە و ناشبێت. چونکە ئەو حیزبە خۆی بە دەروەست دەزانێت و لایەک لە پرسی بنەڕەتیی کورد حیزبی دێموکراتە لە ئێراندا. چۆن دێت بەشێک لە جوگرافیاکەی خۆی پشتگوێ دەخات.

**ئەگەر بێمەوە سەر ژیانی پێشمەرگایەتیت، لە دەورانی پێشمەرگایەتیدا چ بیرەوەرییەکی ناخۆش کاریگەریی لەسەر تۆ هەبووە؟**

میللەتێک لە حاڵی خەبات و تێکۆشاندا بێت، شتی ناخۆشی زیاترە. چونکە ئێمە ژیانێکی ئاساییمان نییە، هەر کەس بە شوێن شتێک لە ژیانی خۆی بکەوێت. ئیتر ئەو ژیانە ڕەوتی ئاساییی خۆی دەپێوێت. تۆ پێش هەموو شتێک ئاوارەی، ئاوارەگیش تایبەتمەندیی خۆی هەیە و دەبێت پێناسەیەکی دیکەی بۆ بکرێت. بەڵام وەکوو بڵێی شتێک کاریگەریی لەسەر من بووبێت، شتی زۆر هەبووە، من لە هەندێک قۆناغدا گوشاری زۆرم لەسەر بووە کە واز لەو خەباتە بێنم. واتە ئەوەندە باوەڕم بەو خەباتە هەبووە، لە بەرانبەریشدا ئەوەندە باوەڕم بە خەباتکردن لە بەرانبەر ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەبووە. هەندێک کەسایەتی بە لامەوە وەکوو ئۆلگووی خەبات وان. تۆ سەیری ڕێبەرەکانمان بکە چ جێگە و پێگەیەکیان هەبووە کە هاتوون بوونەتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشمەرگە، وەکوو دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر سەعید. من دوکتۆر سەعیدم کردووە بە ئۆلگووی خەبات و تێکۆشانی خۆم، شەخسەن وەکوو خۆم بەگشتی کەسی جیددیم خۆش دەوێ. بیر و بۆچوونەکە با بیر و بۆچوونی ئازادیخوازانە بێت بەڵام جیددی بێت. کەسێکی وەکوو دوکتۆر سەعید یان کەسانی دیکە، ئێمە خەڵکی خۆشەویستمان زۆرە، ئەوەی کە کابرا هەموو تەمەنی خۆی لەسەر ئەو حیزبە داناوە باشترین سەرمایەی مرۆڤ کە تەمەنی لاویەتییە لەسەر ئەو خەباتەی داناوە، بەڵام هەندێک بۆ ئەوە دەبوون ئولگووبەرداریان لێ بکەی، وەکوو دوکتۆر شەرەفکەندی. شتەکانی دەخوێنمەوە، ئەو شتانەی کە لەسەرم بیستووە کردوومە بە ئۆلگوو بۆ خۆم. بەڵام وەکوو ڕووداوی ناخۆش شەهید بوونی «ئازاد ئاڵی»، ماوەیەکی زۆر ناڕەحەتمی کرد. لە باری ڕوحیەوە کاریگەریی لەسەرم دانا. هەر ئەو وێنەی بڵاو بووەتەوە لە کوردکاناڵ کە لەگەڵ کاک «ئەمیر» شەهید بوون و کاک «کارۆ»ش بریندار بوو، ئەوە خۆم فیلمبرداریم کرد، چون خۆم لە ناوچە حەزم لە فیلمهەڵگری دەکرد. لەو بارەشەوە خزمەتم بەو پێشمەرگانە کردووە، بە تەواوی تاکوو چرکەی ئاخیر کە شەهید بوو من فیلمبرداریم کرد، ئەگەر تەرمەکەی ئازاد نەبا، بە ئەگەری زۆر من کوژرابام ئەو ڕۆژە. ئەوە کاریگەریی نەرێنی زۆر لەسەر من دانا کاتێک کە گەڕاینەوە ئەومان لەگەڵ نەمابوو.

**مەبەست ئەوەیە کاریگەریی ناخۆشی هەبووە لەسەر ورەت، بەتایبەتی کە کەسێک لەو نێوەدا خیانەت دەکات؟**

کەسێک کە خەیانەت بکات ناوەکەی خۆی بەخۆیەوەتی، ئیدی چ وشەیەک هەیە خراپتر لە وشە خەیانەت بۆ ئەو مرۆڤە، ئەوە مەسەلەی دەروونی مرۆڤە. مرۆڤێک بێت بۆ مادديات خەیانەت بە نیشتمانەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆی بکات. بۆ دێی خەڵکێک دەکوژیت کە دێن گیانی خۆیان فیدای تۆ دەکەن. ئەوە زۆر ماناداره، تۆ بێی کەسێک ماڵوێران بکەیت کە لەبەر تۆ ئاوارەو دەربەدر بووه. نازانم تۆ چ پێناسەیەکت بۆ ئەو کەسانە هەیە کە ئەوەندە نەفسنزمن کە دێن خەڵکی ماڵوێران دەکەن بۆ ئەوەی کە بنەماڵەی خۆیان لە خۆشیدا بژین. ئەو خەیانەتەی کە «ئازاد» لەسەری شەهید بوو، ئەو ڕووداوە هیچ کات لەبیرم ناچێتەوە، ئەو گیانی منی لە مەرگ ڕزگار کردووه. لە مووشەکبارانەکەش جگە لە مووشەکی یەکەم لە کاتی تەقینەوەی دووهەم مووشەکدا کە من هاتمە دەرەوە، دیوارەکە بەسەرمدا ڕووخا، لەتمەی زۆری لیم دا و دوایی برقیش گرتمی، یانی مەرگەکەم حەتمی و لە سەدا سەد بوو. یانیٚ سیٚ چرکە، چوار چرکە کاک «خالید وەنەوشە» دەرنگتر هاتبا، سەدا سەد دەمردم. هەر بۆیە من زیندووبوونی خۆم بە مەدیونی کاک «خالید» دەزانم، کەسێک گیانت ڕزگار بکات و جارێکی دیکە تۆی گەڕانبێتەوە نێو ژیان، پێویستە سپاسی بکەیت و منیش هەر لێرەوە جارێکی دیکە سپاسی دەکەم و مانەوەی خۆم بە قەرزداری ئەو دەزانم. هیوادارم چۆن ئەوانە چل ساڵە لەنێو ئەو حیزبەدا خەباتیان کردووه و ئەو ڕێگەای خەباتەیان بەر نەداوە، منیش هەتا ئەو کاتی زیندووم هەر درێژەدری ئەو ڕێبازە بم.

**بەڕێزت وەکوو خۆت درێژەدەری ئەو ڕێبازەی، وەکوو کۆتا پرسیار ئەگەر بڵێم چ قسەیەکت هەیە بۆ ئەو گەنج و لاوانەی کە ئێستە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، هەستی کوردایەتییەکی بەهێزیان هەیە و لەویٚ لە نێوخۆ دژ بە ڕێژیم ڕادەپەڕن، خەبات دەکەن، یان ئەو کەسانەی کە هاوتەمەنی بەڕێزت بوون، یا ئەو کاتانە هاوڕیٚ و ڕەفیق بوون بەیەکەوە؟**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمە وەکوو حیزبی دیموکرات لە تەلەفزیۆن شتی خۆمان دەڵێین بۆ ئەو خەڵکە. ئەو کەسانەی کە هاوکاری ڕێژیم بوون بۆ مادییات لەگەڵ ڕێژیم و لە سپادا بوون، کاری ئیتلاعاتی لەسەر ئەو خەڵکە دەکەن، ئەوانە دەبێت ئەمە بزانن ئەوە ئەزموون نیشانی داوە ئەوەی کە مەحکووم بە نەمان و نابودییە، ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانن. ئەوانەش کە خەڵکی هەر کوێنەیەک بن دەبێت بمێننەوە بۆ ئیدارەی ئەو ناوچەیە، دەبێت بمێننەوە بۆ پێکەوەژیان نەک خزمەت بە کەسێک بکەن کە خاکی نشتمانی ئەوان بە خەڵکەکەی خۆی ڕەوا نابینێت تۆ لەبەر مادییات بچی خزمەت بەوانە بکەیت. دەتوانن لە زۆر بوارەوە خزمەت بە نیشتمانی خۆیان بکەن. خزمەتکردن تەنیا پێشمەرگایەتیکردن نییە، کابرا خۆی نەفرۆشێت بە ڕێژیم، ئەوە خۆی خزمەتێکە و کوردێکی پاکە.

**زۆر سپاس لەوەی کە میوانداریی ئێمەت قبووڵ کرد، زۆر سپاس بۆ زەحمەت و تێکۆشان و ماندبوونی چەند ساڵەت، بەڕێزت بۆ خۆت وەک کۆتا قسەت چ شتێکت هەیە کە من پرسیارم لێ نەکردبێ؟ دیارە شت زۆرە بەڵام شتێکی وا هەیە بۆ باس کردن بێ؟**

زۆر سپاس، زۆر خۆشحاڵ بووم هاتم لە بەرنامەکە بەشداریم کرد، بەرنامەی ئێوە بینەری چاکی هەیە و هەم خزمەت بە هاوڕێیان و هاوسەنگەران دەکەیت و هەم بەو خەڵکەی کە چل ساڵە لەو حیزبەدان. کەم شتی وا هەیە کابرا بۆ میللەتی خۆی خەبات بکات و بەداخەوە تاکوو ئێستە بە ئاواتی خۆی نەگەیشتبێت و هەم ئەوەش خزمەت بە بینەرانە لە بواری کاری ڕاگەیاندن. بەڵام ئەوەی پێویست بوو بەڕێزت بە ڕێکوپێکی پرسیارت لێم کرد. هیوادارم ئەو شتەش کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێوە گەرەکتان بووە وەڵامی ئێوەم دابێتەوە و هیوادارم ئەو حیزبی دێموکراتە کە ئەمانەتی خەڵکی کوردە و چەندین نەوە خۆیان بۆ ئازادیی ئەو خەڵک و خاکە فیدا دەکەن، ئێمەش بتوانین بە ڕوحیەی شۆڕشگێڕی و ئینقلابییەوە، بە باوەڕی کوردانەوە بتوانین ئەو ئەمانەتە بگەیەنینەوە دەستی ئەو خەڵکە، جا بە هەر نرخێک بووبێت، مادام کە تۆ بوویتە پێشمەرگە ئەوە خۆی ماناکەی لەگەڵە و حازری هەموو فیداکارییەک بکەیت تاکوو بە ئامانجە بگەیت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# یەکەم دیدار و دوادیدار

## (دڵنووسێك بۆ شەهید مووسا باباخانی)

ناسر باباخانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژی شەممە، ١٦ی گەلاوێژ قەول بوو ڕێوڕەسمێک بۆ ڕێزگرتن لە یادی ڕێبەرێکی خاکەڕا و خۆنەویست، نەمر مامە جەلیل گادانی بەڕێوە بچێ. بۆ نانی نیوەڕۆ لەگەڵ کاک حەسەن ڕەستگار و دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە میوانی خوانی کاک عەزیز، پێشمەرگەیەکی دڵاوا و دلۆڤان بووین. دەست و چاوی خاتوون خۆش بێ کفتەوشۆرباوێکی بەتام و بۆن. پشوویەکم دا و پاش نیوەڕۆ بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمەکە بەرەو قەڵا بوومەوە. ڕێوشوێنی ئەمنی بەتەواوی ڕەچاو کرابوو، هەربۆیە زۆرم بەدڵ بوو.

چووم لە ڕیزی هەرەدواوە دانیشتم. ئەوەندەی خوا حەز بکا شەرمەزاری لوتفی هەموو هاوڕێیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووم کە بە ناسیاو و نەناسیاوەوە شەپۆلی میهر و میهرەبانیان لە خۆی گرتم. ئەوەی بۆ منیش مابۆوە ئارەقەی شەرمی تەوێڵم بوو. کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هەمیشە لە ئاستی من گەورەیی نواند. ئەمری کرد بچینە ڕیزی پێشەوە، هەرچەند عەرزم کرد جێگام خۆشە فەرمووی نابێ. لای کاک عومەر باڵەکی و کاک حەسەن قادرزادە دانیشتم. چەند خولەکی پێ نەچوو، دوکتور ئاسۆ هات و لەلام دانیشت، سەری هێنا بن گوێم و هەواڵێکی بە گوێمدا چرپاند، ئاسمان بەسەرمدا هەرەسی هێنا! مووسا باباخانی شەهید کراوە، لە هۆتێلێکی هەولێر تێرۆر کراوە. کوڵی گریان ئەوکی گرتم. حەولم دا بە ماسکەکەم ڕوخسارم داپۆشم، هەستم بە خەمی ڕوخساری هەموو ئەندامانی ڕیبەرایەتی دەکرد، بەڵام دیار بوو کە حەولی شاردنەوەیەکی کاتیی دەدەن تا تەواو بوونی ڕێوڕەسمەکە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیمەنی کوڕە حەیابەخۆ و ماندوویی نەناسەکەی کرماشان بۆ ساتێکیش لە زەینم لانەدەچوو. بۆ بڕواپێکردن نەدەبوو ئەم هەواڵە شوومە. ڕێک دوو ڕۆژ پێشتر لە کوردکاناڵ کە چوومە لایان، لەوێ لەگەڵ عەلی لەیلاخی ئازیز بینیم. گوتم: مووسا گیان ئەوە لێرەی؟ بەدەم بزەوە، بە زاراوە شیرنەکەی گوتی: ئەریوەڵا ماموسا! لە ئامێزم گرت و دەستمان کرد بە جەفەنگ و قسەوباس... قەرارمان دانا هەفتەی داهاتوو بە یەکەوە بەرنامەیەک سازکەین... ئیتر ئەمە یەکەم دیدار و دوادیدارمان بوو.

من پیشتر چ ئەو کات کە لە تورکیە بووم و چ لە ئەمریکا، بۆ چەند بەرنامەیەکی مووسا لە کوردکاناڵ وەک ڕاوێژکار یارمەتیم دەدا و تێکستی بەرنامەکانیم بۆ دەنووسی و چەند بەرنامەیەکیشمان بەیەکەوە کرد. ئێستا کە خەریکی نووسینی ئەو دێڕانەم، سەیری مەسێنجێرەکەی خۆم و شەهید مووسا دەکەم و بە هەڵکەوت ئەو پرسیارەی هاتە بەرچاوم:

**«سڵاو ماموستا گیان! سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر پرسی نەتەوەیی لەو وڵاتە شکستی هێناوە؟ یان بە واتایەکی دیکە سیاسەتی تواندنەوە و سەختئەفزاریی ڕێژیم سەرکەوتووە یان تێکشکاوە؟»**

ڕەنگە ئێستا وڵامی ئەم پرسیارەم لا هاسانتر بێ. مووسا گیان ئەگەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی شکستی نەهێنابا، ئەگەر سیاسەتی کوشتن و تیرۆری دەیان ساڵەی ڕێژیم شکستی نەهێنابا، ئەو شەپۆلی هاوخەمی و نەفرەت و ڕق و بێزارییە بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی

ساز نەدبوو، هاوڕێیانت سوورتر نەدەبوون لەسەر درێژەدانی ڕێباز و ئامانجت. بۆیە بەدڵنیاییەوە وەک هەمیشە تووشی ئابڕووتکان بووە و سیمای دڕندە و تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە جاران خۆی دەرخستووە...

با بگەڕێینەوە هۆڵی ڕێزلێنانەکە. کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وتاربێژی ڕێوڕەسمەکە بوو. باسی تایبەتمەندییەکانی کاک جەلیلی دەکرد. باسی لە ئەخلاقی مامە کرد، باسی خاکەڕایی و بێ دەعیی، باسی لەوە کرد کە بۆ ئەنجامی هەموو کارێکی حیزبی هەمیشە ئامادە بوو. بۆی گرینگ نەبوو کارەکە چییە، گرینگ ڕاپەڕاندنی کارەکە بوو. ئەمە ڕێک ئەو تایبەتمەندییەیە کە دەبێ هەموو تاکێکی شۆڕشگێڕ بیکا بە مکانیزمی هەتاهەتایی بۆ خەبات. بەڵام چ هەڵکەوتێکی سەیر بوو، ئەو تایبەتمەندییەی مامە جەلیل بەتەواوی لە شەهید مووسادا دەدیترا!

د. ئاسۆ و کاک عومەر باڵەکی کە لەمبەر و ئەوبەرم بوون زۆر بەداخ و حەسرەتەوە بوون. چەند پرسیارێکم لێکردن سەبارەت بە چۆنیەتیی شەهیدبوونی مووسا، بۆم دەرکەوت دیسان کۆماری پەت و سێدارە بە دەستی سیخوڕ و خۆفرۆشێک داوی بۆ مووسا ناوەتەوە.

مووسا بۆیە بوو بە ئامانج کە وەکازەکەی دەستی لە مەیدان و گۆڕەپانی کوردایەتی لە ناوچەی کرماشان، وردەمارەکانی سیحربازانی فیرعەونی تارانی ڕاماڵیبوو، کارتێکەریی مووسا و لەسەر خەت بوونی لەگەڵ گەنج و لاوانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کەسایەتیی خاکەڕای بۆ ئەوەستۆگرتنی هەموو چەشنە ئەرکێکی حیزبی، مووسای کردبوو بە کارەکتێرێکی شوێندانەری مەیدانی و پوختەی حیزبی، بۆیە

پلانی تیرۆری دەمێک بوو بۆ دارێژرابوو.

گرفت و تێنەگەیشتوویی و ماڵکاولیی کۆماری ئیسلامی لەوەدایە پاش زیاتر لە چل ساڵ بۆی دەرنەکەوتووە کە بە کوشتنی کورد و بە کوشتی گیانبازانی دیموکرات، کورد بە دەیان قات بەورەتر و سوورتر لە ڕابردوو لەسەر ڕێ و ڕێبازی شەهیدان بەردەوام دەبن. لە لایەکی تریشەوە کوا ئەگەر مووسا بە مەرگی ئاسایی سەری نابایەوە، دەبوو بە ڕەمز و دەبوو بە مووسای کوردان!

لە حەوشەی قەڵا لەگەڵ «سوڵتانی» و «شەرەفی» و «بداغی» و «مروەتی» و «سەلیمی» ڕاوەستابووین. جەغارانمان گڕ دا و هەموو لە دوایین ساتەکانی پەیوەندی شەهید مووسا دووان. ئیمان و باوەڕی ئەم کوڕانە دەگوتن نایە، بەدەم بزەوە بەرەو مەرگ ڕۆیشتن و بەسۆخرەگرتنی دەسەڵاتێکی ئابڕووتکاو و تیرۆریست. کۆماری ئیسلامی چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات وەک وڵاتێکی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەر هەر ئێستا هەر ئێستا لەبەر جەنایەت و تیرۆر، کەیەسەکانی لە دادگاکانی وڵاتانی ئورووپایی لە سوئید و بلژیک کراوەیە.

دیارە ئەم جۆرە جینایەتانەی کۆماری ئیسلامی بەنیسبەت هێزە کوردییەکانی دژی دەسەڵات، شتێکی تازە نییە و هاوتەمەنی ئەم نیزامە نگریسەیە. بێگومان حەوجێ بە گوتن ناکا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک وڵاتێکی تیرۆریست و پاڵپشت و پاڵنەری تیرۆریزم لە ناوچە لە هەموو جیهان ناو و ناوبانگی هەیە. وەک ئاماژەم پێکرد دۆسییەکانی تیرۆری کۆماری ئیسلامی ئێستاش لە ئورووپا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باشوور و لە سەرانسەری جیهاندا کراوەیە و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرپرسانی باڵای ئەم حکوومەتە تاوانباری سەرەکین لە تیرۆرەکاندا و ئێستاشی لەگەڵدا بێ زۆربەی هەرە زۆریان ناوێرن پێ بنێنە دەرەوەی وڵات! تیرۆر پیناسەی سەرەکی و ئاواڵدووانەی کۆماری ئیسلامییە. ڕێبەری ئەم وڵاتە و سپا مرۆڤخۆرەکانی لە لیستی تیرۆری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادان. چەندە هۆی شەرمەزاری و سەرشۆڕییە یەکی وەک ڕەئیسی، سەرکۆماری داندراوی ڕێژیم،کە لە ئاخاڤتنی ئاساییدا کڵۆڵ و کۆڵەوارە و قسەکانی بۆتە هۆی گاڵتە و گەپجاڕی خەڵک، ناوێرێ بچێتە نیۆیۆرک بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان! بۆ؟ چون جەلـلاد دەترسێ لەویندەرێ نەهێڵن بگەڕێتەوە. شا ئەم شوورەییە، شا ئەم ئابڕووتکانە!

مێژوو بۆ کورد جۆرێ وەستان و قەتیس مانەوەیە، بە واتایەکی تر ڕەورەوەی مێژوو بۆ کورد ڕاوستاوە. ڕەنگە ئەمە لەباری فیزیکییەوە قسەیەکی تەواو نەبێ چون کات ناوەستێ و بەردەوام بەرەوپێش دەچێ، بەڵام زیاتر مەبەستم ئاڵوگۆڕە بە پێوەری زەمان. کە دەڵێم مێژوو بۆ کورد ڕاوستاوە، جەختم لەسەر پنتێکە، کە نە شوێنە و نە کاتە! واتە ئەوەی بەسەر کورددا هاتووە بەدەر بووە لە «دووانەی شوێن - کات»! ئەگەر هەموو ئەم کارەساتانەی بەسەر کورددا هاتووە لە چەمکێک بە ناوی سڕینەوەدا کۆکەینەوە، حەول بۆ ئەم سڕینەوەیە لەلایەن نەتەوەی باڵادەستەوە بە درێژایی مێژووی کۆن و هاوچەرخ بە هەموو شێوە و شێوازێک ڕێگەپێدراو و «حەڵاڵ» بووە. بە پانتای ئەم کوردستانە (شوێن) گەورەیە، خوێنی کورد حەڵاڵ کراوە چ دوێنێ و چ ئەمڕۆ (کات).

وەک دوێنێ دەکرێ ئەم کارەساتە ئەنفالی بارزانییەکان بێ لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باشوور، دەکرێ کیمیابارانی هەڵەبجە بێ لە باشوور، دەکرێ کۆمەڵکوژی دەرسیم بێ لە باکوور، دەکرێ قەتڵوعامی قاڕنێ و قەڵاتان بێ لە ڕۆژهەڵات، دەکرێ سڕینەوەی ناسنامە و پێناسەیی بێ لە ڕۆژئاوا و وەک ئەمڕۆ دەکرێ مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و تیرۆری شەهید مووسا باباخانی ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەدان نموونەی تر. وەک دەبینین لە هەموو پارچەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی، لە هەموو سەردەمەکاندا، ئەم سڕینەوەیە بەردەوام دووپات و چەندپات دەبێتەوە. وەک کەوانە: (دیارە بێگومان لە مێژووی کورددا خاڵگۆڕانی زۆر سەرنجڕاکێش هەبووە کە زیاتر لەسەر دەستی ئیرادەیەکی تاکی کاریزماتیک ڕووی داوە و ئەم خاڵگۆڕانەش بۆتە پتانسییەلێک بۆ بەرگری، هەرچەند بە توندوتیژترین شێوەش حەول بۆ سڕینەوەی ئەم خاڵگۆڕانانەش دراوە!)

من لاموایە نەویکێشان و خۆبەکەمزانین، لە بەرامبەر نەتەوەی باڵادەست لە هۆکارە سەرەکییەکانی خولانەوە و مردن لە بازنەی دەسەڵاتدا بووە. بۆ قوتار بوون لەم جەغزە نگریسە و کردنی ئەم بازنەیە بە هێڵێکی ڕاست، پێویستە کورد لە بەرامبەر ئەوەی لەگەڵی دەکرێ ڕێک وەها دژکردەوەیەکی هەبێ: چاو لە هەمبەر چاو، قەڵەم لە هەمبەر قەڵەم! مەبەستم لە چاو لە هەمبەر چاو، وەباڵ کێشان بۆ یاسای تالیۆن نییە، مەبەستم ناسیۆنالیزمی بەرگریکارانەیە بە هەموو شێوەیەک و کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێواز و پتانسییەلەکان. با وەڵامی تیرۆری شەهید مووسا ببێ بە سەرەتایەک بۆ قوتار بوون لەم جەغزە.

ئەو تەمەنەی مووسا تێکەڵ بە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دێموکرات بوو، ڕێک هەڕەتی ئاودیو بوون بۆ ڕۆژئاوا و لە ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیدا چەند کۆڕەوێک بۆ ئوروپا ساز بوو، بەڵام مووسا تێکەڵ بەم شەپۆلانە نەبوو و لە قەڵا مایەوە و بێگومان ئەوەیە ڕەمزی مانەوەی مووسا لە ناو دڵی هاوڕێیان و نەتەوەکەیدا.

یاد و ناوی هەرمان، ڕێ و ڕێبازی پڕڕێبوار.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مستەفا مەولوودی:
# بە هەڕەشە و تێرۆر نە چاوترسێن دەکرێین و نە مەیدان بۆ کۆماری ئیسلامی چۆڵ دەکەین

**دیمانە: عەلی بداغی**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**تێرۆری شەهید مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەنێو جەرگەی شاری هەولێر پرسیارێکی گرینگی وورووژاند کە بۆچی جارێکی دیکەش حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە کرا بە ئامانج؟ کۆماری ئیسلامی چۆن و بۆچی توانیویەتی لە هەرێمی کوردستان لە لێدان و حەزفی فیزیکیی دژبەرانی سیاسیی خۆیدا سەرکەوتوو بێ؟ لە بنەڕەتڕا ئایا عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی ئەمنە؟ حیزبە کوردییەکان چۆن دەتوانن بەرەوڕووی مەترسییە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی ببنەوە.**

**وەڵامی ئەمانە و چەند پرسیارێکی دی لە وتووێژ لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەردەگرێ.**

***

**تێرۆری شەهید مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پەلامارەکانی دیکەی سەر حیزبی دێموکرات لە پێنج_شەش ساڵی ڕابردوودا پرسیاری جۆراوجۆری لەسەر حیزبی دێموکرات دروست کردووە. ئێوە وەک حیزبی دێموکرات لە چەند ساڵی ڕابردوودا زۆر کراونەتە ئامانج. بۆ؟**

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەمێکە و زۆر لەمێژە کراوەتە ئامانج. خۆ ئەگەر لە قۆناغی خەبات لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوییش تێپەڕین و تەنیا باسی دەورانی کۆماری ئیسلامی لە ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بکەین، دەبینین هەر لە یەکەم ڕۆژی دوای سەرکەوتنی شۆڕش و بە دەسەڵات گەیشتنی ڕێژیمی ئیسلامی،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـەو ڕێژیمـە دەسـتی بـە سـەرکوتکردنی بزووتنـەوەی مافخوازانـەی گەلـی کـورد کـرد. تێرۆرەکانیش بە تیـرۆری شـەهید سـەرگورد عەباسـی، ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی و بەرپرسـی شـورای نیزامیـی حیـزب لـە سـاڵی ١٣٥٩ دەسـتی پێکـرد و دەزگای تیـرۆری ڕێژیم هەتـا ئێسـتاش لـە پیـلان و کردەوەکانـی بەردەوامـە. هـەر بەپێـی ئامـار زیاتـر لـە چوارسـەد تێکۆشـەری کـورد کـە پشـکی زۆری بـەر حیزبـی دێموکـرات دەکـەوێ، لـە ئەنـدام و پێشـمەرگەیەکی سـادەوە بگـرە تـا ڕێبەرانـی ئـەو حیزبـە وەک دوکتـۆر قاسـملوو و دوکتـۆر شـەڕەفکەندی لەنێـو لیسـتی ئـەو تێرۆرانـە دان کـە کۆمـاری ئیسـلامی لـە نێوخـۆ و دەرەوەی وڵات کردوونـی.

ئـەوەش کـە بۆچـی ئـەو تێرۆرانـە زیاتـر لـە حیزبـی دێموکـرات دەکرێـن هۆیەکـەی ڕوونـە، لەبـەر ئەوەیـە کـە ئـەو حیزبـە زۆرتریـن کاریگەریـی لەسـەر بزووتنـەوەی هەقخوازانـەی گەلـی کـورد هەیـە؛ بۆیەشـە ڕێژیـم بەرنامـە و پیلانـی بـۆ دادەنـێ و لێـی دەدا. نەخـش و ڕۆڵـی حیزبـی دێموکـرات لەسـەر بردنەسـەریێ وشـیاری سیاسـیی خەڵکـی کوردسـتان و ئاشـناکردنیان بـە مافەکانیـان نـەک هـەر لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، تەنانـەت لـە ئاسـتی ئێرانیشـدا دیـار و بەرچـاوە و ئـەوەش تـرس و دڵەڕاوکێـی زۆری بـۆ ڕێژیـم درووسـت کـردووە. هـەر دوای ڕووداوی مووشـەکبارانی قـەڵای دێموکـرات، سـپای پاسـداران لـە فیلمێکـی دیکۆمێنتـاری‌دا کـە بڵاوی کـردەوە، زۆر بەڕوونـی و ئاشـکرا ڕایگەیانـد کـە بۆیـە کۆبوونـەوەی کۆمیتـەی ناوەندیـی حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتان‌یان کردووەتـە ئامانـج، چونکـە ئـەو حیزبـە ئەمنییەتـی ڕێژیمـی وەمەترسـی خسـتووە. کەواتـە کاریگەریـی ئـەو حیزبـە و سیاسـەت و جـۆری تێکۆشـانی کـە بەدرەنگـی زۆری هەیـە ڕێژیمـی لـەوە نیگـەران کـردووە، بۆیـە هەمـوو سـنوورە دەوڵەتـی و نێودەوڵەتـی و تەنانـەت ئەخلاقـی دەبەزێنـێ و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردەوەی تێرۆریستیی لەو چەشنە دەکا و ئەمە لە پێنج_ شەش ساڵی ڕابردوودا زۆرتر و بەرچاوتر بووە.

**ئەدی کەمتەرخەمیی حیزب و کادر و پێشمەرگەکان چی؟**

ئەمن لەوە تێدەگەم کە ڕەنگبێ ئەمە پرسیاری زۆر کەس بێ کە بەپەرۆشەوە دەڵێن ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە کەمتەرخەمن، بۆیە تا ڕادەیەک بەئاسانی دەکرێنە ئامانج. بەڵام بابەتێک هەیە کە خەڵکی کوردستان پێویستە بیزانن کە ئەگەر پیلانێکی تێرۆریستیی ڕێژیم دژ بە حیزبی دێموکرات سەرکەوتوو بووە، دەیان پیلانی لەو جۆرەش پووچەڵ کراونەتەوە. ئەوە حەقیقەتێکە کە هۆکاری سەرەکیی تێرۆری کادر و ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو حیزبە و گوتاری ڕۆژهەڵاتتەوەریی ئەو حیزبە کاریگەریی زۆر و دیاری لەسەر جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. ئەم حیزبە حیزبی خۆشەویستی خەڵکی کوردستان و نەیاری سەرەکیی کۆماری ئیسلامییە و هەڵگری دروشم و ویست و ئاواتەکانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە، بۆیە هەمیشە دەکرێتە ئامانج.

**حەوتووی ڕابردوو عەلی شەمخانی، دەبیری شورای بەرزی ئەمنیەتی ڕێژیم لە دیدار لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عێراقدا ویڕای هەڕەشە لە حیزبە کوردییەکان، داوای دەرکردنی ئەو حیزبانەی لە دەوڵەتی عێراق کرد. ئێوە ئەو هەڕەشانە و ئەو داوایە چۆن وەردەگرن؟**

جارێ پێش هەموو شتێک دەبێ بڵێم کە لە دوای ڕووخانی حکوومەتی پێشووی عێراق و گۆڕینی ڕێژیمی سیاسی لەو وڵاتە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ دەستێوەردان لەم وڵاتە زۆر ئاوەڵا بووە. ڕێژیم هەوڵی داوە لە گۆڕانکارییەکانی ئەم وڵاتە ئەوپەڕی کەلک بۆ بردنەپێشی سیاسەت و پیلانەکانی خۆی لە بوارەکانی جۆراوجۆر بە تایبەت لە پرسی ئەمنیەتیدا وەرگرێ. ئەوەش لە کاتێکدا کە بەهۆی دۆخی پێوەندییەکانی نێوان ڕێژیمی پێشووی عێراق و ئێران سەرکردایەتی و هێزەکانی بەشی هەرە زۆری ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە کوردەکانیشەوە لەو وڵاتە جێگیر بوون. ئەوە لە دیوی ئێرانیش بۆ ئۆپۆزیسیۆنی عێراق هەر وا بوو. ئێستاش کە بەشێک لەو ئۆپۆزیسیۆنەی پێشووی عێراق کە هێندێکیان پێوەندییەکی زۆر نیزیکیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەبوو بوونەتە دەسەڵات لەم وڵاتەدا، سروشتییە ڕێژیمی ئێران دەستئاوەڵایی زیاتری لە عێراقی ئێستادا بۆ ڕەخسابێ. هەرکاتێکیش لە بۆشایی دەسەڵاتدا یان لە هێندێک هەلومەرجی تایبەتدا بە هەلی زانیبێ، لەم وڵاتەدا زەبری لە نەیارەکانی خۆی وەشاندووە. بۆ نموونە هەموو بە چارەنووسی موجاهیدینی خەڵقی ئێران دەزانین کە ناچار بە چۆلکردنی عێراق کران. بۆیە ڕێژیم ئەگەر بۆی بکرێ، سروشتییە کە بیەوێ لە هەرێمی کوردستانیش ئەو چارەنووسە بەسەر حیزبە کوردییەکانی کوردستانی ئێرانیشدا بسەپێنێ.

ئەوە هەڕەشە و هەروەها ئەو داوایەش کە شەمخانی لە وەزیری دەرەوەی عێراقی کردووە تازە نییە و زۆر جاری دیکەش ئەو بابەتە هەم لەگەڵ کاربەدەستانی پلەبەرزی عێراق و تەنانەت لە هەرێمی کوردستانیش هاتۆتە بەرباس و ئەو داوایە لەوانیش کراوە. بەڵام ئەوجارە بەڕەسمی و بەئاشکرا هێناویانەتە بەرباس و پێویستە خوێندنەوەی تازەی بۆ بکرێ و ئێمەش لە بیری ڕێکاری گونجاو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دابین بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو پیلانە. ئێمە لە حیزبی دێموکرات بە لەبەرچاوگرتنی پێوەندی مەعنەوی نێوان نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، هەست بە بەرپرسایەتیی نەتەوەیی هێزە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان و ڕەچاوکردنی هەلومەرجی سیاسیی هەرێمیش لەلایەن هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ئەگەری حاڵەتی لەو چەشنە بە دوور دەزانم. بەڵام بەو حاڵەش حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە هەرێمی کوردستان پێویستە بە هەماهەنگی و هەڵوێستی شیاو لە بیری پووچەڵکردنەوەی پیلانی لەو چەشنە بن. ئەوەش کە شەمخانی دەڵێ ئەگەر عێراق کەمتەرخەمی بکا ئەوان خۆیان دەستپێشخەری دەکەن، ئەوان تا ئێستا ئەوەی لە دەستیان هاتووە کردوویانە و لە هیچ دەستیان نەپاراستووە. بۆیە ئەو جۆرە هەڕەشانەی کۆماری ئیسلامی هێزەکانی ڕۆژهەڵات چاوترسێن ناکەن و خەباتی سیاسی و تێکۆشانی مەیدانی بزووتنەوەی کورد لە ئێران هەروا درێژەی دەبێ.

**خەڵکانێکیش هەن کە بێگومان دڵسۆزی پرسی کوردن و لایان وایە کە ڕەوشی ئەمنییەتی لە هەرێمی کوردستان بۆ تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵات لەبار نییە؟ ئێوەش ئاوا بیر دەکەنەوە؟**

دەبێ بڵێم کە کۆماری ئیسلامی قەت هیچ ڕێزێکی بۆ پرەنسیپ و سنوورە نێودەوڵەتییەکان نەبووە و بەئاسانی ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی بەزاندووە، هەربۆیە قەت ڕەوشی ئەمنییەتی لە هەرێمی کوردستان بۆ تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات بەتەواوی ئەمن نەبووە و ئێستاش نییە و پێموانیە لەو بارودۆخەدا و بەمزووانە لەوە باشتر بێ و ئەوەش هۆکاری جۆراوجۆری هەن. لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی ئێمە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیچکات بەتەواوی لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و ئەمنییەتی هەرێمەوە پارێزگارییان لێ نەکراوە و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆخۆیان بەرپرسایەتیی پاراستنی خۆیان لەئەستۆ بووە کە ئەوە کەم و زۆر کەلێنی ئەمنییەتیی درووست کردووە. زۆر جاریش لەو حاڵەتەدا زیان و خەساری گیانی و ماڵی بەر حیزبەکان کەوتووە.

سیاسەتی دەستێوەردانی ڕێژیمی ئێران لە عێراق ڕوون و ئاشکرایە و حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسییەکانیش کە بەرپرسایەتییان لەسەر شانە بەو حەقیقەتە دەزانن و بە شێوەیەک لە شێوەکان بەهۆی هەلومەرجی تایبەتیی خۆیان مدارا لەگەڵ بارودۆخەکە دەکەن، یان باشتر وایە بڵێم لە بەرامبەر دەستوەردانە هەمە جۆرەکانی ڕێژیمی ئێران دستەوەستانن و چاوەڕوانی داهاتووی ناڕوونن و لەگەڵ وەزعەکە خۆیان ڕاهێناوە کە ئەو سیاسەتە زۆرترین دەرفەتی بۆ خراپکاری و پیلانگێریی ڕێژیمی ئێران لە عێراقدا پێکهێناوە.

ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو ڕاستییانە دەبێ لە ڕێگەی مومکینەوە خۆمان زیاتر لە خەمی ئەمنییەت و پاراستنی خۆماندا بین کە ئەوەش کار و هاوکاریی پتری هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێویستە. هەڵبەت لە هەموو حاڵەتێکیشدا بەرپرسایەتیی قانوونی و ئەخلاقیی پاراستنی هێزە سیاسییە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

**ئەو پرسیارەش هەیە کە ئایا حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو پێوەندییەدا گوشارێکی خستووەتە سەر حیزبی دێموکرات؟**

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە حاڵەتێکی زۆر تایبەتدایە. لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە هەموو ئاست و بوارەکاندا ڕێک نییە تا بە ڕێکاری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یاسایی بەرپرسایەتیی پاراستنی کەسانی سیاسی بەتەواوی لەگەڵ حکوومەتی عێراق ڕەچاو بکەن. لە هەرێمی کوردستانیش نالێکی نێو هێزە سیاسییەکان بواری زیاتری بۆ دەستوەردان و بردنە پێشی پیلان و سیاسەتە نایاساییەکانی ڕێژیمی ئێران خۆش کردووە. هەلومەرجی ژئۆپۆلتیکیی هەرێم لە ناوچە و پێوستیی پێوەندیی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت مێژوویی ڕێژیمی ئێران لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی باشوور، هەلومەرجێکی زۆر تایبەتیی پێکهێناوە. بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا کە هێزە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان بەرپرسانە هەڵسوکەوتیان کردووە و هەلومەرجی هەرێمی کوردستانیان لە زۆر بارەوە ڕەچاو کردووە؛ تەنانەت زۆربەیان یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان وا جووڵاونەتەوە کە پێویست بەوە نەکا هەرێمی کوردستان تووشی چاڵنج و کێشە ببێ؛ بەڵام بەو حاڵەش بەڵێ زۆر جاران بەرپرسانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ئەو بابەتانەیان، بە تایبەت چاوەڕوانیی ڕێژیمی ئێرانیان لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باس کردووە. ئێمە بە دەرکی تەواوی هەلومەرجەکە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ ئەو دۆخە کردووە و لەگەڵ ئەوەشدا لە خەبات و تێکۆشانی هەمەچەشنی خۆمان چاوپۆشیمان نەکردووە و مەیدانمان بۆ کۆماری ئیسلامی چۆڵ نەکردووە. هاوکات دەشزانین کە ڕێژیمی ئێران بەردەوام لە بیانوو دەگەڕێ و بیانووشی لێ نابڕێ، بۆیە چاوەڕوانی جیددیمان لە حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە کە بە پاراستنی سەروەریی یاسایی وڵاتەکەیان، ئەمنیەتی گیانیی تێکۆشەرە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکەن و ئیزنی دەستوەردانی دەرەکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە ڕێژیمی دژیگەلیی ئێران نەدەن. پاراستنی گیان و ئەمنیەتی تێکۆشەرانی سیاسیی کورد بۆ ئەوان هەم مەسئوولییەتی قانوونی هەیە، هەمیش بەرپرسایەتی ئەخلاقییە و نابێ ڕێگە بدەن کە مێژوو بە خراپ لەسەریان بنووسێ.

**کۆماری ئیسلامیی ئێران چۆن دەتوانێ لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەندە دەستئاوەڵا بێ بۆ کردەوەی تێرۆریستی لە دژی ئۆپۆزیسیۆن و دژبەرانی خۆی؟**

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە نەیشاردۆتەوە کە سیاسەتی بنگەیی ڕێژیم ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامییە بەتایبەت بۆ وڵاتانی دەوروبەر کە ئیسلامین و کەم و زۆر شیعەشیان هەیە. ئەمە لە ڕوانگەی خۆیانەوە ڕەواییەتی بۆ دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتانەدا بۆ دروست کردوون. وەک لە وەڵامی پرسیارێکی پێشووتریشدا باسم کرد، شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران و داڵدەدانی ئۆپۆزیسیۆنی شیعەی عێراق و هەروەها کۆمەڵێک هاوپەیمانیی سیاسی و نیزامی لەگەڵ هێزە دژبەرەکانی ڕێژیمی پێشووی عێراق وای کرد کە کۆماری ئیسلامی لە وڵاتی عێراقدا پێگەیەکی تا ڕادەیەک قایم بۆخۆی دروست بکا. بە تایبەت گوتمان کە بەشی زۆری دانیشتووانی وڵاتی عێراق موسڵمانی شیعە مەزهەب و کورد بوون کە کاتی خۆی ڕێبەرانی حیزبەکانیان لە وڵاتی ئێران حاوابوونەوە. ئەوەش بە جۆرێک لە جۆرەکان پێوەندیی نێوان حکوومەتی ئێران و ئەو هێز و لایەنانەی لەگەڵ یەکتر بەهێز کرد و دوای دوو دەیە دەبینین کە دەسەڵاتداری سەرەکیی عێراقی نوێش هەر هەمان ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەن کە باسمان کردن. سنووری

دووروودرێژی جوغرافیی ئێران لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و هەروەها پێویستی زۆری دوو لایەنە بە پێوەندیی ئابووری و بازرگانیی نێوانیان بوونی کۆماری ئیسلامیی لە هەموو گۆڕەپانەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش پڕڕەنگ کردووە. تەنانەت باڵادەستیی کۆماری ئیسلامی بەشێک لەو هێزانەی بێئیرادە و تووشی دەستەوەستانییش کردووە و سەربەخۆیی سیاسیی لێ زەوت کردوون. بۆیەشە کۆماری ئیسلامی بە کەیفی خۆی لەو وڵاتەدا و بە هەرێمی کوردستانیشەوە تەڕاتێن دەکا و بە دانانی ڕایەڵەی سیخوڕی، کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دژبەرانی، مۆرە دروستکردن و دواجار دەستوەشاندن لە نەیارانی بەرنامەکانی دەباتە پێشێ.

**هاتنەسەرکاری کەسێکی وەک ڕەئیسی بەپێی پێشینەی کارەکانی لە کۆماری ئیسلامیدا، ئایا دەکرێ بە نیشانەی بەربڵاوتربوونی کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیم لێک بدرێتەوە؟ یان پێچەوانە پێتانوایە ئێران جێگەوپێگەی لە هاوکێشە ناوچەییەکاندا لە جاران لاوازترە؟**

وەک خۆم لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا لە نەخش و دەوری هێزە ئەمنییەتییەکان و سوپای پاسداران و پیلانی تێرۆریستی ڕێژیم جیاوازییەک لە نێوان دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی و دەوڵەتی برایم ڕەئیسیدا نابینم. هەموو یەک ئامانج و مەبەستیان هەیە، بۆیە لام وایە لەو بارەوە مۆرەکانی ڕێژیم لە سوپای پاسداران و هێزە ئەمنییەتییەکان هەروەک چۆن لە زەمانی سەرکۆماریی حەسەن ڕووحانیدا دەستکراوە بوون و بە ئیمکاناتی ڕێژیم درێژەیان بە سەرکوتی بزووتنەوە نارەزایەتییەکانیان داوە، لەو ناوچەدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستوەردانیان کردووە، پیلان و بەرنامەی تێرۆریان لە ئوروووپا و وڵاتانی ناوچە بەڕێوە بردووە، بە هاتنە سەر کاری ڕەئیسیش ئەو سیاسەتە درێژەی دەبێ و ڕەنگە لە جاران زیاتر هێز و ئیمکانات و کاتی بۆ تەرخان بکرێ؛ هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ڕەئیسی تا ڕادەیەک لە ڕووحانی گوێلەمستترە بۆ ڕێبەری کۆماری ئیسلامی. لە تەواوەتیی خۆیدا پێموایە کۆی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە تەواوی قۆناغەکانی تەمەنی ژیانی ڕێژیمدا، ماهییەتی ئەو ڕێژیمەی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاشکرا کردووە و درێژەی ئەو سیاسەتە لە بەردەوامیی خۆیدا بە قازانجی ڕێژیم ناشکێتەوە؛ بەڵکوو هەم لە ئاستی نێوخۆیی و هەم لە ئاستی دەرەوەدا تووشی قەیران و کێشەی زیاتری دەکا.

## ڕێگاکانی بەرپەرچدانەوەی مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر حیزبی دێموکرات لە چیدا دەبینن؟

پێشتریش ئاماژەیەکم پێدا کە مادام تێکۆشەرانی سیاسیی حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات لە وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، مەسئوولییەتی پاراستنی گیانیان و سەر و ماڵیان لە ئەستۆی حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەوە ئەسڵە و نابێ لەبیری بکەین. بەتایبەت کە هەموو لایەک بەڕوونی ئەوە دەزانن کە ڕێژیمی ئێران لە بۆشایی ئەمنییەتی و خەمساردیی ئەوان کەڵک وەردەگرێ. ئەوان دەبێ هەوڵ بدەن لە ڕێگەی دیپلۆماسی و یاسایی و پاراستنی ڕێوشوێنی تۆکمەی ئەمنییەتی ئەو کەلێن و بۆشاییانە پڕ بکەنەوە. بەڵام بە ئەزموونێک کە ئێمە هەمانە و ئەو دەورانە سەختەی کە تێپەڕمان کردووە ناکرێ جاری هومێد بەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێکارە ببەستین. کەوایە دەبێ بۆخۆمان پتر لەبیری پاراستنی خۆماندا بین و بەوردی پلانی ئەمنییەتی و خۆپاراستن بۆخۆمان دابنێین و لەسەر خەت بین. بۆ دەستخستنی زانیاریی ورد و شیکارییان و، چاوەدێریی وردمان هەبێ. دەبێ بەباشی کۆنترۆڵی دەوروبەر و ڕێگاکانی هاتوچۆی خۆمان بکەین و حەول بدەین لە هەموو بارێکەوە چاوکراوە بین. پیلانەکانی دژمن لەقاو بدەین و لایەنە پێوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان بە وردی لە پیلانەکانیان ئاگادار بکەینەوە. مەسئوولییەت و بەرپرسایەتییەکان بیهاوێینە سەرشانیان و وەبیریان بخەینەوە کە چ ئەرکێکیان لەسەر شانە و خۆشمان ئامادەتر بکەین. بەگشتی پاراستنی باشتر و پەرچەکرداری پێویست لە کات و شوێنی خۆیدا بەکار بێنین.

**یەکەم ڕەوتی ڕووداوەکان بەرە ئەوەن گۆڕانکاریی قووڵ لە ناوچەکەدا ڕوو بدا، دووهەم لەگەڵ هەموو ئەو مەترسییانەی کە لەسەر حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران هەیە، بەڵام دیسانەکەش حیزبەکان لە ئاستی چاوەڕوانیی گشتیدا لەگەڵ یەکدی تەبا نین و بارتەقای هەڕەشەکان نەیانتوانیوە یەکڕیز و یەکگرتوو بن. ئەم بارودۆخە تا کەی ئاوا دەبێ؟**

وایە. ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست ئاڵۆز و ناجێگیرە و هەردەم چاوەڕوانی ڕووداوی گەورە و گۆڕانکاریی جۆربەجۆری لێ دەکرێ، کە دەتوانێ بۆ بزووتنەوەی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەتی گونجاو و باش بێنێتە ئاراوە و هاوکاتیش دەبێ چاوەڕوان بین بەرەوڕووی سیناریۆی سەخت و ناخۆشتریش ببینەوە کە بەداخەوە بەشێکی زۆریان لە ئێستادا لە ئیرادەی ئێمە بەدەرن. لە ناوچەدا کەلێن و ئاستەنگی زۆر هەیە، گەلانی نیشتەجێی لەو ناوچەیە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموویان وەک پێویستە بە مافی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دیموکراسیی خۆیان نەگەیشتوون. حکوومەتە نادیموکراتیک و دیکتاتۆرەکان لە چاخی بیست و یەکیش لە ناوچەکەدا هەر دەسەڵاتدارن. زۆر بەرژەوەندیی جۆراجۆری میللی، خەڵکی و دەوڵەتی و نێودەوڵەتیی هەن کە لە ناوچەکەدا یەکانگیر یان دژی یەکن. زلهێزەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و هاوبەرژەوەندییەکانیان بە چڕی لە ناوچەکەدا بوونیان هەیە. هەمووی ئەوانە بە ئێمە دەڵێن کە بەڵێ گۆڕانکاریی قووڵ لە ئارادایە. بەڵام چەندەیان لە دژ یان لە بەرژەوەندی ئێمەدا دەبێ بەتەواوی ڕوون نییە و پێشبینی کردنیشی ئەستەمە.

لە پێوەندی لەگەڵ هێزەکان و ئەوەی کە نالێکن و لە ئاستی چاوەڕوانیی خەڵک و هەلومەرجەکەدا نین تا ڕادەیەک ڕەخنەکە لەجێی خۆیدایە. بەڵام ئەوەی جێگای ئومێدە ئەوەیە کە هێزەکان بەگشتی هەستیان بە گرینگیی دۆخەکە و مەترسی و پێشهاتەکان کردووە. دەشزانن بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو و بۆ ئەوەی لە کاتی ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکاندا سەریان بێ کڵاو نەمێنێتەوە و بە ئەرک و بەرپرسایەتیی سیاسیی خۆیان هەستن، دەبێ بەیەکەوە لەسەر خەت بن، بەتایبەت ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەو پێوەندییەدا لە کۆبوونەوەی بەردەوام دایە.

ئەزموونی بزووتنەوەی کوردستان بە ئێمە دەڵێ لەگەڵ ئەوەی شتی نارێک و نەگونجاو لە مێژووماندا هەبووە، بەڵام ئەو ئامادەییەش هەیە کە ئەگەر دەرفەتی لەبار هاتە پێش بە دروستی کەڵکی لێ وەربگرین و بتوانین مەترسییەکانیش لە خۆمان دوور خەینەوە. هیوادارین ئەوجارەیان بە بەرپرسایەتیی زۆرترەوە و بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەزموونەکان ئەو نارێکییەی کە هەیە و زۆر و کەم لێی نیگەرانین بە ئاستێکی زۆر کەم بگەیەنین و لە هەموو زەرفییەتەکان بەباشی کەڵک وەربگرین.

**(ئەم دیمانەیە لە ژمارەی ٨٠٥ی «کوردستان»، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ٣١ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاویدا بڵاو بۆتەوە.)**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کەماڵ کەریمی:
# تۆڵەی کاک مووسا و شەهیدەکانی دیکەمان تەنیا بە ڕووخانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەکرێتەوە

دیمانە: جەمیل سەرمەستی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**سەرەتا سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و بەتایبەتی شەهیدی تازەی حیزب و گەل شەهید «مووسا باباخانی». بەڕێزیان مژاری ئەم وتووێژەمان کردنەوەی باسێکە لەسەر چۆنیەتیی شەهیدبوونی «مووسا باباخانی» و هەروەها پێوەندیی سەردانی وەفدی هەرێم بۆ ئێران و هاوکات تێرۆرکردنی شەهید «مووسا» لەو هەرێمەدا، چەند ڕۆژ دوایی ئەوەی کە حوکمی دادگاییکردنی سێ کەس لە بکوژانی «قادر قادری» لە هەولێردا دەدرێ، دیسان تێرۆرێکی دیکە بە ناوچاوانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە دەنوسێت.**

**بۆ زیاتر شیکردنەوەی ئەو باس و بابەتانە و زانیارییەکان لەسەر کەیسی تێرۆری شەهید «مووسا باباخانی»، وتووێژێکمان لەگەڵ کاک «کەماڵ کەریمی»، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێناوە.**

***

**کاک کەماڵ سەرەتا با بزانین دواین زانیارییەکان چین لەسەر کەیسی تێرۆر یان تێرۆرکردنی شەهید «مووسا باباخانی»؟**

منیش با بە یادی شەهید «مووسا»وە قسەکانم دەست پێ بکەم کە لەنێو هەموومانددا جێگەی دیارە، لەڕاستیدا هەموومان هەست دەکەین کە وەکوو کەس یان کەسایەتییەکی چالاک و تێکۆشەر لەنێومان دا بوو و بەداخەوە شەهید کرا. ئەوەی کە تاکوو ئێستە مەعلوومە و ڕاستە تاکوو ئێستەش لێکۆڵینەوەکان و بەدواداچوون بۆ پەروەندەی چۆنیەتیی شەهیدکردنی کاک «مووسا» هەر بەردەوامە و دەزگا ئەمنییەتییەکانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەت ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە بەردەوامی ئەم چەند ڕۆژە، خەریکی بەدواداچوون بوون، چەندین کەسیان بە جۆرێک هەستیان کردووە و ئەگەری هەیە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو هاتووچۆیانەدا دەرکەوتبێتن یان هاتووچۆیان کردبێت، لەسەریان شتێکیان هەست پێ کردبێت ئەوانە بانگ کراون، هەندێک کەسیان ڕاگیراون، ئەوەی کە مەعلوومە بەهەرحال بەپێی پیلانێکی لەپێشدا داڕێژڕاو، کاک «مووسا» پەلکێشی ئەو شوێنە کراوە کە لێی شەهید کراوە. دواتر بەپێی دواین زانیاریی پزیشکی قانوونی، دیارە کە بە دەمانچەیەک دەنگکپکەر لەسەری دراوە و شەهیدیان کردووە.

بەڵام تاکوو ئێستە لەسەر ئەوەی کە بزانین تۆمەتبارە سەرەکییەکان زانیارییەکی نوێ لە بەردەستدا نییە کە بزانین کێن و سروشتییە شتێکی ئاوا لەلایەن دەزگای دادوەری و ئەومنییەتییەوە ئەگەری هەیە پێی بچێت و ئەوەی کە بەتەواوەتی ڕوون بێتەوە هەر ئەوەیە کە ئێمە پێشتر داوامان کردووە و چاوەڕوانیی ئەوە دەکەین کە دەزگای دادوەری بەدواداچوون بکات بۆ لێپرسینەوە و دادگاییی ئەو کەسانە کە دەستیان لەو تیرۆرەدا هەبوون دەزگا ئەمنییەتییەکانیش کە ئەو ڕاستییانە کە لەو پرسەدا دەردەکەوێت، بە ئاگاداری خەڵکی بگەینن.

**کاک کەماڵ هەتا ئێستە کەسێک گیراوە؟**

بەڵێ، کۆمەڵێک کەس گیراون، لەڕاستیدا ڕەنگ بێت بڵێم ئەو ڕۆژی شەممە کە ئاگادار کراین لەوەی کە «مووسا» شەهید کراوە و دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەدواداچوونیان بۆ پرسەکە کرد، هەر ئەو ڕۆژە چەند کەسێک دەستبەسەر کراون و هەتا ئێستە چەند کەسێکیان لەلا ماوە و لەسەریان خەریکی بەدواچوون و لێکۆڵینەوەن.

**باسی پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران دەکرێت، هاوکات کە سەرۆکی هەرێمی و وەفدەکی لە تارانن، لە پێتەختی هەرێمی کوردستاندا ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران تیرۆر دەکات، چۆن ئەمە لێک دەدەنەوە؟**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاستییەکی ئێمە پێمان وا نییە ئەم پرسی تیرۆرانە پێوەندیی بەو جۆرە سەردانانەوە هەبێت، هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی سیاسیی هەیە هەرچەند قەوارەیەکی بەشێکە لە عێراق و حکوومەتی عێراق، بەڵام بەهەرحاڵ بۆخۆی هەیمەنەیەکی سیاسیی هەیە و لەو ناوچەیە گرنگیی تایبەتی پێ دەدین، دەبینین کە تەنیا ئێران نییە، تورکیە، ئیمارات، سعوودیە و... لەڕاستیدا هەموو وڵاتانی ناوچە جیاواز لەوەی کە لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە پێوەندییان بە حکوومەتی عێراقەوە هەبێت، بەجۆرێکیش تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستانیان لەبەرچاو گرتووە و ئەو پێوەندییانەیان هەیە، بۆ ئێرانیش ئاساییە کە هەوڵی بەردەوامبوونی ئەم پێوەندییانە بدات، بەڵام ڕوانگەکان جیاوازن، ئەگەر بڵێین ڕوانگەی سعوودیە و ئیمارات بەنیسبەت هەرێمی کوردستانەوە بەراورد بکەین لەگەڵ ڕوانگەی تورکیە و ئێران، ڕوانگەیەکی جیاوازن ڕەنگە ئەوان ڕوانگەیەکی دۆستانە بۆ پەرەپێدانی سەرمایەگوزاری، بە پەرەپێدانی گەشەپێدان بە ناوچە و دروستکردنی، پێوەندییەکی سالمی بازرگانی لەنێویاندا، بەڵام بۆ ئێران لانی کەم ئەو پرسە گرنگە ئێرە وەکوو ناوچەیەک دەبینێت کە کاریگەریی لەسەر هەموو ستراتیژییە سیاسییەکان و ناوچەییەکانی ئێران هەیە. لە هەموو ٣٠ ساڵی ڕابردوودا، هەر بەو جۆرە ڕوانیویەتی و هەر بەو جۆرە تەعامولی کردووە لەگەڵ ئێرە و ئێستەش پێمان وایە کە هەر ئەجۆرە سیاسەتە کە بەشێک لە ستراتیژیی ئێرانە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هەر وا درێژەی پێ دەدات. ئاساییە بۆ هەرێمی کوردستانیش بۆ ئەوەی کە چۆن پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتانە هەروا ڕابگرێت و گومان لەوەدا نییە کە هەرێمی کوردستان پێویستی بەو جۆرە پێوەندییانە هەیە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و بەتایبەتی کاروباری بازرگانی گرنگە بۆ خەڵکی کوردستان. بۆ هەوڵدان بۆ ئەوەی کە بتوانێت ئەو ناوچەیە وەکوو ناوچەیەکی ئارام بپارێزێت، ڕەنگە هەر کامەی ڕوانگەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جیاوازیی هەبێت، بەڵام ئەمە پێمان وا نییە کە سەردانی وەفدی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کاک «نێچیرڤان بارزانی» سەردانی تارانی کرد، پێوەندیی بەوەوە هەبێت کە ئێران سیاسەتی لە مەسەلەی تیرۆری دژبەرانی چییە و چۆن دەڕوانێتە ئەوانە.

واتە بە دوو شتی تەواو جیاوازی دەبینین، ئەمیان وەکوو هەوڵدانێکی دیپلۆماسی بۆ ڕاگرتنی پێوەندییەکان لەگەڵ وڵاتێکی دراوسێ، ئەویان بۆ سەپاندنی سیاسەتێکی هەمیشەگی خۆی بۆ لەنێوبردنی دژبەرانی. بەڵام لەوەیدا گومانێک هەیە کە ئایا ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەیهەوێت بە کردەوەکانی، هەرێمی کوردستان نائارام بکات یان وا نیشان بدات کە هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی نائارامە و ئاوا دەیهەوێت ئەوە بکاتە ئامرازێک بۆ گوشاری زیاتر بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەمانە بابەتگەلیکی جێگەی باسەن، بەڵام دیسانیش گرنگیی جۆری پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان، کەم ناکاتەوە.

**کاک کەماڵ، جاروبار پەنجەی ڕەخنە بۆ ئەمنییەتی حیزب دەکێشرێت، دەڵێن ئەمنییەت کەمکاریی کردووە لەم تیرۆرە و تیرۆرەکانی پێشوودا، ئەمنییەت بەتایبەتی لەم تیرۆری شەهید «مووسا»دا چ کەمکارییەکی کردووە؟**

بە ڕای من ئەگەر باسی ئەمنییەت و پاراستنی حیزب و کەسایەتییەکانی حیزب و کادر و ئەندامانی حیزب دەکرێت، ڕەنگە بڵێم پێوەندیی بە تاک بە تاکی ئەندامانی حیزبەوە هەیە. نە پێوەستی بە دەزگای حیزبییەوە کە بڵێن ئەوە دەزگای ئەمنییەتی حیزبییە کەمکاریی کردووە یان کەمکاریی نەکردووە. ئەوەی کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە توانایەکی زۆر و بە کەرەستەیەکی زۆر و بە پارەیەکی زۆرەوە لە هەموو شوێنێک هەوڵ دەدات لە ڕێگەی تیرۆریستەکان و دەستپەروردە و سیخوڕەکانییەوە زەربە لە ئێمە بدات، لەوەدا گومانمان نییە. دەزگای ئەمنییەتی ئێمەش

بەو کەرەستانەوە کە لە بەردەستیدایە و بەو مەحدوودیتەی کە لە چوارچێوی کاری لە بەردەستیدایە، بەداخەوە لەبەر ئەوەی کە دەستڕاگەیشتنی بە زۆر شوێن نییە، توانیویەتی ڕووبەڕووی زۆر پیلانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئیران ببێتەوە.

ئێمە لانی کەم ئەگەر بڵێم لە ئەمساڵدا دەزگای ئەمنییەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، چەندین پیلانی تێرۆریستیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی پووچەڵ کردووەتەوە و چەندین کەس دەستبەسەر کراون لەو کەسانەی کە ناردوویانن بۆ کاری خراپکاری. ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە دەزگای ئەمنییەتی حیزب بە خەمی کارەکەوە بووە. بەڵام ڕەنگە تواناییەکان لەسەر ئەو ئاستە نەبێت کە بتوانن ڕووبەڕووی هەموو پیلانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئیران ببنەوە، ئەویش لە شوێنی جۆراوجۆر دەزانن ڕێژیمی ئیسلامی، تەنیا تەرکیزی لەسەر ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان نییە، تەرکیزی لەسەر قەڵای دێموکرات نییە، شەبکە تێرۆریستییەکانی بڵاو دەکاتەوە، لە هەر شوێنێک کە بتوانێت بە شێوازێک یەکێک لە کەسایەتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بخاتە داوەوە، ئەو زەربەی خۆی دەوەشێنێت و ڕەنگە دەزگای ئەمنییەتی حیزب، توانای ئەوەی نەبێت کە لە هەموو ئەو شوێنانە پارێزگاریی لە حیزب بکات.

ئەگەر بڵێم ئەوان لە بەشێکی بەرچاو لە کارەکانی خۆیان سەرکەوتوو بوون، بۆ بەرگریکردن لە حیزب و پێشگیری لەوەی کە هەموو هەوڵەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران نەتوانێت بە ئەنجام بگات، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە پێویستییەک لە بەردەم ئەندامانی حیزب و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبدایە کە ئەوانیش دەبێت یارمەتیدەر بن بۆ پاراستنی ئەمنییەتی خۆیان و پاراستنی ئەمنییەتی هاوڕێیەکانیان. ئەوە ڕەنگ بێت کێشەی دروست کردبێت، هەندێک لە دۆستان و خەمخۆرانی حیزب بە گومان دەگەینن، ڕەنگە هەندێک کەمتەرخەمی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەلایەن کۆمەڵێک لە کەسەکانەوە هەبێت، بەداخەوە زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بتوانێت دزە بکات و زەربەمان لێ بدات.

**کاک کەماڵ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کەسانێک دەستنیشان دەکات، یان نا تەنیا دەیهەوێت، ترس و تۆقاندن بڵاو بکاتەوە؟**

دەزانی، ڕێژیمی ئیسلامی، هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە مەسەلەی تیرۆر و لەنێوبردنی دژابەرابی خۆی، بوو بە بەشێک لە سیاستی فەرمیی ئەم ڕێژیمە. دەبینیت ئێمە بەداخەوە سەرکردە گەورەکانمان لە ئەنجامی ئەو پیلانە گەورەیەدا لەدەست دا، بەڵام لەڕاستیدا ئەگەر بڵێم لە دەیەی یەکەمی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی ئیسلامیدا، زۆرتری تەرکیزی لەسەر کەساییەتییە تایبەتییەکانی حیزبی دێموکرات هەبوو، لە دەیەی دووهەمدا واتە لە ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی بەولاوە، بە بەربڵاوی ئەم شەبکە تێرۆریستییانە بڵاو کردەوە بۆ ئەوەی کە لە هەر کوێ بۆی بکرێت لە هەر کەس بێت بدەن. دەزانی، ئێمە لە دەیەی ٧٠ی هەتاویدا، لە ماوەی ڕەنگە بڵێم ٧ تا ٨ ساڵدا بە دەیان و سەدان کەسمان کەوتنە بەر پەلاماری تێرۆریستی و لە ئەندامان، لایەنگران،کادرەکانی حیزب و لە بەرپرسای حیزب، واتە لەڕاستیدا گۆڕەپانی شەڕی لە نێوخۆی کوردستانەوە گواستەوە بۆ دەرەوی سنوورەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر ئەو جۆرەی لە گۆڕەپانی شەڕدا ڕووبەڕووی پێشمەرگە و خەڵک دەبووە، لە کردەوەی تێرۆریستییشدا هەر بەو بەرفراوانییەوە ڕووبەڕوو دەبووە و هیچ جیاوازییەکی پێ نەدەکرد لە کوێ و لە کێ دەدات.

تەنانەت لێرە بە دەستی تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران منداڵی پێشمەرگە شەهیدبوون، واتە تێرۆرێکی کوێر. ڕەنگە ئێستەش ئەمە لێرە بەشێک لە سیاسەتەکەیان بێت، بەڵام هەندێک جار تەرکیز

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکەنە سەر کاسایەتییەکان. بەڵێ، بۆچی کاک «مووسا»! لەڕاستیدا دەبێت بڵێم، حەساسییەتەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەکانی خوارووی کوردستان لە ڕۆژهەڵات، پرسی ئیلام و کرماشان گرنگیی کارەکانی کاک «مووسا» لەو ناوچانەدا، ئەوەی کە ئەوان هەستیان دەکرد کەسێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ناوچەدا بووەتە کەسایەتییەکی جێگەی متمانە بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە، بۆ کەسایتییەکان، بۆ بنەماڵە و عەشیرەتەکانی ئەو ناوچەیە، بۆ ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بوو، جۆری پێوەندییەکان و بەرفراوانیی پێوەندییەکانی کاک «مووسا»، ئەو حەساسیەتەی لای ئەوان لەسەر کاک «مووسا» دروست کردبوو. ئێمە لە یەک ساڵی ڕابردوودا دەمانزانی کە پیلان هەیە بۆ لەنێوبردنی کاک «مووسا». بەداخەوە ئەو پیلانە لەگەڵ ئەوەی زۆر پارێز (ئیحتیات) کرا، زۆر جار کاک «مووسا» ئاگادار کراوە لە پیلانەکان، کاک «مووسا» خۆی بەڕاستی هەوڵی دەدا ئەوانە لەبەرچاو بگرێت، بەڵام بەهەرحاڵ، هەر هۆکارێک هەبوو لە کۆتاییدا ئەوان بە مەبەستیان گەیشتن. ڕاستییەکەی ئەگەر بڵێم پرسی کاک «مووسا»، نە جیاوازی هەبێت لەگەڵ و پێشمەرگە و بەپرسانی دیکەی حیزبی، بەڵام حەساسیەتی ڕێژیم بە ناوچەی کرماشانەوە و بە ناوچەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەور و ڕۆڵی کاک «مووسا» لە ناوچەی کرماشان بوو بە هۆی ئەوەی کە کاک «مووسا» وەکوو ئامانجێکی تایبەت چاو لێ بکەن و هەوڵی تێرۆرکردنی بدەن.

**دەتوانین بڵێن بەشێکی کەمتەرخەمیی کاک «مووسا» بوو؟**

شایەد دەرسەدێکی زۆری، بەداخەوە.

**هاتنی ڕەئیسی وەکوو سەرۆککۆمارێک کە دەستی لە کوشتن**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**و کوشتاری خەڵکی بێتاوانی ئێران و کوردستانیشدا هەبووە، دەتوانێت کاریگەریی هەبێت لەوەی کە سیاسەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دیسان گەڕاوەتەوە بۆ تیرۆر یان هەر دۆخی سیاسی و بەهەرحاڵ ئابووریی دارمانی سیاسەتی ڕێژیمی ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوە، وای کردووە کە ئەم ڕێژیمە پەنا بۆ تیرۆر بباتەوە؟**

دەزانی، وەکوو باسم کرد، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە چل ساڵی ڕابردوودا، تیرۆر بووەتە بەشێک لە سیاسەتی فەرمییەکەی، واتە لانی کەم بڵێم لەو دەزگایانەی کە دروستی کردوون و بەتایبەت لە دەزگاکانی دەرەوەی سنوورەکانی، وەکوو قەرارگای هەزمزە، وەکوو سپای قودس، لەڕاستیدا ئەمە لە دەستووری کاری ڕۆژانەی ئەواندا بووە. ڕەنگە لە هەندێک لە قۆناغەکاندا ئێمە هەستمان کرد کەم بووەتەوە یان زۆر بووە. بۆ نموونە ئەگەر بڵێم وەکوو باسم کرد لە دەیەی حەفتای هەتاویدا، زۆرترین گوشار کەوتە سەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و بەتایبەتی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی ئەو ڕێژیمە، دواتر دیتمان لە قۆناغێکدا خاتەمی هاتە سەرکار، بە گۆڕانێک لە وەزارەتی ئیتلاعاتدا شایەت بۆ دڵنیاکردنەوەی جیهان و دەرەوە، کردەوە تێرۆریستییەکان لە خاکی ئورووپادا لە کەمییان دا. بەڵام قەت تەواو نەبوو و قەت کۆتایی نەهات، لەڕاستیدا کەم بووە.

ئەودەم ئەگەر لە دەرەوەی ئێران کردەوە تێرۆریستییەکان کەم بووە، ئەم گوشارە لە نێوخۆ کەوتە سەر چالاکان و ڕۆژنامەنووسان و خوێندکارەکان و بە لەنێوبردنی بە ئانقەست و ڕاستەوخۆی ئەوان، بە هۆی ڕووداوی ئوتوبووس (پاس) و نازانم بە هۆی هۆکارەکانی دیکە کە لەڕاستیدا کەوتە سەر ئەوان و لەوێ سزای جاییران و داژبەرانی خۆیان دەداوە، بەڵام تەنانەت ئەم دەورەیە لە کەمبوونەوەی چالاکییە تێرۆریستییەکانیش وا نییە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەو دەورەیەشدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وازی هێنابێت لە کاری تیرۆریستی خۆیدا. ئەمە هەر بەردەوام بووە، هەر لە دەورانی سەرۆککۆماریی «ڕووحانی»دا بووە کە زۆر هەوڵی تیرۆریستی دراوە. لە سەردەمی «ڕووحانی»دا بوو، بۆ نموونە کە لە بلژیک و لە فەرانسە کۆمەڵێک کەسیان دەستبەسەر کرد کە دەیانویست کۆبوونەوەی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک بتەقێننەوە.

واتە ئەمە لەڕاستیدا پێوەندیی بە گۆڕانی دەوڵەتەوە نییە، پێوەندی بە سیاسەتی حکوومەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە هەیە، سیاسەتێک کە لە بەیتی ڕێبەری و سوپای پاسدارانەوە ڕێبەری دەکرێت، بەبێ ئەوەی کە بیر لەوە بکەنەوە کە دەوڵەت چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە. ئاساییە ئەگەری هەیە کە سیاسەتی دەوڵەتە جیاوازەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، ئەویش لە پێوەندی لەگەڵ دەرەوەی وڵات و لە پێوەندی لەگەڵ دیپلۆماسیی ئێران، لەگەڵ وڵاتانی ئورووپاییدا بەتایبەتی، ئەگەری هەیە کە هەندێک بە قەول کەمی کردبێت یان زیادی کردبێت، دەنا ئەمە سیاسەتێکی حکوومەتییە و لەلایەن بەیتی ڕێبەری و دەزگای ئەمنییەتیی سەر بە بەیتی ڕێبەری، فەرماندەی سوپای تیرۆریستیی پاسداران و سپای قودسەوە بەڕێوە دەچێت، بەڵام دەتوانین بڵێین هاتنی ڕەئیسی کە بۆخۆی یەکێک لەو کەسانە بووە، دەستێکی باڵای هەبووە لە کوشتن و کۆمەڵکوژیی دژبەرانی ڕێژیمدا و یەکێک لەو کەسانەیە کە لەڕاستیدا زیاتر لە سەرۆککۆمارەکانی دیکە پشتی بە سپای تیرۆریستیی پاسداران بەستووە، ڕەنگە ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی کە ئەم کارانە زیاتر پەرە بستێنێت.

**هەر وەک بەڕێزتان ئاماژەتان پێ کرد تیرۆر سیاسەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە و بنەمای ئەو ڕێژیمە بەو شتانە داڕێژراوە، بەڵام کاک کەماڵ دەنگۆگەلێک هەیە کە دەڵێن بەتایبەت زەقکردنەوە هەرێمی کوردستان، بۆ تیرۆر لەم کاتەدا، دەڵێن**

**چەندکەسی تر لە لیستی تیرۆردان و لەم جۆرە شتانە، شتی وا تاکوو چەندە ڕاستە؟**

لەڕاستیدا من دەمەوێت بە ڕاشکاوی بڵێم، ئەم دەنگۆیانە جگە لەوەی کە دۆخ و کەشێکی ڕەوانی و ناخۆش بۆ تێکۆشەرانی کورد دروست بکات، هیچ قازانجێکی نییە. ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هیچ کاتێک نەپرینگاوەتەوە لەوی کە ئەگەر دەستی ڕۆیشتبێت کەسێک تیرۆر بکات وازی لێ هێنابێت، لەبەر هەر هۆکارێک. هەر کاتێک بۆی کارابێت تیرۆرێکی کردووە. ئەو کەسانەی کە تیرۆر کراون ساڵانێکە ناویان هەیە کە تیرۆر بکرێن و ئەمە شتێکی تازە نییە. بە بڕوای من ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، نەک تەنیا ئەو ناوانە کە بڵاو بوونەوە، زۆری کەسی دیکە کە ناویشیان بڵاو نەبووتەوە، لە لیستی تیرۆریاندا هەیە و هەرکاتێک بۆیان لوابێت و کرابێت ئەو کاتە ئەو کارە ئەنجام دەدەن. بۆیە من لەڕاستیدا ئەوە بە خزمەت نازانم کە ئەو دەنگۆیانە بڵاو دەبێتەوە. جگە لەوەی کە کێشەیەک دروست دەکات، جگە لەوەی کە باری ڕەوانی دروست دەکات، یارمەتی دەدات بەو ڕێژیمە کە لە پەنا کردەوە تیرۆریستییەکانی، کەشێکی ناخۆشی ڕەوانی بۆ تێکۆشەران و دڵسۆزانی کورد دروست بکات، هیچ خزمەتێکی تر نییە. من پێم وایە ئەمە ئەگەر کەسێک یان کەسانێک یان لایەنێک، بەڕاستی زانیاری هەیە و دەیهەوێت خزمەت بکات، ئەو زانیارییانە ڕاستەوخۆ بگەیەنێتە لایەنە پێوەندیدارەکان و حیزبەکان بۆ ئەوەی کە هۆشیاریان بکاتەوە بۆ ئەوەی کە بزانن و زانیارییان هەبێت. ئەوکات ئەوانە هیچیان زانیاری نیین. زانیارییەک هەیە ئەوەی کە دەیانهەوێت فلان کەس تیرۆر بکەن، ئەمە زانیاری نییە، زانیاری ئەوەیە کە بڵێن کێ، چۆن، لە کوێ و کەی. ئەمانە دۆرن و هیچ زانیارییەکیان لە پشت نییە. لیستێک لە تیرۆردان، لە کوێ تیرۆر دەکرێن، کێ تیرۆریان دەکات و چۆن تیرۆر دەکەن و کەرەستەی تیرۆرەکە چییە و ئەگەری تیرۆرەکە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چییە، هیچ یەک لەمانە کە زانیاری نین بە دوای ئەمەدا نابیە. بۆیە من بۆخۆم پێم وایە ئەو لیستانە نە تەنیا بڵاو دەبنەوە، دەتوانین بە دەیان لیستی تری ئاوا ڕاگەیەنین کە ئەوە لە لیستی تیرۆردان و ئەگەر ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، بۆی بکرێت تیرۆریان دەکات. وەک نموونە کاک «جەمیل سەرمەستی» پارێزراو نییە، ناوی لەم لیستانەدا نییە، بەڵام ئەگەر ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆی بکرێت و توانی دەستت پی ڕابگات تیرۆری دەکات. کەوا بوو ئەوەی کە لیستێکی تایبەت هەیە بۆ تیرۆر لەڕاستیدا جگە لەوەی کە بڵێن هەندێک دروستکردنی جەو و کەشی خراپی ڕەوانییە بۆ تێکۆشەران و دڵسۆزان و خەمخۆرانی کورد، هیچ خزمەتێکی تر ناکات و زۆر سپاسیان دەکەین کە هەموو ئەو کەس و لایەنانە کە زانیاریی ئاوایان لەلایە، ئەگەر ئەو زانیارانە بدەن بە لایەنەکان، حیزبەکان و لایەنە پێوەندیدارەکانی پاراستنی ئاسایشی هەرێم، ڕنگە ئەوە خزمەتێکی گەورە بێت بۆ ئەوەی کە ئەم کەسایەتییە گەورانە زیاتر بپارێزین.

**هیچ هەوڵێک دراوە پێوەندی بە کەسانەوە بگیردرێت کە ئایا ئەو زانیارییانەیان لە کوێ هێناوە و بەهەرحاڵ قسەیان لەگەڵ بکرێت؟**

هەوڵ دراوە، بەڵام بەداخەوە وەکوو باسم کرد زانیاری نین، لەڕاستیدا قسەکان هەر لەو ئاستەدان. فڵان کەس لە فڵان حیزب دەکوژرێن، هەندێک ناو هەیە من دەزانم ٢٠ساڵیشە هەن، بۆ نموونە ناوی کەسێک هەیە کە بیست و چەند ساڵ لەوە پێش لە سلێمانی، بۆمبیان لە ماشێنێکی دانابوو و تقیەوە، ئیتر بە قەولی خۆمان دەڵێ خودا نەیکوشت. کەسێک کە بیست و چەند ساڵ لەوە پێش بۆمب لەنێو ماشێنەکیدا دادەنێن بیکوژن، تازە ئەوەی کە ئێستە ڕایگەیەنن ناو لە لیستی تیرۆردایە لەڕاستیدا واتایەکی نامێنێت، دیارە کە بیست و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەندساڵ لەوە پێش تێرۆر کراوە. کەوا بوو کاتێک ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ویستوویەتی بیست و چەند ساڵ لەوە پێش تێرۆری بکات و سەرکەوتوو نەبووە، هەرچەند بەسەختی بریندار بووە، کەوا بوو ئێستەش هەر بە دوای ئەوەیە کە تێرۆری بکات. بۆیە من ئەوەندەت عەرز دەکەم کە هەوڵ دراوە پێوەندییان پێیەوە بگیرێت و ئەگەر زانیاریی هەیە و زانیاری بدەن، دەنا ئەمانە زانیاری نین، کەسێک کە دوو جار تێرۆر کراوە و خودا نەیکوشتووە، ئێستە هەوڵی تێرۆرکردنی دەدەن دیارە تێرۆری دەکەن.

**کەوایە دەتوانین لە قسەکانی بەڕێزتان وا تێ بگەین، هەر کەسێک کە وەکوو دژبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بێ و بەتایبەت لە کوردەکان کە ڕۆژێک لە ڕۆژەکان دەبێتە پێشمەرگە و چەک لە شانی دەکات و دەبێتە دژبەری ئەو ڕێژیمە، گیانی لە مەترسیدایە؟**

بەدڵنیاییەوە. بەدڵنیاییەوە خۆت بە پارێزراو بزانێت لە بەرانبەر دەزگای تێرۆری ئەو ڕێژیمە، ئەگەر پێی وا بێت کە ناوی لەو لیستانەدایە کە بڵاو دەبێتەوە.

**باشە، کاک کەماڵ سیاسەتی حیزب هەر وەکوو جارانە کە تێرۆر بە تێرۆر وەڵام ناداتەوە یان خەڵکێکی زۆر داوی تۆڵە دەکەن و تۆڵە لە سیاسەتی حیزبدا هەیە؟**

دەزانی پرسی تێرۆر، حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە باوەڕی وا بووە و هەیە، تێرۆر یەکێک لە نەشیاوترین ڕەفتارەکانە بۆ لەنێوبردنی مرۆڤەکان. کەسێکی تاوانبار زۆر ئاساییە کە تۆ تاوانەکانی هەست پێ بکەیت و تاوانەکانی ڕاگەینیت و بڕیار کوشتنی بدەیت. بۆیە ئێمە قەت باوەڕمان نەهاتووتە سەر ئەوەی کە کاری تێرۆریستی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکەین. ئاساییە تۆ لە شەڕی پێشمەرگانە و ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکارانەدا، ئاساییە بۆ کەسێک کە دەیهەوێت تۆ لەنێو ببات و تۆ لێی وەدەست دێیت. لەمانەدا دوژمن دەکوژرێت و زۆریش ئاساییە کە لەو ڕووبەڕووبانەوانەدا تۆ هەوڵ بدەیت دوژمنەکانت لەبین بەریت. بەڵام وەکوو پرسی تیرۆر، حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە باوەڕی وا بووە کە تیرۆر شێوازێکی نەشیوا و قێزەوەنە بۆ لەنێوبردنی مرۆڤەکان و پێمان وایە یەکێک لە هۆکارەکانی مەحکوومیەتی جیهانی لەسەر ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کارە تیرۆریستییەکانیەتی کە ئێمە خۆمان هەمیشە پشتگیریمان کردووە لەو ئیدانە و مەحکوومیەتانە لە کۆمەڵگەی جیهانیدا. پێشمان وا نییە تیرۆر بە تیرۆر وەڵام دەدرێتەوە. لەڕاستیدا ئەوان تیرۆرکردن وەکوو سیاسەت بەکار دەبن و وەکوو سیاسەتی فەرمی دەیسەپێنن، بەڵام ئێمە پێمان وایە خەڵکی کوردستان خۆڕاگرترە لەوەی کە بیهەوێت بە کوشتنی کەسێک تۆڵەی کەسێکی دیکە بکاتەوە. ئێمە بە تۆڵەی کوشتنی هیچ کەس ناتوانین تۆڵەی کوشتنی شەهید «مووسا» بکەینەوە، شەهید «مووسا» لە لامان زۆر گەورە بووە، کەوا بوو بە لەنێوبردنی فلان کەس تۆڵەی شەهید «مووسا» ناکرێتەوە. تۆڵەی شەهید «مووسا» و شەهیدەکانی دیکە تەنیا بە خەبات و تێکۆشان بە دژی ئەو ڕێژیمە تیرۆریستییە دەتوانین بکەینەوە.

**کاک کەماڵ باسی کۆمەڵگەی جیهانیتان کرد، کۆمەڵگەی جیهانی ئێستە بۆ نموونە ئەگەر، «حەمیدی نووری» لە سویددا خەریکە دادگایی دەکرێت، لەسەر ئەو تاوانە کە پێشتر ئەنجامی داوە، زۆر کەس لە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران جاران و ئێستە لە دەرەوی وڵات، دەکەونە نێو دوای دادگا و دادپەروورییەوە، ئایا ڕێگەیەک هەیە شاکایەتێک لە ناوەندی نێودەوڵەتی تۆمار بکرێت، بۆ ئەو تیرۆرانە بۆ شتێکی ئاوا؟**

بێگومان ئەوە خۆی یەکێک لە دەستکەوتە هەر باشەکانە، بە بڕوای من ئەو بڕیارە دەرچووە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت بە شوێن تاونباران بکەوێت، لە هەر وڵاتێکدا دەستبەسەر بکرێن هەر وەکوو ئەوەی «حەمید نووری» لە سوید، دوێنێ دەست بە دادگاییکردنی کراوە، لەڕاستیدا دەبێت دادگایی بکەن. بێگومان ئێمە هەوڵمان داوە کە لەسەر زۆر لەو بابەتە تێرۆریستانە زانیاری بدەین بە کۆمەڵگەی جیهانی، بدەین بە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی و کۆڕ و کۆبوونەوەی یاسایی. ئەوەی دیکە من پێم وایە یەکێک لە ئەرکەکانی کورد و ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانییەکانی ئەو ڕێژیمە و حیزبە کوردستانییەکان کە بە ڕوونی لەسەر یەکە بە یەکەی ئەو تێرۆرانە و بە وردبینییەوە تەنانەت بە ناوی ئەو کەسانەوە کە کردەوە تێرۆریستییەکی ئەنجام داوە، ئەوە بدرێت بەم شوێنانە. گومان لەوەدا نییە کە زۆر کەس ئەگەری هەیە لە هەلومەرجێکدا پەنا برنە بر ئەو وڵاتانە و تەنانەت بۆ کاری تێرۆریستیی دیکە بچنە ئەو وڵاتانە، بەتایبەتی ئەوانە دەزانن کە خەڵک دەنێرن بۆ وڵاتانی دەرەوە و بەتایبەت بۆ وڵاتانی ئورووپایی بۆ ئەوەی کە لەوێ کاری تێرۆریستی ئەنجام بدەن و ئەوانە کەسانێک کە پێشتر ئەگەری هەیە لە کاری تێرۆریستیدا بەشداریان کردبێت یان بەشدار بووبێتن. لایەنی ئەو زانیاریانە کە ئێمە پێمان وایە دروستن و وەکوو ئەرکێک دەبێت بە شوێنی بکەوین و ئەنجامی بدەین کە بەشێکی هەر کراوە و بە بڕوای من هەوڵدانێکی باش دەبێت بە جۆرێک لە بەرانبەر ئەو دەستدرێژیانەی کە ڕێژیمی ئێران دەیهەوێت لە ناوچە جۆراجۆرەکان بیکات و بەتایبەت لە وڵاتانی دەرەوە لەمپەرێک دروست بکەین ئەگەر بچووکیش بێت.

**کاک کەماڵ ئێمە وەکوو دوا پرسیار ڕەنگە پێوەندی بە باسەکەشمانەوە نەبێت، بەڵام دەڵێن باشترین تۆڵە بەتایبەت بۆ کاک «مووسا باباخانی» یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبە بە**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**زوویی، واتە شتێکی وا دەتوانێت ببێتە تۆڵەیەک؟**

تۆڵەی کاک «مووسا» و شەهیدەکانی دیکەمان تەنیا بە ڕووخانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەکرێتەوە. واتە درێژەی خەبات و دڵنیابوون لە درێژەدانی خەبات و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن بەسەر ئەو ڕێژیمە و دەزگای ئەو ڕێژیمەدا. ڕووخانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەتوانێت تۆڵەی هەموو شەهیدانی خەڵکانی ئێران و بەتایبەت هەموو شەهیدانی خەڵکی کوردستان بکاتەوە. پرسی یەکگرتنەوە لەڕاستیدا دەتوانێت یارمەتیدەرێک بێت بۆ ئەوەی کە بزووتنەوەی کورد بە ڕەنگوڕوویەکی جیددیترەوە و بە هێزێکی زیاترەوە بەرەو ئەو مەبەستە هەنگاو هەڵگرێت. بۆ تۆڵە بە بڕوای من پێم وا نەبێت یەکگرتنەوە پێوەندیی بە تۆڵەی کاک «مووسا»وە هەبێت. ئەگەر یەکگرتنەوە پێوەندیی بەوەوە هەبێت دەتوانین بڵێین یەکگرتنەوەیەک بێت کە یارمەتیدەر بێت بۆ کۆکردنەوەی هێز و وەزە و پوتانسیێلێکی زیاتر بۆ پاڵپێوەنانێکی زیاتر بۆ ڕووخانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، ڕەنگە ئەوە مەبەستەکە بێت کە زۆریش پیرۆزە.

**هەواڵێکی خۆش هەیە بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم کاتەدا؟**

هەوڵەکان هەیە، هەوڵەکان بەردەوامەن. زۆر جار باسم کردووە و لێرەش باسم کردووە کە یەکگرتنەوەی وشەیەکی پیرۆزە و هەموو کەس پێی خۆشە باسی بکات و زوو بیبیستێت، بەڵام وردەکاریی کارەکە شتێک نییە کە مرۆڤ بڵێ بۆ نموونە گرفتەکان چین! کاری زۆرە کە بە بەردەوامی دەبێت لەگەڵی خەریک بین و هەتا ئێستەش هەر دوو لای دیموکرات بە بەردەوامی باسی دەکەین و هیواداریین لە کاتێکی گونجاودا بتوانین بە ئاکامی ئەرێنی بگەین.

**(ئەم دیمانەیە مانگی گەلاوێژی ١٤٠٠ لە کوردکاناڵ بڵاو بۆتەوە.)**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەو شۆڕشگێڕەی بوو بە گوڵێکی سوور بۆ بەرۆکی نیشتمان

قادر وریا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ساڵێک لەمەوبەر دەستی تیرۆریزمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوەندی شاری هەولێر، لە قۆڵی زۆڵەکوردێکی خەیانەتکار هاتەدەر و گیانی کادرێکی لێوەشاوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئەستاند.

مووسا باباخانی، ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتوو لە پارێزگای کرماشان و لە نێو هاوزمانانی یارسانیمان بوو. هاوڕێ مووسا تێکۆشانی سیاسی و حیزبیی ئاشکرای خۆی لە پێشمەرگایەتیی هیزی پارێزگاریی حیزب لە ساڵی ١٣٧٨ دەست پی کرد. دوای چەند ساڵ پێشمەرگایەتی لە هێزی پارێزگاری، هاتە کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب و لە بەشی فەنی ڕۆژنامەی «کوردستان» دەست بەکار بوو و بووین بە هاوکار.

هەر لە سەرەتای تێکۆشانی حیزبایەتییەوە، تینوێتی و هۆگرییەکی زۆری بۆ فیربوون و خۆپێگەیاندن هەبوو. سەرماوەزی ١٣٨٥(دێسەمبری ٢٠٠٦)لە کاتی لەتبوونی حیزبی دیموکراتدا، کاک مووسا لە بەشی چاپەمەنیی حدکا و دواتر لە تەلەڤیزیۆنی «تیشک» درێژەی بە تیکۆشان دا. ئەو، ئامادەکاری بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنیی تایبەت بە کرماشان بوو و لە ڕێگای «تیشک تیڤی»یەوە، هەستم دەکرد کە لە ڕووی ئاگایی سیاسییەوە باش خۆی پێگەیاندووە. لەگەڵ تێکۆشەران و ڕۆشنبیران هەڤپەیڤینی پێک دێنا و بەرنامەی پڕ نێوەرۆکی ئامادە دەکرد. کاک مووسا ئەو کاتانەش کە لە بەشی ڕاگەیاندن کاری دەکرد، لە کاری تەشکیلاتی و پێوەندی لەگەڵ دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دیموکرات لە پارێزگەی کرماشان، غافڵ نەبوو. ئەم خۆپێگەیاندنە و پێوەندیی بەرینی لە گەڵ تێکۆشەران و چالاکانی شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کرماشان، بوو بە هۆی ئەوە لە کۆنگرەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٥ی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرێ.

لەنێوان کۆنگرەکانی ١٥ و ١٦ی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، کاک مووسا ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بۆ تێکۆشان هەڵبژارد. بەو هۆیەوە کە لە هەر دوو بواری ڕاگەیاندن و ڕێکخستندا، بەمایە و بەتوانا و خاوەن ئەزموون بوو، لە هەر دووی ئەم بوارانەدا، درێژەی بە تێکۆشان دایەوە. ئەگەر کار و بەرپرسایەتییەکەی بەڕەسمی لە کۆمیسیۆنی تەشکیلات بایە، ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزب، دەستیان لێ هەڵنەدەگرت و بەردەوام داوای هاوکارییان لێ دەکرد. ئەویش بە سینگفرەوانییەوە بە دەنگیانەوە دەچوو. پێچەوانەکەشی هەر ڕاست بوو. ئەو کاتانەی ئەرک و بەرپرسایەتییە سەرەکییەکەی لە ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزب بوو، نەماندەهێشت پێی لە کۆمیسیۆنی تەشکیلات ببڕێ. خۆشی حەزی نەدەکرد لە کاری تەشکیلاتی و پێوەندی بە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی شار و ناوچەکانی کوردستان داببڕێ.

لە ڕاستیدا هاوڕێ مووسا باباخانی، هەم ڕاگەیاندن و هەم کاری تەشکیلاتیی بۆ ڕاکێشان و جووڵاندنی خەڵک، بۆ کاریگەریدانان لە سەر باوەڕ و بیرکردنەوەیان دەویست. ئەو ڕاگەیاندن و کاری ڕێکخستنی بۆ ئەوە دەویست تا بە هۆیانەوە لەگەڵ تاکەکان لە پارێزگەکانی کرماشان، ئیلام و تەنانەت ناوچەکانی خوارووتر، پێوەندی بگرێ و لە ئاست ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان وریایان بکاتەوە و بۆ پاراستن و بەرگریکردن لەو ناسنامەیە و بۆ بە بەشداری لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هانیان بدا. بەڵام

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە گرنگیدان بە خەباتی پێشمەرگایەتی و کاریگەریی جموجۆڵی هێزی پێشمەرگە لە سەر ورە و باوەڕی خەڵکیش، غافڵ نەبوو. بۆیە پێشمەرگەبوون و وەک پێشمەرگە خۆدەرخستن و هەڵسوکەوتکردن و هاندانی حیزبەکەی بۆ گرنگیدان بە جموجۆڵی پێشمەرگانە لەسەر سنوورەکان و لە نێوخۆی وڵاتی بە ئەرکی خۆی دەزانی. لە ڕیزی پێشەوەی ئەو کادر و پێشمەرگانەدا بوو کە خوازیاری بەشداری لە تیمەکانی پێشمەرگە بۆ چوونەوە بۆ نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوون. لەم بارەیەشەوە، هەموو ناوچەیەکی ڕۆژهەڵات بۆ ئەو، هەر کوردستان بوو و خۆی تەنیا بۆ ناوچە و پارێزگەیەک نەدەویست.

کاک مووسا بە خۆپێگەیاندن و بە هەوڵ و تێکۆشانی دڵسۆزانە و شوێندانەربوونی لە بوارە جیاوازەکانی تێکۆشاندا، وای کردبوو لە حیزبی دیموکراتی کوردستانیشدا، سەردەمێک وەک ئەندامی ڕاوێژکار و دوای کۆنگرەی ١٧یش وەک ئەندامی ئەسڵیی کۆمیتەی ناوەندی، شوێن و جێگەی خۆی هەبێ. بە جۆرێکیش بۆ خەڵکی کرماشان ببووە سیما و تێکۆشەرێکی دیار و سەرنجڕاکێشی نێو حیزبی دیموکرات، کە دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو ناوچەیە بە تایبەتی کە ئاگاداری پێوەندیی بەرینی ئەو لە گەڵ لاوان و کەسە چالاکەکانی نێوخۆ بوون، لێی بە ڕقداچووبوون؛ بە شێوەی جۆراوجۆر کەوتنە داودانانەوە و پیلانگێڕی بۆ زەبرلێدانی. کاک مووسا لەو هەوڵانە ئاگادار بوو، هەر بۆیە بە وشیاری و پارێزی خۆی، توانیبووی بەشێکیان بێئاکام بکاتەوە. بەڵام دەزگای تیرۆر و ئینسانکوژیی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی پیلانگێڕییەکانیان بۆ لەنێوبردنی، نەوەستان و سەرئەنجام بە سوودوەرگرتن لە متمانەی کاک مووسا بە بەکرێگیراوێکی خۆیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە سالانێک بوو پێوەندیی بە ڕواڵەت دۆستانەی لەگەڵ هاوڕێ مووسا دامەزراندبوو، لە داویان خست و هەر بە هۆی ئەو خەیانەتکارە، لە نیوەشەو و لەکاتێکدا خەوی لێکەوتبوو، تیرۆریان کرد.

مووسا باباخانیی تێکۆشەر، کەسێکی ڕوحسووک، هەڵسوکەوت جوان و خاوەن خوو و خدەی شۆڕشگێڕانە بوو. پێوەندیی هاوڕێیانە و دۆستانەی لەگەڵ هاوکاران و هاوسەنگەرانی گەرم و بەهێز بوو. ئەوەندە بە دڵگەرمی و بیر و باوەڕەوە شانی دابووە بەر ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی، جێگایەکی دیاری لە تێکۆشانی حیزبەکەیدا هەبوو. ئەگەرچی ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پیلانێکی ناجوانمێرانەدا، ئەو هاوڕێ خۆشەویستەی بە جەستە لێ ئەستاندین، بەڵام بەدڵنیایەوە یادی خۆشەویستی لە نێو هاوسەنگەران و درێژەدەرانی ڕێگاکەیدا، هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

گیانی هاوڕێ مووسا باباخانی شاد و یادی بەرێز. بە دڵنیاییەوە لاوانی کوردستان بە تایبەتی لاوانی کرماشان، شانازی بە بوونی ناوی ئەو تێکۆشەرە بەوەجەی مەڵبەندەکەی خۆیان لە ڕیزی کاروانی شەهیدانی سەربەرزی نەتەوەکەیان و حیزبی دیموکراتی کوردستاندا دەکەن و لە بەرزڕاگرتنی ناو و یادی و هەروەها لە بەردەوامڕاگرتنی ڕێگای خەبات و تێکۆشانی تا وەدیهاتنی ئاواتە بەرزەکانی ئەو شەهیدە و شەهیدانی تر، درێخی ناکەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ڕەزبەری ١٣٩١ - کۆنگرەی ١٥ی حدکا



مووسا باباخانی - عەبوو کەریمی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خۆڕاگر و بەهەیبەت، هەر وەك بێستوون و دالآهۆ

عومەر باڵەکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ماوەی تەمەنی پێشمەرگایەتیمدا بە هۆی کارکردن لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و لە هەمان کاتدا لە ئۆرگانە جیاوازەکانی حیزب، لە خەڵکی کوردستان زۆر کەس و زۆر هاوسەنگەرم ناسی و شانازیی دۆستایەتی و برایەتیی ئەو خۆشەویستانم پێ بڕا. شەهید «مووسا باباخانی» یەکێک لەو هاوڕێ و هاوسەنگەرە خۆشەویستانە بوو کە هەتا دوارۆژەکانی ژیانی ئەو شەهیدە پێوەندییەکانی نێوانمان هەر بەردەوام بوو.

شەهید «مووسا باباخانی» لە ناوچەیەک و لە سەردەمێکدا لەدایک ببوو کە هەستی نەتەوایەتی و شوناسخوازی لەو ناوچەیەدا بەرەو هەڵکشان و گەشەکردن بوو، بۆیە شەهید «مووسا» لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا کە لاوێکی تازە پێگەیشتوو بوو، بە دوای شوناسخوازیی خۆیدا وەکوو زۆربەی هاوتەمەنەکانی ڕووی لە حیزبی دێموکرات کرد کە زیاتر لە بیست ساڵ بوو بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە شەڕ و بەربەرەکانێدا بوو. شەهید «مووسا» وەکوو هەموو ئەو لاوانەی کە تازە پەیوەست دەبن بە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتی لە حیزبی دێموکراتدا، دەورەی فێرگەی سیاسیی-نیزامی بە سەرکەوتووانە کۆتایی پێ هێنا و ئیتر قۆناغێکی دیکە لە ژیانیدا دەستی پێ کرد، قۆناغی خۆناسین و پەروەردەبوونی زۆرتر، هەموو ئەوانەی کە شەهید «مووسا»یان لە نزیکەوە دەناسی، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە «مووسا» هەموو کات هەوڵی دەدا کە زانیارییەکانی خۆی بەرێتە سەرێ و زیاتر لەسەر سیاسەتەکانی حیزب و مێژووی جووڵانەوەکانی کورد و ئەو غدر و زوڵمانەی کە دوژمنان لە نەتەوەی کورد کردووە بزانێت و زانیاری کۆ بکاتەوە، چونکە شەهید «مووسا» ڕەنگە بەباشی هەستی بەوە کردبێت ئەگەر وەکوو کادرێکی حیزب ئەرکی کارکردنی لە ناوچەی کرماشان واتە زێدی خۆی پێ بسپێدرێت، لە کادرەکانی دیکەی ناوچەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستان زیاتر پێویستی بە زانیاری و تەنانەت بەڵگەی بەهێزتر دەبێت، بۆیە دەبێت خۆی زیاتر و زیاتر ماندوو بکات. هەر لە بەر ئەوە بوو کە هەوڵی دەدا لە هەموو ئەو دەورە پەروەدانەی کە لە حیزبدا پێک دەهاتن، بەشدار بێت و چالاکبوونی لە بواری پەروەردەیەوە وای کرد کە بتوانێت بەخێرایی پلە تەشکیلاتییەکانی نێو ڕیزەکانی حیزب ببڕێت و لە کۆنگرەی پانزەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە ئەندامی ڕێبەری هەڵبژێردرێت، ئەو سەرکەوتن و بوون بە ئەندامی ڕێبەرییە، شەهید «مووسا»ی زیاتر و زیاتر لەسەر ئەو باوەڕە سوور کرد کە پێویستە زیاتر خۆی ماندوو بکات بۆ ئەوەی کە بتوانێت لە ناوچەی کرماشان خزمەت بە خەڵک و حیزبەکەی بکات و وەڵامدەری پێویستییەکانی کاری تەشکیلاتی و ڕێکخستنەکانی حیزب بێت. شەهید «مووسا» بۆ هەموو ئەرک و پێسپێردراێکی حیزبی ئامادە بوو، هەر وەکوو پێشتر باس کرا، کەسێک بوو کە هەموو هەوڵی ئەوە بوو بتوانێت چالاکییەکانی حیزب لە ناوچەی کرماشان زیاتیر پەرە پێت بدات و پەرە بستێنێت، بەلام لە هەمان کاتدا بە تەواوەتی کوردستانی بیری دەکردەوە و وەکوو کادرێکی لەسەر پێ و بەتوانای حیزب ئامادە هەموو ئەرکێکی حیزبی و نەتەوەیی بوو لە هەر ناوچەیەکی کوردستاندا بوایا بێ جیاوازی، لە هەر پێسپێردراوێکی حیزبیدا دەگەڕایەوە، ماندوویەتیی پێوە دیار نەبوو و بە بزەیەکی خۆش دەیوت ئەوەش ئەزموونێکی باش بوو لە ژیان، زۆر جاران پێش ئەرکە پێسپێردراوەکانی سەدانی ئەو فەرماندە و پێشمەرگە کۆن و خاوەن ڕابردووانەی دەکرد و هەوڵی دەدا لە ئەزموون و ڕێنوێنەیەکانیان بۆ جووڵە و ئەرکێکی حیزبی کە پێ ئەسپێردرا کەڵک وەر بگرێت، کاتێک باسەکە لەلایەن فەرمادەکان و پێشمەرگە بەئەزموونەکان دادەمەزرا زۆر بەباشی هەستت دەکرد کە دەچوو لە ناخی بابەتەوە. هەر ئەوە وای کرد لە کۆنگرەکانی شانزە و حەڤدەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر وەکوو ئەندامی بەڕێوەبەریی حیزب دەنگی متمانەی پێ بدرێتەوە و هەتا کاتی شەهیدبوونی ئەو متمانەیەی بۆ خۆی بپارێزێت.

هەموو ئەو کار و تێکۆشان و مەیدانپێدانە لەلایەن حیزبەوە، کەسایەتێکی لە شەهید «مووسا باباخانی» دروست کردبوو کە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ناوچەی کرماشان لێی دەترسان و زەندقیان لێی چووبوو، زۆر هەوڵیان دەدا کە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە لە کار و تێکۆشان ساردی بکەنەوە و تەنانەت هەڕەشەی کوشتنی لێ بکەن، بەڵام شەهید «مووسا» لەگەڵ ئەوەدا هەوڵی دەدا بە هەموو جۆری خۆی بپارێزێت، بەڵام هەتا کاتی شەهیدبوونی قەت ورەی نەڕووخا و لە کار و تێکۆشان بۆ بەرەوپێشبردنی بزاڤی مافخوازانەی نەتەوەی کورد بەتایبەتی لە ناوچەی کرماشان بۆ چرکەیەکش بێئاگا نەبوو. هەر وەکوو باس کرا؛ کار بەدەستانی ڕێژیمی داگیرکەی ئێران لە هەموو ڕێگەکان بۆ بەچۆکداهاتنی «مووسا باباخانی» کەڵکیان وەرگرت و تێدا سەر نەکەوتن، بەڵام بەداخەوە لە باوەڕبەخۆبوونی «مووسا» بۆ کوشتنی توانیان کەڵک وەربگرن و بەدەستی خەیانەت شەهیدی بکەن. شەهیدکردنی «مووسا باباخانی» زیانێکی گەورە بوو بۆ ڕەوتی جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی دەڤەری کرماشان بەتایبەتی، بەڵام شەهیدبوونی «مووسا باباخانی» نەبوو بە هۆی پاشەکشەی بزاڤی مافخوازانەی خەڵکی ئەو ناوچەیە، چونکە شەهید «مووسا» و هەموو ئەوانەی پێش لە شەهید «مووسا» لەو ناوچەیە کاریان کردووە، کار و تێکۆشانیان بە ڕادەیەک کاری کردووەتە سەر ڕوح و دەروونی خەڵکی ئەو دەڤەرە کە وا بە سانایی دوژمن ناتوانێت پاشەکشەی پێ بکات.

یاد و هەڵسوکەوت و کار و تێکۆشانی شەهید «مووسا باباخانی» بۆ هەمیشە لە لای خەڵکی کرماشان و کورستان بەگشتی و هەروەها هاوڕێ و هاوسەنگەرانی هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مووسا لە هەموو شتێکی خۆی گوزەرابوو

د. ئاسۆ حەسەنزادە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر کەسایەتیی ئینسانی و خەباتگێڕانەی شەهید مووسا باباخانی گەلێک شت هەیە بۆ گوتن و نووسین. دڵنیام ئەم یادنامەیە و شایەتیدانی هاوڕێیانی، تیشک دەخاتە سەر زۆر لایەنی درەوشاوەی ژیان و خەباتی شەهید مووسا و بەسەرهاتی ناجوامێرانەی شەهیدکرانی.

لەم چەند دێرە سنووردارەدا کە بۆم دیاری کراوە تەنیا ئاماژە بە تایبەتمەندییەکی شەهید مووسا دەکەم کە بە باوەڕی من گرینگترین تایبەتمەندیی وی بوو. لە ڕوانگەی منەوە مووسا باباخانی نموونەی مرۆڤێکی بەڕاستی دڵپاک و دڵگەرم بوو کە لە ژیاندا هیچی نەدەویست جگە لە دەرفەتی خەبات بۆ ئازادیی گەلەکەی.

ئەو بەو تەمەنە گەنجەشیەوە ڕێگایەکی کەمی لە تێکۆشانی سیاسی و پێشمەرگانە نەپێوابوو، بە زۆر هەوراز و نشێو لە ژیانی حیزبیدا تێپەڕیبوو و لە ڕێ و ڕێچکەی سەخت و ئەستەمی ئەو خەباتەدا کە گرینگترین ئالەنگاریی خۆڕاگری و مانەوە لە مەیدانی ئەسڵیی خەباتدا و لەدەستنەدانی ورە و ئومێد و ئیمانی شۆڕشگێڕییە، ئاستەنگەکانی هەلومەرج و گرێ و گۆڵە نێوخۆییەکان و هەموو ئەو هۆکارانەی دەتوانن هەنگاوەکانی ڕێبوارێکی ئەو ڕێگایە شل بکەنەوە، بە باشی دەدی و هەستی پێ دەکردن. کەچی بە بەراورد لەگەڵ ئەو ڕۆژەی ببوو بە پێشمەرگە زەڕڕەیەک لە کەفوکوڵی خەباتگێڕانە و لە گوڕ و تینی ئازادیخوازانەی کەم نەببۆوە و لە دەمە هەرە کپ و هیوابڕەکاندا کەڵکەڵەی هەنگاوێکی دیکە و بیرۆکەی کارێکی نوێی لەسەردا بوو.

دڵنیام مووساش وەک هەر لاوێکی دیکەی ئەم سەردەمە و وەک هەر ئینسانێکی دیکەی ئەم دنیایە کۆڵێک حەز و خولیای تایبەت بە خۆی هەبوو، بەڵام ئەوەندەی ئەمن لەویم بەدی کرد، هەموو ئەو شتانە لە پلەی دووەمدا بوون و ئەولەوییەتی ژیانی وی هەر خەباتی تەواو عەیار بۆ ئازادی بوو. قەت ڕۆژێک نەمدی و لێم نەبیست کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیر لە شتێک بکاتەوە جگە لە چۆن درێژەدانی خەبات یان مەراقی شتێکی هەبێ جگە لە ئارەزووی بواری زیاتر بۆ تێکۆشان لە هەردوو سەنگەری بیر و کردەوە، هزر و چەک.

بۆ ئەوەی بێسەبری و پشووکورتی نەیگرێ، تەنانەت هەستت نەدەکرد کە خەون بە سەرکەوتن یان ڕۆژی ڕزگارییشەوە دەبینێ. بۆ وی بەرخۆدان خودی ژیان و خەبات کردن خودی ڕزگاری بوو، ڕزگاریی مرۆڤ پێشدا لە خۆی چونکە دەبوو خۆی بۆ ڕزگارکردنی چەوساوەکان و ئازادی و بەختیاریی کۆمەڵگا و نەتەوەکەی تەرخان بکا.

لەبیرمە لەم دواییانەدا و دیارە پێش دروستبوون و ئاشکرابوونی ئەو مەترسییانەی سەرەنجام گیانی ویان ئەستاند، تەنیا حەسرەت و ئارەزوویەکی تایبەتی کە لەلای من باسی دەکرد ئەوە بوو کە کلاشینکۆفەکەی پیاوێکی گرینگی ئەو ڕێبازەی بۆ وەربگرین. تەنانەت وەک دڵی خەبەری دابێ، هەمیشە دەیگوت هەتا شەهید نەبووم کلاشینکۆفی ئەو پیاوە بدەن بە من!

ئارەزووە گەورە و گشتییەکەی وی بەڵام ئەوە بوو کە بزوتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵات لەڕووی مەیدانییەوە لەو دۆخەی ئێستای بێتەوە دەر و زیاتر پێ بخاتەوە سەر خاکی خۆی. لەو پێناوەشدا وەک کەسێکی نەترس و سەرکێش دەجوڵاوە، بە چەشنێک کە ئەم خیسڵەتەی بەداخەوە تا ئەوبەری سنووری بێموبالاتیی برد.

مووسا هۆگری خوێندنەوە و خۆپێگەیاندن بوو، بەڵام دەیزانی لە ناوچەیەکدا کە دیموکڕاسی نەبێ، بەبێ باسکی چەکدار بوارێکت بۆ خەبات و تەنانەت شانسێکت بۆ لەنێونەچوون بۆ ناهێڵنەوە. لەبیرمە جارێکیان کە بۆ پشوو چووبووینە دم دەریاچەیەک، لە قەدپاڵی چیایەکی ئەوبەر ئاوەکە باخێکی جوانی لێ بوو کە دەمەوئێوارە چراکانی تروسکەیان دەدا و دیمەنێکی دڵڕفێنی نیشان دەدایین. دیمەنەکە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆر ئارامبەخش بوو و خەیاڵ و خولیای مرۆڤی بۆ لای هەموو شتێک دەبرد سیاسەت نەبێ. لێم پرسی ئەو دیمەنە چ ئیلهامێک دەدا بە تۆ؟ سەری هەڵبڕیە سەر کێوەکە و گوتی خانووی سەر ئەو بەرزاییەت دیوە، دەڵێم خۆزگە پایەگا بایە و گرتبامان!

خەباتگێڕان بێگومان مرۆڤن و مرۆڤ بوون و مرۆڤ مانەوەی وان مەرجی ئینسانی بوون و خاوێنیی خەباتەکەیانە، بەڵام حاشای لێ ناکرێ کە داماڵرانی خەباتگێڕ لە نیاز و حەز و بەرژەوەندە تایبەتییەکانی و خۆ تەرخانکردنی بێ چاوەڕوانی بۆ کاری خەباتگێڕی خیسڵەتێکی هەرە پێویست بۆ سەرکەوتنی ئەو خەباتەیە. ئەو خیسڵەتە بەتەواوی لە کەم کەسدا هەیە و سەیریش نیە. مووسا باباخانی ئەو تێکۆشەرە گیان لەسەر دەست و لەخۆگوزەراوە بوو کە ئەو خیسلەتەی بە زۆرترین ڕادە تێدا بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مووسا باباخانی، ئەو خەباتکارەی کە بەردی بۆ ئازادی لەکۆڵ نا، نەك بۆ کێلی قەبر

پێشەوا علیپوور

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**وەفایەک بۆ برا و هاوڕێی شەهیدم مووسا باباخانی**

گەلانی وەزاڵەهاتووی ناو چوارچێوەی ئێران هێشتا تامی ئازادی و ڕووخانی حکومەتی پەهلەوییان نەچێشت کە بە هاتنەسەرکاری ڕێژیمی نوێ و ئیسلامی، ئەمجارەش بەسەر بەڵێنی درۆ و چەواشەکارانەی نوێدا کەوتن و جارێکی دیکە سووڕی ستەم و سڕینەوەی شوناسی نەتەوەکان دەستی پێ کرد.

حیزبی دێموکرات هەر لەسەرەتای دامەزرانی خۆیەوە بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان و هەروەها بە مەبەستی نەتەوەسازی، لە بەرنامەی سیاسیی خۆیدا گرنگییەکی زۆری بە ناوچەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە و هەوڵی داوە کە لە زەرفیەتە هزری و سیاسی و نەتەوەییەکانی ئەو ناوچەیە لە نەتەوەسازی و دەوڵەتسازیدا کەڵک وەرگرێت. ئەگەر لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا «برایم (ئیبراهیم) خانی نادری» و «یەدوڵڵا خانی ڕەزایی» نوێنەرایەتیی هزری نەتەوەیی و کۆماری کوردستانیان دەکرد لە کرماشان، هەنووکە مووسا و درێژەدەرانی ڕێبازی مووسا سیمبۆلی لاوانی گۆشکراوی بیری کۆمار و ڕێبازی نەتەوەییی حیزبی دێموکراتن کە ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە بیر و ئایدیای حیزبی دێموکرات پاش زیاتر لە حەوت دەیە هەر لە پەرەسەندندایە و نەوە لەدوای نەوە ڕێبواری هەیە.

مووسا باباخانی لە سەردەمێکی دژواردا چاوی بە دنیا هەڵێنا، دوو ساڵ پاش فتوای جیهادی خومەینی بە دژی نەتەوەی کورد و هێرش بۆ سەر کوردستان، لە گوندی «کۆڵانە»ی ناوچەی ئاژوانی کرماشان منداڵێک لەدایک بوو کە «مێهدی خان»ی باوکی هیوای لەسەر هەڵچنی و پاشان بووە جێگەی هیوای نەتەوەیەک.

مووسا لە تەمەنی مێرمنداڵیدا هەستی بە ستەمی نەتەوەیی کرد و چیرۆکی قارەمانەتیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات باڵی بەسەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیر و هزری نەتەوەییی ئەو تازەلاوەدا کێشا. چیرۆکی خەباتی «خەلیل خەلەبان» و «شاپوور فیرووزیـ»ـیەکان ڕێڕەوی ژیانی مووسا لە شۆڕەلاوێکی شەقامی تووڕە لە بێدادی، دەگوازنەوە بۆ گۆرەپانێکی بەرینی خەبات کە حیزبی دێموکرات بوو. مووسا هەڕەتی لاویەتیی خۆی لەناو جەرگەی شۆڕشدا بۆ نەتەوەکەی تەرخان کرد و لە ڕەوتی تێکۆشانی حیزبیدا وەکوو تازەلاوێکی کرماشانیی بەهەست و شۆڕشگێڕی نەتەوەکەی، هەوڵی خۆپێگەیاندن داوە و هەوڵی داوە کاریگەریی لەسەر ڕەوتی خەبات هەبێت و لە مەتەرێزی خەباتدا شێلگیرانە لە تێکۆشانی بەردەوام بوو.

مووسا باباخانی لە سەنگەری مافخوازیی نەتەوەییدا لە هیچ جۆرێکی خەبات سڵی نەدەکردەوە و هەوڵی دەدا بۆ بە جەماوەریکردنی هەرچی زیاتری خەباتی حیزبی دێموکرات و پەیوەستکردنی لاوان بە ڕیزەکانی حیزب، لەهەموو ڕێگا بەحەقەکانی خەبات کەڵک وەربگرێت. مووسا وەکوو تێکۆشەرێکی باوەڕمەند بە تەشکیلات و ڕێکخستنی جەماوەری، لە پێناو بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەکانی ئیلام و کرماشان تێ دەکۆشی و کۆکردنەوەی خەڵک و ڕێکخستنیان لە دەوری ئامانجەکانی حیزب کردبووە بنەمای تێکۆشانی خۆی. لەگەڵ ئەوەی کە تەشکیلاتیبوون بەشێک بوو لە کەسایەتیی خەباتکارانەی مووسا، بەڵام وەک لاوێکی شۆڕشگێڕ هەرگیز سەنگەری خەباتی پێشمەرگانەی بەجێ نەهێشت و لە تێکۆشانی پێشمەرگانەدا لە نێوخۆی وڵات لە کەسە یەکەمەکان بوو کە بەبێ گوێدان بە پلە و پایەی تەشکیلاتی بەردەوام ئامادە بوو. سەنگەری ڕاگەیاندن و گەیاندنی زانیاری بە جەماوەر، یەکێکی دیکە لەو سەنگەرانە بوو کە مووسای سەوداسەری ئازادی، خەباتی تێدا دەکرد. لە کاری میدیاییشدا جیددی و شێلگیر بوو و هەمیشە هەوڵی دەدا کە لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکاندا سیاسەتەکانی ڕێژیم لەقاو بدات و هۆشیاری بە کۆمەڵانی خەڵک بدات.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی کە باسی لێوە کرا لە هزر و ڕەفتاری «مووسا باباخانی»دا ڕەنگی دابووەوە و بەحەق شۆڕشگێڕیکی پراگماتیستی لێ دروست کردبوو کە ڕێبواری ڕێگەی شەهیدان بوو. مووسا نموونەی ئەو لاوە شاییبەخۆیانە بوو کە هەرگیز بە پلە و پۆست لەخۆبایی نەبوو و پلەی تەشکیلاتی بۆ خزمەت و کار دەبینی نەک بۆ خۆهەڵنان. کەسێک بوو کە بەردەوام لەناو جەماوەر و پێشمەرگەدا بوو و چەمکی متمانەی لە ژیانی خۆیدا کردبوو بە بنەمای تێکۆشان.

هەڵسووڕانی بەرچاو و شوێندانەرانەی مووسا لە بوارە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا وای کرد کە ڕێژیم تەحەمولی خەباتی ڕێبەرێکی لاو و لێوەشاوە کە بە دژی ئەوزن خەباتی دەکرد، نەکرد و دەزگای تێرۆریستیی خۆیان خستە گەڕ و بە کەڵکوەرگرتن لە تایبەتمەندیی خاکەڕایی مووسا، توانییان خۆی لێ نیزیک بکەنەوە و زەفەری پێ ببەن.

تێرۆری ناجوانمێرانەی «مووسا باباخانی» نە تەنیا لاوانی کورد لە خەبات دژی ئەو ڕێژیمە ناپرینگێنێتەوە، بەڵکوو خەبات و خوێنی مووسا دەبێتە هەوێنی تێکۆشانی بەردەوامی لاوان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە «برایمخان نادری»یەوە هەتا «مووسا باباخانی»

**بیژەن قارەمانی**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرماشان هەر بە کولتوور، هونەر، زمان، شێعر و گۆرانی سەلمێنەری کوردبوون و کوردستانی بوون نییە؛ ئەم دەڤەرە بە خاک و خەڵکەوە ناسنامەی کوردی لەسەر تاپۆ کراوە و مێژوو شاهیدی بۆ دەدا کە ناسنامەی کوردی لە گاشەبەردکانی هەڵکەندراوە و ناسیۆنالیزم ڕەگ و ڕیشەی تێدا داکوتاوە و ئێتر ئەو کاروانە سەرەتایەکە بێکۆتایی .

لە سەردمی دروستبوونی یەکەم بزاڤی مۆدێڕن و ناسیونالیزمی کوردی [کۆمەڵە ژکاف] کە لە مەهاباد دادەمەزرێ، میرزا برایم نادری «برایمخان» پێوەندیی ڕاستەوخۆ بە کۆمەڵەی ژێکافەوە دەگرێ. ئەو وەک ناسیۆنالیستێک هەگبەی سەفەر دەکاتە سەر شانی و لە ناوچەی کرماشانەوە هەڵدەستێ و خۆ دەگەیەنێتە باخی میکائیلی مەهاباد و دەبێتە ئەندامی ژێکاف. لەگەڵ بیستنی هەواڵی ڕاگەیاندن و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی [کۆماری کوردستان] ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرێ و وێڕای کاک عەبدوڵڵا مودەبیر -کە پێشتر پێوەندییان لەگەڵ کۆمەڵەی ژێکاف هەبوو- لە کرماشانەوە خۆیان دەگەیننە مەهاباد و بەشداریی «جێژنی ئیستقلالی کوردستان» دەکەن. دواتر برایمخان بەکردەوە بوو بە یەک لە بەڕێوەبەرانی بەشی فەرهەنگیی حکوومەتی کۆماری کوردستان؛ بە جۆرێک کە لە ماوەی تەمەنی زێڕینی ١١ مانگەی کۆماردا جێپەنجەی بە کارە کولتوورییەکانی کۆمارەوە بە تەواوی دیار بوو.

بەداخەوە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان برایم خان و زۆربەی هەوالانی ڕاپێچی زیندان کران و دوای دوو ساڵ کە لە زیندان ئازاد کرا، چارەنووس هەڵیداشتە دەرەوەی کوردستان و لە وڵاتی سووریە بە تەقەی سوپای ئەو وڵاتە گیانی لەدەست دا.

میرزا برایم نادری ناو و ناوبانگیکە کە بە باڵای مێژووی بزووتنەوەی کوردستان و کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستانەوە تاپۆ کراوە. ئەگەر هەلومەرج ئەو دەرفەتەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەدا بە کۆماری کوردستان لە ڕووی ڕووبەری جوغرافییەوە زیاتر پەل بهاوێ، بەڵام کۆمار بە بیر و هزری کوردانە و پێشکەوتووانەی ئەوسەردمیش سنووری هەر چوار پارچەی کوردستانی بەزاند و برایمخان بە کردەوە نوێنەری بەشێکی گەورەی کوردستان و گەورە شاری کرماشان بوو. بۆیە ئەو ناوە پاش نیزیک بە هەشتا ساڵ قەت لە بیر و یادەوەریی مێژوویی کورددا نەسڕایەوە و ئێستاش وەک ئەستێرە بە ئاسمانی کوردستانەوە دەدرەوشێتەوە. ئەو بوو بە ئۆلگوو بۆ نەوە لەدوای نەوە و هاوبیرانی «برایمخان» بیر و هزری کوردایەتیان لە کێڵگەی ئەو نیشتمانەدا بە جۆریک چاند کە بە هەزاران هەزار مرۆڤی خەباتکەری نیشتمانپەروریان لە داوینی خۆیاندا پێ گەیاند کە تێکڕا بە قەڵەم، بە چەک و بە بیروباوەڕ سەریان کردە پردەبازی ئازادیی نەتەوە و نیشتمانەکەیان.

ساڵ هات و ڕۆی. کورسیی دەسەڵات لە تاجبەسەرەکانی پەهلەوییەوە گەیشتە مەندیلبەسەرەکانی جەماران و لە سەربازەکانی کورشەوە گەیشتە «ئاخوند_پاسدار»ـەکانی کۆماری ئیسلامی. زمان هەمان زمان و سیاسەت هەمان سیاسەت و ڕەفتار لەگەڵ کوردان هەمان ڕەفتار. ئەوە بوو کە کاتێک خێڵی نەیارانی کورد بە هەموو تواناوە حەولی پاککردنەوەی ناسنامەی کوردستانی و کوردبوونی پارێزگای کرماشانیان دا و، ویستیان شوناسی بگۆڕن و، لە بزووتنەوەی کوردی دابیڕن؛ میراتگرانی «برایمخان» وەخۆ کەوتنەوە و وەک کێوی بێستون لە بەرامبەریاندا ڕاوەستان. تەنانەت کەم نەبوون کەسانی ئایینی و نیشتمانپەروری وەک سەید تاهیر هاشمی و مەلا محەممەد ڕەبیعی کە بوون بە کۆڵەکەی کوردایەتی و پەیامی ئایین و بەها کولتوورییەکانی ئایینیان ئاوێتە و تێکەڵ بە بایەخەکانی نەتەوە و نیشتمان کرد.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ داڕماندنی شکۆ و قەڵای میرانەی کرماشان چەندی هێنا و بردی بە زەبری چەک و سەرکوت هیچی

بۆ نەکرا، بۆیە پیلانیان بۆ ئەوە دانا کە ئەو پارێزگایە بخەنە نێوان بەرداشی شەڕی مەزهەبی و تایفی و دابەشکردنی بەسەر شیعە و سوننی و یارسان و قەڵخانی و... . بەڵام خەڵکی کرماشان بە هەموو جۆراوجۆرییەکانەوە نەچوونە ژێرباری خواست و ویستی دەسەڵاتدارانی تاران و بەرەی خۆڕاگری و خەباتیان هەڵبژاردن و تیکەڵ بە کاروانی خەباتی نەتەوایەتی کوردستان بوون، خەباتێک کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێبەرایەتیی دەکرد و لەسەر ڕێچکەی کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستان و بە ئیلهاموەرگرتن لە مێژووی کۆمار هەنگاوی دەنا.

لەم قۆناغەشدا زۆر ناوداری دیکەی پارێزگای کرماشانی هاتن و تەڤلی شۆڕش بوون و مێژوویەک لە سەروەرییان بۆ کوردایەتی و مافی نەتەوەیی تۆمار کرد، وەک: شاپوور فیروزی، سالار ئیبراهیمی، خەلیل زارعی [خلیل خەلبان]، عەبوو کەریمی و... . ئەوان بە بەخشینی ژیان و گیانیان خاوەندارییان لە شوناسی کوردبوونی کرماشان کرد و بیری نەتەوایەتییان بووژاندەوە. ئەوان وێڕای سەدان هاوڕێ و هاوسەنگەری دیکەیان گیانی شیرینیان کردە قوربانیی سەربەستیی ئەو نیشتمانە بۆوەی پێش بە ژێنۆسایدی کولتووری و هزریی کورد لە کرماشان بگرن و نەهێڵن پیلانی ڕێژیم بۆ گۆڕینی دێموگرافیی سیاسیی ئەو ناوچەیە سەرکەوتوو بێ. ئەو خەباتە نەتەویی و نیشتمانییە هەم شاری تەنییەوە هەم شاخی گرتە باوش و ئامانجەکانی کۆماری کوردستانی کردە سەرمشقی ڕێگای خەبات بۆ ئازادی و مافی چارەنووسی ڕۆژهەڵات .

ئەم کاروانە هەر دێ و بەڕێوەیە و ئەم خەباتەش لە شار و شاخ، لە ئەنجوومەنە ئەدەبی و ژینگەییەکان، لە ناوەندە پەروەردەیی و زانکۆکان لەسەر دەستی ڕووناکبیران و نووسەران و لاوانی کورد بەردەوامە. بەمجۆرە و لەو قۆناغەدایە کە لاوێکی تازەپێگەیشتوو و تێگەیشتووی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرماشانی -مووسا- دێتە ڕیزی تێکۆشەرانی دیموکراتەوە. ئەو تازەلاو بوو کە تاوی دایە چەک و خۆی گوتەنی

لە دژی ئەو زۆڵمانە ڕا بوو کە دەسەڵات بە پلان و پلان لە دژی خەڵکی کرماشان دەیبردە پێشێ. مووسا باباخانی بە هزری شۆڕشگێڕییەوە لەو ڕووداوانە دەڕوانێ و بەدوای چارەسەریک و ڕێگایەکدا دەگەڕێ هەتا پێناسە و ناسنامەی لێ ون نەبێ.

بیری لاوی و نیشتمانپارێزی سەری لە شاهو و داڵاهو و بێستون دەسوێ و حەماسەی هێزەکانی بیستون و شاهۆی کرماشان دەیخەنە سەر ڕاستە ڕێگای خەبات و بەمجۆرە بۆ خەبات لەپێناو ئازادیدا تێکەڵ بە کاروانی ناسیونالیزمی کوردی [حیزب دیموکرات] دەبێ. هەر ئەو ڕێچکە و ڕێبازەی میرزا برایم نادریی لە کرماشانەوە تێکەڵ بە کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان کردبوو و ئەوی کردە کاراکتەرێکی گرینگی بەشی کولتووریی کۆماری کوردستان؛ پاش حەوت دەیە «مووسا باباخانی»ی کردە کاراکتێرێکی مەیدانیی ڕێکخستن و میدیایی شۆڕشی کورد.

مووسا باباخانی بە بڕینی زۆر پلە و پایەی تشکیلاتی تا ئاستی ڕێبەریی حیزبەکەی چووە پێش و لە ماوەی ٢٢ ساڵ پێشمەرگایەتی و خەباتی بێوچانیدا زۆر خزمەتی بەرچاوی کرد. هەر ئەو ئەرکوەخۆگری و تێکۆشانی ماندوویینەناسانەیەش بوو کە مووسایان کردە سیمایکی دیار و هەڵکەوتوو لە هەیکەلی بزووتنەوەی کورددا.

مووسا وەک پێشمەرگەی شاخ پەنا و پشتیوانی شار بوو، دەستێکی چەک بوو دەستێکی قەڵەم، دوژمن نە چاوی دیتنی قەناسەی سەرشانی هەبوو، نە قەڵەمی بەبڕشتی دەستی و نە سیمای پڕ لە سیحر و جوانیی کوردانەی. بەحەق «مووسا خان» هەمان جێگەی «برایم خان»ی لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هەبوو. هەر بۆیەش دێوجامەیان بۆ ڕاخست و بە دەستی غەدر و تاوان لە بزووتنەوەی کوردیان ستاند.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام کرماشان، زێدەکەی برایم خان و مووسا خان پڕە لەو ڕۆڵە خۆنەویستانە و نایەڵن ڕێبازی ئەو مرۆڤە شکۆمەندانە بێ ڕێبوار بمێنێتەوە. ئەو ئاڵایەی میرزا برایمخان نادری لە کۆماری کوردستان سویندی پێ خوارد، ٧٦ ساڵە لە هەموو ئەو نیشتمانەدا سوێندی پێ دەخورێ و بە تیرۆری مووسا باباخانی ناکەویتە سەر عەرز.

ڕاستە سوارێک گلا، بەڵام ئەو کاروانە هەر بەڕێوەیە...

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# «مووسا»کان دەبێشکە و لە قوتابخانە و سەر شەقامەکان‌دان

زانیار حوسێنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی سەرهەڵدان و دامەزرانیەوە خەوی لە چاوی دەسەڵاتدارانی تاران زڕاند. بەدرێژایی مێژوو ئەوەی کە نەتەوەی کورد لە ئێران داوای ماف و ویستی ئازادیخوازانە و بەحەقی خۆی دەکا، بۆ دەسەڵات لە تاران بە مەترسییەکی گەورە و هەڕەشەیەکی ئەمنییەتی داندراوە. لەم بارەوە پرسیار زۆرن کە ڕەنگبێ قورساییان لەسەر ئەوانە بێ: ئەگەرچی سەرەڕای ڕەوابوونی ئەو مافە بەڵام هەتا ئێستا هیچ حیزبێکی کوردی داوای سەربەخۆیی نەکردووە و بەهۆی فەرهەنگ و کولتووری بەرزی پێکەوەژیانیان، داوای ماف و ئازادیی بەرانبەر و وەکیەکی خۆیان لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە کردووە. بەڵام ئاخۆ دەسەڵات کە هەموو کاتێک وەڵامی هەرچەشنە مافێکی مرۆیی، مەدەنی و بنەڕەتیی ئەو گەلەی بە ئاگر و ئاسن و کوشتار و تواندنەوە داوەتەوە، ئەوان مەترسی بۆ سەر ئەمنییەتی وڵاتن و بۆ جیاکردنەوەی کورد لە ئێران تاوانبارن، یان بزووتنەوە مافخواز و سەرکوتکراوەکە؟ یان لەبەرچی نەتەوەیەک کە هیچ شتێکی لە کولتوور و مێژوو و چەمکەکانی دیکەی ئێتنیکی لە کورد و باقی نەتەوە نافارسەکانی دیکە زیاتر نییە، یەکەم بۆچی دەبێ حەقی تواندنەوەی هەموو پێکهاتەکان لەنێو خۆیاندا بە خۆیان بدەن و بەمجۆرە حاشا لە ماف و داخوازییەکانی ئەوانیدی بکەن و دووهەم چۆنە کە مافی بەربەرەکانی لایەنی بەرانبەریان بۆ ئەوان بە ڕوا نابینن؟

بەپێی قانوونە جیهانداگر و هەروەها جاڕنامە و کۆنڤانسیۆنەکانی مافی مرۆڤ کەس نییە نەزانێ مرۆڤ چ بە پێوەری مرۆڤبوونی و چ بە پێوەری نەتەوەبوونی خاوەن کام مافە و بە چ جۆریکیش دەتوانێ بۆ دەستەبەرکردنیان تێبکۆشی. بەڵام ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی تاران چ لە سەردەمانی پێشوو، لە نیزامی پاشایەتیی پەهلەوی و چ ئێستا لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا دەسەڵات هێڵی سوور بە سەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماف و ئازادیی گەلانی غەیرە خۆیان دادەنێ، بۆ بیری شۆڤینی و هەروەها هێژمۆنیی دەسەڵاتی خۆیان دەگەڕێتەوە کە بە زەبری چەک و سەرکوت هەوڵی پاراستنی دەدەن. قازانجەکەشی لە قەبزەکردنی دەسەڵات، دەستبەسەرداگرتنی ئابووری، پاوانکردنی سەروەت و سامانە سروشتییەکانی نەتەوەکانی دیکەدا دەبینن و بۆ ئەوەش دەبێ حاشا لە هەر مافێکی ئەو نەتەوانە بکەن.

ئەوەی کە تاران قەت حازر نەبووە لەسەر میزی وتوویژ دانیشێ و بیر لە چارەسەری ئاشتییانەی پرس و کێشەکانی دەسەڵات لەگەڵ نەتەوەکانی ئەم وڵاتەدا بکاتەوە، دەرخەری بیری شۆڤینی و توتالیتاریستیی نیزامی سیاسییە کە ناتەبایی لەگەڵ سەرجەم لۆژیک و پرەنسیپە نێونەتەوەییەکانی ماف و دەسەڵاتدا هەیە. هەربۆیەشە هەوڵ دەدەن ڕوخسارێکی ناشیرین لە بزووتنەوە مافخوازەکان دروست بکەن، مێژووی ڕاستییەکانیان چەواشە بکەن و چەندی بۆیان کرا بە زەبروزەنگ هەوڵی بەچۆکداهێنانیان بدەن. هەموو مێژووی دەسەڵاتدارەتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی لە مامەڵە لەگەڵ پرسی نەتەوەیی و دیارترینیان پرسی کورد دەربڕی ئەو حەقیقەتەیە کە تاران تاکەڕێگای چارسەری ئەم پرسەی لە تواندنەوە، سەرکوت تیرۆر و حەزفی فیزیکیدا دیوەتەوە.

دەگوترێ لێنین لە سەرەمەرگدا بە ستالین دەڵێ دەترسم لە دوای مردنم خەڵک وەدوای تۆ و ئامانجەکانمان نەکەون. ستالین لە وڵامدا دەڵێ نیگەران مەبە، وەدوام دەکەون. دەڵێ ئەی ئەگەر وا نەبوو؟ ستالین لە دەڵێ ئەوکات دێنە لای تۆ! ئەوە بۆتە وانە و بەردەوام لە گوێی دەسەڵاتدارانی تاراندا دەزرینگێتەوە کە بە پشتبەستن بە ئایەت و شەرعیش بووبێ، دەنگی هەر ئازادیخوازێک کپ و کۆمەڵگە کرومات بکەن. ئەو بیرکردنەوەیەی ستالین ئایدۆلۆژیی کۆماری ئیسلامییە کە یان لەگەڵ منی و بەهەر شێوەیەک ملکەچی، یان لەگەڵ من نیت و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گیـان و مـاڵ و ژیـان و هەمـوو شـتێکت حەڵاڵـی خۆمـە. بۆیـە تیـرۆر، کۆمەڵکـوژی، کوشـتوبڕ و قەڵاچـۆ کـردن وەک مانیفێسـتی ئـەو ڕێژیمـە تۆتالیتێـرە لـە هەمـوو قۆناغـی دەسـەڵاتیدا پەیـڕەو کـراوە.

خومەینـی و مەرجەعییەتەکـەی بـە هەمـوو لـق و پۆپـی کـە مۆدێلێـک لـە جۆرەکانـی حکوومەتـی ئیسـلامییە، لـە سـەرەتای گرتنـی دەسـەڵات، تێرۆر و کوشـتنی مافخـوازان و ڕێبـەران و ئازادیخوازانـی کوردی خسـتە بەرنامـە و پـلان و ئـەو شـێوە جینایەتـەی وەک سـووننەت و ئەرکێکـی دینی و واجب بۆ باوەڕمەندان و موریدەکانی بەجێ هێشـت. خومەینی و تیئۆریـی ویلایەتـی فەقـی بـە دارشـتنی شـێوەکانی سـەرکوت، هەڕەشـە و دڵەڕاوەکێـی گشـتگیر بـە شـێوازێکی بەڕواڵـەت ڕازاوە لـە چوارچێوەی خاڵ و ماددەکانـی ئایینـی سیاسـی-کۆمەڵایەتی خۆیـدا، ئـەو ئینتیمـا و بـاوەڕەی بـۆ پاوانخـوازان و جینایەتکارەکانـی پـاش خـۆی بەمیـرات دروسـت کـرد. بـۆ نموونـە خومەینـی لـە فتوایەکـدا لەبـارەی تێـرۆر لێـی دەپرسـن، دەڵـێ ئێمـە دژی تێرۆریـن، چونکـە "ئێرتـداد و مەهدورەلـدەم- ارتـداد و مهدورالـدم" مـان هەیـە. خـۆ ئەگـەر تێـرۆر و چەمکـی تێـرۆر لەگـەڵ ئـەو دوو بنەمـا فکرییـەی خومەینـی هەڵسـەنگێنین، ئاشـکرایە کـە تێـرۆر لقێکـە لـە مەسـەلەی " ئێرتـداد و مەهدورەلـدەم" بـوون. ئاسـانترین پێناسـە بـۆ ئـەو دوو چەمکـە ئەوەیـە کـە ئـەو دەسـەڵاتە یـان ئـەو بیـر و بـاوەڕە بـە هـەر شـێوەیەک لـە شـێوەکان، بەدەسـت هەرکەسـێک کـە ڕاسـپاردراو بـێ یـان سـەربەخۆ بـە ئەرکـی خـۆی بزانـە و لەهـەر کـوێ بـێ بـۆی هەیـە و دەتوانـێ دژبـەران و نەیارانـی (لەسـەر بابەتـە ئایینیـەکان) بکـوژێ یـان (لەسـەر بابەتـە سیاسـییەکان) تێرۆریـان بـکا. لـە ڕاسـتیدا ئـەوان بـە بڵاوکردنـەوەی تـرس و دڵەڕاوکـێ لەنێـو خەڵـک و کڕوماتکردنـی کۆمەڵگـە دەیانـەوێ پێـش بـە جووڵانـەوەی مافخـوازی بگـرن و سـەنگەری خەبـات و تێکۆشـان بـە خەڵـک چـۆڵ بکـەن. بەڵام ئـەوەی نایانـەوێ بیزانـن ئەوەیـە کـە سـەرکوتی گەلێـک و چاندنـی تـۆوی تـرس و بێهیوایـی لـە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دڵی میللەتێکدا کە هەم خۆی و تواناکانی و هەم ماف و ویستەکانی خۆی دەناسێ و لەسەر وەدیهێنان و دەستەبەرکردنیان سوورە، ئاسنی ساردکوتانە.

میراتگرانی خومەینی بەسەرهاتێک لە ناوبراو دەگێڕنەوە کە کاتێک لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ساواکەوە دەگیرێ، لێی دەپرسن ئەدی سەربازەکانت نایەن ڕزگارت بکەن؟ ئەویش دەڵێ سەربازەکانی من لە بێشکەدان و گەورە دەبن. ئەم ڕێژیمە دوای پاوانکردنی دەسکەوتەکانی شۆڕش و دامەزرانی نیزامی سیاسیی نوێ پێوشوێنی ئەوە کەوتن کە بە پەروەردەی ئیدۆلۆژیک و مەکتەبی لە ڕێگەی قوتابخانە و مزگەوت و دامەزراوە فێرکارییەکانەوە منداڵانی نێو لانکەش بۆ لایەنگری و پاراستنی ڕێژیمەکەیان بار بێنن، بەڵام لە کوردستان پتر لەهەر جێیەک ئاکامی پێچەوانەکەیان لێ هەڵگرتەوە. لە کوردستان منداڵانی نێو بێشکەی ئەوکات نەوەیەکی شۆڕشگێڕی ئازادیخوازی دژی ئەم ڕێژیمەیان لێ بەرهەم هات، نەوەیەک کە حەماسەی چوار دەیە خۆڕاگری سەرەڕای سەرکوت و کۆمەڵکوژی، زیندان و ئێعدام، تواندنەوە و مووشەکباران شایەتیی بۆ دەدەن. ئەوەی خومەینی نەیدەزانی ئەوەیە کە ئەوە پێشمەرگە مافخوازەکانی کوردستانن کە دەبێشکە و قوتابخانە و سەرشەقامن. دوو دەیە پاش مەرگی خومەینی مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانان زۆر بەباشی ئەم ڕاستییەی سەلماند.

دوای تێپەڕینی زیاتر لە ٤٣ ساڵ بەسەر تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا، ئەوەی کە ئێستا لەنێو نەتەوکانی ئێراندا هەرکام بە شێوازێک بەڵام تێکڕا لە سەنگەری خەبات و تێکۆشانی بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمەن نیشانەی کۆتایی بیرۆکەی خومەینیزم و هەر لەجێدا ماپەپووچبوونی ئەو ئیدۆلۆژییە بوو کە نە بە کات، نە بە ئیمکانات و دراو و زەبر و زۆریش بووبێ نەیانتوانی جێی بخەن؛ بۆیەشە شار و شەقام لەدژیان ڕاساوە. «مووسا»کان و ئەوانەی ئێستا لە سەنگەری خەبات بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تێکەوەپێچانی تۆماری ئەم ڕێژیمەن، هەموو منداڵانی نێو بێشکەی ئەوکات و سەردەمن. کەوابوو سەرکوتی خوێناوی و چەرخی تێرۆر و کوشتبوڕی کۆماری ئیسلامی چەندی لەگەڕدا بێ، لەبەرامبەر ئیرادەی مافخوازیی ئەم گەلەدا زەبوون و دەستەوەستانە و هەر ئێستا بە هەزاران هەزار منداڵ لە لانکەی کوردایەتیدا بە لایە لایەی دایکان و گێڕانەوەی بەسەرهاتی شۆڕشگێڕانی باووباپیرانیان گۆش دەکرێن. ئەوان گەورە دەبن، لەسەر ئەم ڕێبازە پەروەردە دەکرێن و خۆیان لە سەنگەری خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادیدا دەبیننەوە، کە مووسا باباخانی یەک لەوانی پێشوو و، ئولگوو بۆ ئەوانی داهاتووە.

لە ئێستادا مەشخەڵی خەباتی "مووسا" بە دەستی هەزاران هەزار ڕێبواری ئەو شەهیدەوە بەڕێوەیە و هەمدیسان هەزاران هەزار منداڵی دی دەبێشکەدا "ئەی ڕەقیب"یان بەگوێدا دەچرپێندرێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دڵنووسی کۆمەڵێك لە هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی شەهید مووسا باباخانی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**تەیموور مستەفایی**

**دەمزانی کە لەلایەن ڕێژیمەوە هەڕەشەی لەسەرە، بۆیە پێم گوتبوو کە ئەگەر ڕێژیمیش هەڕەشەت لێ نەکا ئەتۆ دیسان پێویستە لە پێوەندییەکانت بە کەسانی نێوخۆ و تەنانەت باشووری کوردستانیش ئەوپەڕی ئاگات لە خۆت بێت و نەچیتە سەر هەموو قەرارێک**

"موسا باباخانی"م ئەو کاتە ناسی کە لە هێزی پارێزگاری پێشمەرگە بوو، ئەوکات من بەرپرسی تەشکیلاتی ناوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوم، چەند جارێک سەردانمی کرد و لەسەر بارودۆخی ناوچەکانی کامیاران و کرماشان پێکەوە قسە و باسمان کرد، خەڵکی بەباشی دەناسی و پاش ماوەیەک هەستم کرد دەکرێت بەرەبەرە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ تێکەڵ بە کاری تەشکیلاتی بکرێت.

کوڕێکی ئەهلی خوێندنەوە بوو، کەم کەم کەوتە هاوکاریکردنی کۆمیسیونی چاپەمەنی، سەرەتا لە تایپکردنەوە دەستی پێ کرد، پاشان داڕشتنی هەواڵ و لە چاپەمەنیدا ئەرکی جۆراوجۆری دیکە پێی سپێردرا. هاوکات لەگەڵ کار لە چاپەمەنی، بەردەوام سەردانی کۆمیسیونی تەشکیلاتیشی دەکرد و ئەو هەواڵ و زانیارییانە کە لە ناخۆی ڕۆژهەڵاتەوە بۆیان دەهەنارد دەدا بە ئێمە، بە هۆی چالاکبوونی لە وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری لە نێوخۆی وڵات هەستم کرد کە ئیتر دەکرێت وەکوو کادرێک کاری تەشکیلاتی پێ بسپێری، بۆیە نەقڵی کۆمیسیونی تەشکیلات کرا و ئیتر ڕاستەوخۆ لەگەڵ من کاری تەشکیلاتی دەکرد. کادرێکی چالاک بوو، لە زۆربەی مانگرتن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و نارەزایەتییەکانی دژی ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران لە کرماشان دەوری چالاکانەی دەگێڕا.

نزیکەی سێ تا چوار ساڵێک ڕاستەوخۆ لە کۆمیسیونی تەشکیلات کاری دەکرد. کاک "مووسا" کە هۆگرییەکی زۆریشی بە کاری ڕاگەیاندن هەبوو، جارێکی دیکەش ڕووی کردەوە ڕاگەیاندن و هاوکات بە هاوکارییەکانی لەگەڵ کۆمیسیونی تەشکیلات درێژەی دەدا و بەردەوام بوو لە پێوەندییە تەشکیلاتییەکانی لەگەڵ ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەو ماوەیەداکە لەگەڵ من وەکوو کادرێک کاری کردووە، کوڕێکی چالاک، هەڵسووڕ و دڵسۆز بوو .چەند جارێک سەبارەت بە پێوەندیکردنی بە کەسانی ناوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕێنوێنیم دەکرد کە دەبێت ئەوپەڕی پارێز (احتیات) لەبەرچاو بگرێت کە دوایین جار بۆ تۆمارکردنی وتووێژێکی تەلەفزیۆنی بۆ کوردکاناڵ هاتە لام، لە کۆتاییی وتووێژەکەدا بە منی وت کە تاکوو ئێستە چەند جارێک ڕێژیم هەڕەشەی لێم کردووە، منیش پێم وت ئەگەر ڕێژیمیش هەڕەشەت لێ نەکات پێویستە لە پێوەندییەکانت بە کەسانی ناوخۆ و تەنانەت باشووری کوردستانیش ئەوپەڕی ئاگات لە خۆت بێت و نەچیتە سەر هەموو قەرارێک، بەڵام بەداخەوە کەمتر لە مانگێکی کێشا کە هەواڵی تێرۆرکردنیم هەر لە چوارچێوەی ئەو پیلان و هەڕەشانەدا کە ڕێژیمی تێرۆریستپەروەری ئێران لێی کردبوو، لەلایەن بەناو دۆستێکی نێزیکی خۆیەوە بیست کە زۆر پێی دڵگران بووم و بەڕاستی کە حەیفی کرد.

ڕوحی کاک"مووسا باباخانی" شاد و یادی هەر لە دڵماندایە.

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**حەمەڕەسووڵ کەریمی**

**مووسا ئەگەر ئەگەر لەلایەک بۆ کادر و پێشمەرگە و ناسیاوانی خۆی ڕێبەرێکی دیار و جێگەی ڕێز بوو، هاوکات بۆ دوژمن کەسێکی زراوتۆقێن و بەهەیبەت بوو. هەر بۆیە دوژمن لە بیر و هزر و کرداری شۆڕشگێرانەی دەترسا و بۆی لە پیلاندا بوو کە بە هەر شێوەیەک و بە هەر نرخێک بێت ئەو گەوهەرەی ناوچەی کرماشان بەدیل بگرێ، یان تێرۆری بکا**

هاوڕێ شەهید "مووسا باباخانی"م درەنگ ناسی، بەڵام هەر لەگەڵ یەکەم چرکەساتەکانی دیدار و چاوپێکەوتنماندا خۆشم ویست، بیر و هزر و بیرکردنەوە و کارەکانی لە دڵم نیشتن، هەر بۆیە زۆر زوو بەیەکەوە بووینە هاورێیەکی نزیک و هاوهەڵوێست و هاوبیر. شەهید "مووسا" گەنجێکی ڕەوشەنبیر و تێگەیشتوو و پێگەیشتوو و بە هەڵوێست بوو، لە خۆپێگەیاندن و فیرکردنی خۆی و دەوروبەریدا کەمتەرخەم نەبوو و بۆ فێرکردنی لاوەکان لە بوارە جۆرواجۆرەکانی وەکوو ڕامیاری و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و کاری مێدیاکاری کەڵکی وەردەگرت و مرۆڤێکی خۆشڕاوێژ و خاوەن قسە و گوتار و وێژمان بوو. پێشمەرگە و کادر و ڕێبەرێکی کاریزماتیک بوو، کاری هزری و کردەوەی بەیەکەوە تێکەڵ کردبوون، بەردەوام لە هەوڵی دروستکردنی ڕایەڵەیەکەی تەشکیلاتیدا بوو، پێوەندییەکی چڕوپڕی لەگەڵ نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو، ئەو پێوەندی و تێکەڵبوونە، وای کردبوو کە شەهید "مووسا" ببێتە کەسێکی جێگەی متمانەی ڕێبەریی حیزب و لە هەمان کاتدا ببوو بە هۆی ترس و خۆف و نیگەرانیی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شـەهید "مووسـا" مرۆڤێکـی خۆشـهزر و خۆشسـەلیقە و کارجـوان و بەبەرنامـە بـوو، ئەوانـەی زیاتـر لـە کاری حیزبیدا کاریان لەگـەڵ کردبـوو، هەمـوو شـایەتی دەدەن بـۆ پـرۆژە و پرۆسـە کارییەکانی چ وەکـوو کادری ڕێبـەری و پێشـمەرگە و چ وەکـوو ڕاگەیاندنـکار، هاوڕێـی دەسـتڕەنگین شـەهید "مووسـا" لـە کار و چالاکییەکانی حیزبیدا مرۆڤێکـی سـەرکەوتوو و بەڕەوشـت و ئاکاربـەرز بـوو.

شـەهید "مووسـا" گەنجێکی چاوکراوەی کرماشـانی بوو، کاتێک بڕیاری بـوون بـە پێشـمەرگەی دا، هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان و حیزبـی دێموکـرات لەودیـوی سـنوورە دەسـتکردەکان خەریکـی خۆپێگەیانـدن و کاری سیاسـی و ڕاگەیانـدن بـوو، ئـەو بەگشـتی ڕێگـەی شۆڕەسـوارنی دێموکراتـی گرتـە بـەر و تاکـوو کاتی شـەهیدبوونی شـانازی بـە جلوبەرگی خاکیـی پێشـمەرگانەوە دەکـرد.

وەکـوو ئەندامـی ڕێبەریـی حیـزب و وەکـوو پێشـمەرگەی بـە بیروبـاوەڕ و چەکلەشـان لـە چوونـەوە بـۆ نێوخـۆی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دەوری سـەرەکی و باشـی دەگێـڕا و وەک پارتیزانێکـی ئاشـنا و لێـزان بـە کاری پارتیزانـی، دەروازەی سـنووری دەسـتکردی بـڕی و خـۆی لـە ئامێزی دایکی نیشـتمان و خەڵکی کوردسـتاندا دیتـەوە و بوێرانـە ئەرکـە حیزبییەکانـی خـۆی لـە نێوخـۆی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا ڕادەپەڕانـد. لـە کاری وێنەگـری و کاری فیلمهەڵگرتنـەوە و دروسـتکردنی بەرنامـەی تەلەفزیۆنیدا کەسـێکی دەسـتڕەنگین و جوانکار بـوو، ئەخـلاق و خـوو و ڕەوشـتی شۆڕشـگێرانە و کاری بـەردەوام و بەدەسـتەوەبوونی لـە کار و ئەرکـی حیزبیدا، وایان لـە کاک "مووسـا" کردبـوو کـە هەمـوو لایـەک خۆشـیان بوێت و ڕێزی لـێ بگـرن. ئەگـەر لـە لایـەک بۆ کادر و پێشـمەرگە و ناسـیاوانی خـۆی ڕێبەرێکـی دیـار و جێگـەی ڕێـز بـوو، لـە هـاوکات بۆ دوژمـن کەسـێکی زراوتۆقێـن و بەهەیبـەت بـوو، هـەر بۆیـە دوژمـن لـە بیـر و هـزر و کـرداری شۆڕشـگێرانەی دەترسـا و بـۆی لـە پیلانـدا بوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە بە هەر شێوەیەک و بە هەر نرخێک بێت ئەو گەوهەرەی ناوچەی کرماشان بەدیل بگرێت و یان تیرۆری بکات.

شەهید "مووسا" ڕۆژی ١٤ی گەلاوێژی ٢٧٢١ی کوردی (١٤٠٠ی هەتاوی) لەلایەن تیرۆریستێکی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و جاش و خۆفرۆشێک لە بەرگی هاوڕێیەتیی شەهید "مووسا"دا لە یەکێک لە هوتێلەکانی شاری هەولێر شەهید کرا و بەم چەشنە دوژمن لە ڕێگەی ئەم خۆفرۆشەوە بە ئامانجی خۆی کە تیرۆری هاوڕێ "مووسا" بوو گەیشت، ڕاستە شەهید "مووسا" بە جەستە لەگەڵمان نەماوە، بەڵام بیر و هزری شەهید "مووسا" بۆ هەمیشە لەنێو دڵ و دەروونی هەموو لایەکدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە و ڕێگەی خەبات و تێکۆشانی بووەتە ڕێگەی خەباتکاران و شۆڕەسوارانی ڕێگەی ئازادی و بەتایبەت لاوان و گەنجانی دڵ پڕ لە هەستی نیشتمانپەروەری کرماشان و ئیلام و ناوچەکانی خوارووی کوردستان.

***

**حەسەن خۆشکەلام**

> **دوای تەقاندنەوەی بۆمبەکان و شەهیدبوونی «ئازاد ئاڵی» و «ئەمیر نستانی» و بریندار بوونی «کارۆ ڕەسووڵی» و تەقەکردنی هێزەکانی دوژمن لە پێشمەرگەکان، «مووسا» بە تەکتیرهاوێژەکەی شەڕێکی ئازایانەی کرد و خۆڕاگری و کاریگەریی ئەو تەکتیرهاوێژەکەی دیکەمان بوو کە کەمینی دوژمنیان تێک شکاند**

سەبارەت بە ناسیاویم لەگەڵ شەهید "مووسا"، پێش لێکدابڕان لە حیزبی دێموکراتدا کاک "مووسا"م لە دوورەوە وەک پێشمەرگەیەکی

ئاسایی دەناسی، تازەلاو بوو هاتبوو بۆ پێشمەرگایەتی، وا بزانم لە کومیسیۆنی چاپەمەنی بوو، لە لەتبوونی حیزب ئەو لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کودستانی ئێراندا بوو تاکوو ئەو ساڵانەی دوایی کە هاتەلای حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەکۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێرابوو، ناوبراو دیار بوو لە پێشمەرگایەتیدا خۆی پێگەیاندبوو و کادرێکی پووختەی لێ دەرهاتبوو، لە کوردکاناڵ کاری ڕاگەیاندنی دەکرد و لەبیرم نەچێت لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە تیشک تیڤی بەرنامەی پێشکەش دەکرد و کادرێکی شارەزای بواری ڕاگەیاندن لێ دەرهاتبوو. لە دوای کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەکوو ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێرا و لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندیدا زۆرترم ناسی، کەسێک بوو بە دوای ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و ناوچەدا دەگەڕا و لە هەموو کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندیدا کە ڕاپۆرتی سیاسی لەلایان سکرتێری حیزب پێشکەش دەکرا، شەهید "مووسا" قسە و بۆچوون و لێکدانەوەی خۆی هەبوو لەسەر داهاتووی ئێران و هەلومەرجی کوردستان و چۆنیەتی کار و تێکۆشان و چالاکبوونی حیزبەکەمان لە بواری هەبوونی پێشمەرگە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چۆنیەتیی کاری تەشکیلاتی بە نەهێنی.

ناوبرا پێی وا بوو دەبێت حیزبەکەمان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاک ببێت و زۆر حەز و شانازی بە خەباتی پێشمەرگانەوە دەکرد، یەکەمجار لە هاوینی ١٣٩٤ی هەتاوی هاتە لام و داوای کرد هەر کاتێک چووینەوە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک پێشمەرگەیەک حازرە لەگەڵماندا بێت، لە کاتێکدا ئەو خەڵکی کرماشان و ئێمەش جەولەکەمان بۆ ناوچەکانی سەردەشت بوو، وتی شارەزایم لە تەکتیرهاوێژم (قەناسە) هەیە و کامێرای تایبەتی وێنەهەڵگرتن و فیلم هەڵگرتنی خۆم هەیە، ئەویش لەگەڵ خۆم دێنم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەهەرحاڵ من و کاک محەممەد مامئاغا و کاک کارۆ بەرپرسایەتیی ئەو تیمە پێشمەرگەمان لەسەرشان بوو و لە ٢٨ی گەلاوێژی ئەو ساڵە چووینەوە ناوچە و زیاتر لە دوو حەوتوومان پێ چوو جەولەیەکی زۆر سەرکەوتووانە و پڕدەسکەوتمان بە دەوری شاری سەردەشتدا لێ دا و هاوکاری دووتیمی مەهاباد و ڕەبەتمان کرد تاکوو لە چۆمی "کەڵوێ" پەڕینەوە بە کامێراکەی گەلێک فیلم و وێنەی تایبەتی ناوچە و پێشمەرگەکانی گرت و لەم سەفەرەدا ئارشیڤێکی دۆڵەمەندی لە فیلم و وێنە بۆ کوردکاناڵ دروست کردبوو. دەڵێن سەفەر سەنگی مەحەکە و بەڕاستی وایە لەو جەولەیە بۆم دەرکەوت کە لە بواری ئازایەتی و فیداکاری و وریایی لە ناوچەدا بۆ ئەوەی دەبێت حیسابی لەسەر بکەی و پشتی پێ ببەستی، لەگەڵ ئەوەشدا هیوایەکی زۆرم بە تەکهاوێژەکەی و نیشانەگیرییەکەی هەبوو.

ورەی هاوکاری و هەماهەنگی زۆر بوو، شەوێک دیتم کۆڵەپشتییەکی زیادی هەڵگرتووە، کە پرسیارم کرد هی یەکێک لە پێشمەرگە ماندووەکان بوو کە لێی وەرگرتبوو. ئەوە پێی دەڵێن نەزم و دیسیپلینی پێشمەرگانە، وەک کەسێکی کارامە و بەئەزموون ڕەچاوی دەکرد و پارتیزانێکی بە واتای چەمک و وشە بوو. ئەو پێی وا بوو دەبێت کادر و پێشمەرگەی حیزب هەمیشە لەناو خەڵکی خۆیدا بێت و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە مەیدانی سەرەکیی خەبات و تێکۆشان دەزانی و پێی وا بوو دەبێت حیزبەکەمان گرینگی بەم شێوە خەباتەی بدات و زۆر بە شانازییەوە خۆی ئامادەگیی تەواوی بۆ ئەم شێوە خەباتە هەبوو، بۆی گرینگ نەبوو لە چ پلە و پایەی تەشکیلاتی و لە کام ئۆرگانی حیزبی کار دەکات تەنیا ئاوات و ئارەزووی حوزوور لە ناوچە و ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. ئەم شێوە خەباتە سەرەڕای هەموو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆسپ و مەترسیەکان زۆر پێی پیرۆز بوو، ئەوجار بۆم دەرکەوت کە شەهید "مووسا" تەنیا شارەزا لە کاری ڕاگەیاندن نییە و بۆ کاری مەیدانیی پێشمەرگانە دەبێت حیسابی لەسەر بکرێت، کە وەرزی بەهار دەهات هەموو ڕۆژێک دەهاتە لام و دەیوت با سەفەرێک بکەین، بۆیە لە ساڵی ١٣٩٥ی هەتاویدا کە دەچووینەوە بۆ ناوچەی سەردەشت، کاک "مووسا" لەگەڵمان بوو وەکوو کەسی سەرەکیی تیمی ناوچە حیسابی لەسەر دەکرا. بەداخەوەکە لەم جەولەیەدا خەیانەتمان لێ کرا و ڕێگەکەیان بۆمبڕێژ کردبوو و دوای تەقاندنەوەی بۆمبەکان و شەهیدبوونی "ئازاد ئاڵی" و "ئەمیر نستانی" و برینداربوونی "کارۆ ڕەسووڵی" و تەقەکردنی هێزەکانی دوژمن لە پێشمەرگەکان، "مووسا" لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکە بەت تەکتیرهاوێژەکەی شەڕێکی ئازایانەی کرد و خۆڕاگری و کاریگەریی تەکتیرهاوێژەکان کەمینی دوژمنیان تێک شکاند و مەجالیان نەدا لە شەهید و بریندارەکان نزیک ببنەوە.

لەو ماوەیەدا کە یەکترمان ناسی، ڕێز و حورمەتی تایبەتیم بۆی هەبوو و ئەویش ڕێزی تایبەتی لێم دەگرت، ئەگەر بەکورتی لە چەند خاڵێکدا باسی بکەم: ئەو کادرێکی پوختەی سیاسی، کادرێکی لێهاتوو و شارەزا لە ڕاگەیاندن، کادرێکی ماندوویینەناس و خاوەن پێگەی تەشکیلاتیی پارتیزان و کادرێکی هەڵسووڕ و فیداکار بۆ ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەباتی پێشمەرگانە و هاوڕێ و هاوسەنگەر و دۆستێکی بەوەفا بوو. بە واتایەکی دیکە کوڕی هەموو مەیدانەکان بوو، بەداخەوە دەستی ڕەشی تێرۆر مەجالی پێ نەدا ئەگینا چاوەڕوانی کار و بەرپرسایەتیی زیاتری لێ دەکرا.

ڕوحی شاد و ڕێگە و ڕێبازەکەی بەردەوام و پڕڕێبوار بێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کارۆ ڕەسووڵی

**کاتێک دەچووینە نێو خەڵک و گوندەکان، لاو و پیر، کوڕ و کچ بەرەوپیلی دهاتن و لە ئامێزیان دەگرت، بۆ خەڵک دەموچاویکی ئاشنا و خۆشەویست بوو، وێنەیان لەگەڵی دەگرت... کاتێک لە گوند دەڕۆیشتین بەرەو شوێنی مانەوە یان حەسانەوە، دەیگوت گوناح نییە ئێمە لەو خەڵکە دابڕێین چۆن دەبێت بەردەوام لە نێویاندا نەبین**

سەرەتای ناسینی من و شەهید «مووسا» دەگەڕێتەوە، بۆ زیاتر لە ١٨ساڵ پێش ئێستە، یەکەم جاریش لە مەیدانی وەرزشی یەکترمان ناسی، شەهید «مووسا» ئاشقی وەرزش بوو، بەتایبەت لە بواری ڕاکردنی خێرا و درێژماوە کە چەندین جاریش لە ئاستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگای هەولێر و شاری کۆیە و خولەکانی ناو حیزب پلەی یەکەم و دووهەمی بەدەست هێناوە، هاوڕێ و دۆستی مەیدانی وەرزشی بوو بە هاوڕێ و هاوخەبات و هاوسەنگەر لە گۆرەپانی دژ بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و تاکوو کاتی شەهید بوونی. چەند جارێک شانازیم هەبوو، هاوڕێ لەگەڵ شەهید «مووسا» لە خزمەت هاوڕێیاندا بم بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باوەڕیکی قووڵ و تایبەت بە خۆی و بە خەبات دژ بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەبوو، هەمیشە پێداگر بوو بۆ حزووری پێشمەرگە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دانەبڕان لە خەڵک و خەباتی پێشمەرگانە، پێی وا بوو نابێت تاکی شۆڕشگێڕ لە بەرانبەر دوژمنێکی وەک ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ڕێگەی پێشمەرگانە بە دوایی ڕێگەکانی دیکەی خەبات بدات، ئەو بیرکردنەوە هاوکات

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو لەگەڵ ئەرکی ڕۆژانەی کە بەڕێوەبردنی بەرنامە و کارەکانی بوو کە لە ڕاگەیاندن و کوردکاناڵ و پێشتریش لە تیشک تیڤی بوو. بەرنامەکانی ڕاگەیاندن و کارە ناوازەکانی تاکوو ئێستەش هەر بە زیندوویی ماونەتەوە و بوون بە میوانی ماڵەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کاتێک دەچووینە ناو خەڵک و گوندەکان، گەنج لاو و پیر بەرەوپیلی دهاتن و لە ئامێزیان دەگرت، بۆ خەڵک دموچاویکی ئاشنا و خۆشەویست بوو، وێنەیان لەگەڵی دەگرت و پێشنیاریان پێ دەکرد و بە دڵیکی فراوانەوە لێ وەردەگرتن، کاتێک لە گوند دەڕۆیشتین بەرەو شوێنی مانەوە یان حەسانەوە، دەیگوت گوناح نییە ئێمە لەو خەڵکە دابڕێین، ئاخر چۆن دەبێت بەردەوام لە نێویاندا نەبین. پێویستە بڵێم ئاشقی چەکی تەکتیرهاوێژ و کامێرای وێنەگرتن بوو، زۆریشیان لێ شارەزا بوو، بۆ هەموو ئەرکە پێسپێردراوەکانیشی، هەڵگری چەکی یەکتیرهاوێژ و کامێرایەکی تایبەت بە خۆی بوو، بۆ تۆمارکردن و وێنەگرتنی چالاکی پێشمەرگەکان، زۆرێک لەو وێنە حەماسییانەی کو بڵاو دەکرێنەوە و بڵاوبوونەتەوە بۆ تیزیری بەرنامەکان خۆی خوڵقێنەریان بووە، زۆریش مێرخاس و ئازا دەردەکەوت.

مێرخاسی و ئازایەتیی شەهید «مووسا» کاتێک بۆم دەرکەوت، کە تیمێکی پێشمەرگەی حیزب لە نێوان سنووری دەستکردی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تووشی بۆسەیەکی بۆمبڕێژکراوی دوژمن بوون، خۆی و چەکە تەکتیرهاوێژەکەی و کامێراکەی و هاوڕێیەکانی لەو ڕۆژەدا لاپەڕەیەکی دیکەیان بۆ مێژووی پڕ لە شانازیی حیزب تۆمار کرد، ئەوانەی لەو بەربەرەکانێیەدا بەشدار بوون دەتوانن شایەتی بدەن کە چۆن دوژمنیان بە چۆکدا هێنا و بۆسەکەیان تێک شکاند. زۆربەی ڕۆژەکان دەهات و سەردانمانی دەکرد و ڕاشکاوانە ڕەخنە و پێشنیاری خۆی لە چوارچێوەی کاری ئەمنییەتی پێمانی ڕادەگەیاند، بەتایبەت لە بواری ئەمنییەتی زۆر هاوکار بوو، بەردەوام

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەوڵی دەدا زانیاریی نوێ و بەڕۆژی هەبێت لەسەر دۆخی خەڵک و تواناکانی دوژمن و جموجووڵەکان، دیوت دەبێت ئێمە لە پیلانەکانیان غافڵ نەبین و زۆر ئاگاداری خۆمان بین، بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی ئەو چەند ساڵەی دوایی، پێویستە بگوترێت بەردەوام هەڕەشەی هێزە ئەمنییەتییەکانی لەسەر بوو، هۆکارەکەشی ئەو چالاکی و خەبات و تێکۆشانە بوو کە لە هەموو بوارەکاندا دژی دوژمن بەڕێوەی دەبرد.

ئێستە کە یەکەم ساڵڕۆژی تێرۆری ناجوانمێرانەتە، هاتوومە سەر گۆڕی بێنازت و سەیری قامەت و بارەڕی پێشمەرگانەت دەکەم، دەدوێم لەگەڵت و هەواڵی هەموو هاوڕێ و خۆشەویستانەت لێ دەپرسم و تۆش هەر وەکوو جاران بە بزەیەک بێدەنگی ڕادەگری. دەزانی نەبوونت و بیرکردنەوە لە نەبوونت ڕاستییەکی تاڵە، بەتایبەت کاتی ئێواران و پیاسەکانت لە ژووری قەڵا و ڕێگەی قەڵا، هەرکات دێمە ژووری قەڵا هەست بە بوون و باوەڕەکانت دەکەم، دەزانم چەندە هۆگر و مووخلیس بووی بۆ ڕێبازی ڕێبەرمان دوکتۆر قاسملووی شەهید، ئێستە کە ئەو چەند دێرە دەنووسم ڕێک ساڵڕۆژی تێرۆری ڕێبەر و ڕێنیشاندەرمان شەهید «مووسا»یە.

هەرچەند نامهەوێت باسی بکەم، بەڵام هیچ کاتێک بیرم ناچێت جوانمێرەکەی دالاهۆ و نەتەوە و نیشتمان چۆن بوو بە قوربانی ناجوانمێرترین کەسی نیشتمان.

**هاوڕێم مووسا!**

بەڵێن دەدەم بە خۆت و هاوڕێیەکانت لە ڕێگە و ڕێبازتان هەروا خزمەتکار بمێنم

یاد و ناوت هەروا بەرز و خۆشەویست ڕابگرم و تاکوو بمێنم بە یاد و بیرەوەرییەکانەتەوە بژیم.

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**نادر ئیلامی**

**تەنیا شتێک کە دوای ئەو چەند ساڵ هاوڕێیەتییە کە لەگەڵ «مووسا» هەتا ئێستاش ئازارم دەدا ئەوە بوو کە زۆر جار پێکەوە بەتایبەت لە ماوەی ساڵ و نیوێک پێش تێرۆرکردنەکەی زۆر جار بە پێکەنینەوە باسی مەرگی دەکرد. دەیزانی کە ڕێژیم پیلانی بۆ داناوە و دەیانهەوێ تێرۆری بکەن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش قەت کۆڵی نەدا**

سەبارەت بە شەهید «مووسا»، یەکم جار کە کاک «مووسا»م ناسی، هاوینی ١٣٩٤ی هەتاوی بوو، تازە لە ناوچەی «شلێر» گەڕابوونەوە من و چەند هاوڕێیەک لە حەوشەی قەڵا ڕاوەستابووین کە هاتە لامان و وتی تۆ ئیلامیت؟ وا تازە هاتووی بۆ پێشمەرگەیاتی، شێوەئاخاڤتنەکەی لەلای خۆمان دەچوو، وتم بەڵێ. یەکێک لە هاوڕێیان وتی ئەمە کاک «مووسا»یە و خەڵکی کرماشانە، تۆقەمان لەگەڵ یەکتر کرد و بەخێرهاتنمی کرد. وتی ئەی ئێستە لە کام ئورگانی؟ وتم لە پارێزگاریم. وتی زۆر باشە پاش چەند خولەکێک قسە و ئەحواڵپرسی، وتی بەجێتان دێڵم، دوایی پێکەوە قسە دەکەین، وتم باشە و ڕووی. ئەمە یەکم ساتی ناسینی من بوو لەگەڵ کاک مووسا باباخانی. پاش چەند ڕۆژێک لە گەڵ هاوڕێیەکی دیکەمان بانگهێشتمانی (دعوت)کرد بۆ ژوورەکەی خۆی بۆ چایخواردنەوە، دانیشتین و زۆر قسەمان کرد و پاش چەند کاتژمێرێک قسەی خۆش و پرسیار و ... ژوورەکەیمان بەجێی هێشت. کەسێکی زۆر لەسەرخۆ و هێمن بوو، لەو دیدارەدا من زۆر قسەم نەکرد، چۆن تازە ناسیبووم و نەمویست پرسیاری زۆری لێ بکەم. تاکوو دوایی کە ئیتر بووین بە هاوڕێ و ئەمجارە هەموو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژێک بە شەو و ڕۆژ یان دەچوومە ژوورەکەی ئەو یان لە حەوشەی قەڵا پیاسەمان دەکرد. کەسایەتییەکی نەرمونیان هەبوو، زۆر بە کەمی تووڕە دەبوو، پێداگریی زۆری لەسەر بەرەوپێشچوونی کاری ڕۆژانە و چالاکی حیزبی دەکرد، بەتایبەت کە خۆی لە بەش ڕاگەیاندن و تەشکیلات کاری دەکرد، زۆر بایەخی بە کار و چالاکیی پێشمەرگانە و چالاکی لە نێوخۆی وڵات دەدا. باوەڕێکی قووڵی بە حیزب و کەسایەتیی دوکتۆر قاسملوو هەبوو، بە کەمی سوێندی بە گوڕی دوکتۆر قاسملوو دەخوارد ئەوەیش ئەو کاتانە بوو کە بیوستایە بابەتێکی گرنگی بۆ باس بکردایات. ڕەخنەی زۆری لە هاوڕێیانی حیزبی هەبوو، بەڵام هیچ کاتێک لەگەڵ بێڕێزیکردن بە هیچ کەسێک نەبوو. ژیانی سادە و ڕەوشتی شۆڕشگێڕانەی شەهید «مووسا» منی سەرسام کردبوو، کەسێکی وا کە پلە و پایەی حیزبی لەسەر بوو بەڵام هەمیشە وەکوو پێشمەرگەیەکی سادە هەڵسوکەوتی دەکرد، خۆی بەسەر کەسدا نەسپاند و خۆیشی لە کەس پێ گەورەتر نەبوو، زۆر خاکی بوو و پێوەندیی کۆمەڵایەتیی باشی هەبوو، زوو تێکەڵ دەبوو بێ ئەوەی کە چاو لە پێگەی حیزبیی خۆی و کەسی بەرانبەری بکات. تەنیا شتێک کە دوای ئەو چەند ساڵە پێوەندیی هاوڕێیەتیمان کە لەگەڵ «مووسا» هەمانبوو و ئێستایش ئازارم دەدات ئەوە بوو کە زۆر جار پێکەوە بەتایبەت لە ماوەی ساڵ و نیوێک پێش تێرۆری بوو زۆر جار بە پێکەنینەوە باسی مەرگی دەکرد، دەیزانی کە ڕێژیم پیلانی بۆ داناوە دەیانهەوێت تێرۆری بکەن، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە دەیزانی گیانی لە مترسیدایە، دیسان وازی لە کار و تێکۆشانی حیزبی و تەشکیلاتی نەدەهێنا و تا ئەو ڕۆژەی شەهید کرا لەسەر کار و چالاکیی حیزبی سوور بوو و ئەو بڵێنەی کە بە شەهیدان دابووی، بردیە سەر. خاڵێکی هەبوو کە زۆر جار دووپاتی دەکرد، ئەوە بوو کە ئەیوت بڵێیت پاش مردنم چەندین کەس خفەتم لێ بخۆن، ئایا مردنم وەکوو هەبوونم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاریگەر دەبێت؟

بەڕاستی لەدەستدانی کەسێکی وەکوو هاوڕێ «مووسا» زامێکی گەورە و گران بوو کە بە هیچ شتێک قەرەبوو ناکرێتەوە و ئێستایش وەک خۆم پاش ساڵێک لە تێرۆربوونی، هێشتا باوەڕ ناکەم کە ئیتر ناتوانم بۆ جارێکی دیکە «مووسا» نەبینمەوە.

***

**هەژیر عەبدوڵلاپوور**

**شەهید مووسا هیچکات لە کتێب دانەبڕا و لە هەر کوێ بایە، بەشێک لە کاتەکانی بە خوێندنەوەی کتێب بەتایبەتی پەرتووک و نووسراوەکانی پێوەندیدار بە حیزبی دێموکرات، تەرخان دەکرد و پاش شەهیدبوونیشی کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی لە دوای خۆی بەجێ هێشت**

بەهاری ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی بوو، خۆشم ماوەیەک بوو هاتبوومە ناوەندی وەرگرتنی پێشمەرگە (پذیرش)، لەپڕ بانگمیان کرد و وتیان کەسێک هاتووە بۆ پێشمەرگایەتی بچۆ وەریگرە و بیهێنە با تێکەڵی تازەهاتووەکان بێت. کاتێک چووم تازەلاوێکی سوورکەڵەی لێوبەبزەم دی کە زۆر فرز و چالاک و ڕوحسووک هاتە بەر چاوم. ئەو دیتنە بوو بە سەرەتای ناسیاری و هاوڕێیەتییەکی کەم تا زۆر بێپسانەوە کە ٢٢ ساڵی خایاند.

هەرچۆنێک بێت، پێکەوە قۆناغی سەخت و پرکێشەی وەرگیران و لێکۆڵینەوەمان لە ناوەندی وەرگرتنی پێشمەرگە بڕی و دەمەو هاوینی گەرم و تاقەتپڕووکێنی هەمان ساڵ بۆ تێپەڕاندنی دەورەی ١١٧ی سەرەتایی پێشمەرگە، ڕەوانەی فێرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێران کراین.

لەو ماوەیەدا نازانم بە چ هۆکارگەلێک بوو، بەڵام شەهید «مووسا» زۆر هۆگری من ببوو و متمانەیەکی زۆری پێم هەبوو و هەوڵی دەدا زیاتر لێم نزیک بێتەوە. شەهید «مووسا» لەو سەروبەندەدا شارەزاییەکی ئەوتۆی لە ڕێنووسی کوردی و شێوەزاری سۆرانی نەبوو و بەردەوام تێنووسێکی بەدەستەوە بوو و لەو بارانەوە پرسیاری لێم دەکرد.

شەهید «مووسا» زۆر تامەزرۆی فێربوون و خۆپێگەیاندن و خوێندنەوە بوو و لەسەر کلاسەکان بە حەز و تاسەیەکی زۆرەوە گوێی لە مامۆستاکان ڕادەگرت و بەتایبەتی هۆگریی بە بەشی نیزامی زۆر بوو، هەر بەم پێیە لەو بەشەدا لە ئێمەمانان کارامەتر و لێهاتووتر بوو.

هەرچۆنێک بێت، ئەو قۆناغەشمان پێکەوە بڕی و پاش تەواوکردنی فێرگە، من درامەوە ناوەندی وەرگرتنی پێشمەرگە و کاک «مووسا»ش درا بە هێزی سامڕەند (هێزێک بوو بۆ پاراستنی بنکە و بارەگاکانی دەورووبەری دەفتەری سیاسی) و پاشانیش زوو زوو سەردانی یەکترمان دەکرد و لە زۆر بواردا پێکەوە باس و ئاڵوگۆڕی بیروڕامان دەکرد.

هەر وەک وتم شەهید «مووسا» هۆگرییەکی باشی بە خوێندنەوە و خۆپێگەیاندن هەبوو و پاش کۆتاییی فێرگەش، هیچکات لە کتێب دانەبڕا و لە هەر کوێ بایە، بەشێک لە کاتەکانی بە خوێندنەوەی کتێب بەتایبەتی پەرتووک و نووسراوەکانی پێوەندیدار بە حیزبی دێموکرات، تەرخان دەکرد و پاش شەهیدبوونیشی کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندیشی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە. پاشانیش کە لەم چەند ساڵەی دواییدا پێکەوە لە کوردکاناڵ هاوکار بووین، شەهید «مووسا» لەبەر هۆگرییەکی زۆری کە بە کاری بەرهەمهێنان هەیبوو، وێڕای بەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیی ئەو بەشە، خۆشی بەردەوام ئامادەکاریی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەند بەرنامەی لە ئەستۆ بوو و بەتایبەتی پێی خۆش بوو لە بواری دیکۆمێنتسازیدا چالاک بێت و بەحەق لەم بوارەشدا جێپەنجەی بە بەرهەمەکانی کوردکاناڵەوە دیارە.

یاد و ناوی بەرز و هەرمان.

***

**ڕەحمان سەلیمی**

**بەرچاوترین، گرینگترین و بەرجەستەترین لایەنی کەسایەتیی شەهید «مووسا» بریتی بوو لەو عیزەتی نەفسەی کە لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیەوە بگرە تا وردترین لایەنەکانی ژیانی و تەنانەت لە ڕوخساریدا بەدی دەکرا**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیی شۆڕشگێڕ و غورورو و شاییبەخۆبوون یان کەرامەتی نەفسە. ئەوەش بێگومان تایبەتمەندییەکی سروشتی و زاتی و دەروونیی ڕوحی شۆڕشگێڕییە. لە ڕوانگەی منەوە بەرچاوترین و بەرجەستەترین لایەنی کەسایەتیی شەهید «مووسا» بریتی بوو لەو عیزەتی نەفسەی کە لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیەوە بگرە تا وردترین لایەنەکانی ژیانی و تەنانەت لە ڕوخساریدا بەدی دەکرا. بڕوا و ئیمان بە حەقانییەتی ڕێباز، غوروورێکی چێژبەخش بە شۆڕشگێڕ دەبەخشێت کە لەگەڵ هیچ چێژێکی زەوینی بەراورد ناکرێت. بەگشتی دەتوانم بڵێم ئەو تایبەتمەندییە، قۆناغێکی گرنگە لە قۆناغەکانی کەسایەتیی شۆڕشگێڕ کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە شەهید «مووسا»دا ڕەنگی دابووەوە.

شەهید «مووسا» کە لە ناوچەیەکی هەستیاری کوردستانەوە هاتبووە نێو ڕیزەکانی حیزبی دیمۆکرات، زۆر بە زوویی لەو ڕاستییە تێ گەیی کە حیزبی دیمۆکرات زەرفیەتی لەخۆگرتن و کارکردنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەمووانی تێدا دەبێتەوە. هەر ئەو تێگەیشتنەش بوو وای کرد کە هەموو توانای خۆی بۆ ڕاکێشان و ئاشناکردنی لاوان و کەسایەتییە دیار و چالاکەکانی ناوچەکانی خوارووی کوردستان بەرەو حیزبی دیمۆکرات و بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخاتە گەڕ و لەو مەیدانەشدا تواناکانی خۆی سەلماند و بوو بە ئاڵقەیەکی پەیوەندیی گرنگی حیزبی دیمۆکرات و خەڵکی ئەو ناوچانە. ئەو دەستکەوتە ڕێکخراوەیی و تەشکیلاتییانەی شەهید «مووسا» زیاتر لە هەر شتێک بەرهەمی ئەو بڕوابەخۆبوون و کەرامەتی نەفسە بوو کە ئاماژەم پێ کرد.

ئامادەییی هەمیشەیی شەهید «مووسا» بۆ ئەرک و پێسپێردراوە حیزبییەکان و بەتایبەت بۆ چوونەوە بۆ ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەک تەنیا بۆ گەیاندنی پەیامی حیزب بۆ خەڵکی کوردستان، بەڵکوو دەلالەت لە گەشەی بەردەوامی ڕوحی شۆڕشگێڕی لە «مووسا»دا بوو.

بەکورتی دەتوانم بڵێم شەهید «مووسا» مۆدێلێکی تەواونوێن لە پێشمەرگەیەکی خاوەن غورووی نیشتیمانی و بە بیروباوەڕی حیزب بوو کە قەدەر نەیهێشت زیاتر شوێنپەنجەی بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستانەوە دیار بێت و بێگومان بە شەهیدبوونیشی ڕەسالەتی بەردەوامبوونی ئەو ڕێبازەی بە هاوسەنگەرانی سپارد.

ڕوحی شاد و هاوڕێیانی بەردەوام بن.

***

**نەعیم نەجەفی**

**شەهید «مووسا» لە یەک ڕستەدا دەتوانم ئاوای پێناسە بکەم: مێژوویەکی پیرۆز، سەنگەرێکی پتەوی کوردایەتی، کێلێکی بڵند، یادێکی سەربەرزانە**

لە مێژووی شۆڕشی کوردستاندا کەمن ئەو کەسانەی وەکوو شەهید «مووسا باباخانی» قارەمان و ڕاستگۆ و خاوەن بەڵێنی خۆیان بن، بۆیە دەتوانم بڵێم «مووسا» لە هەرە جوانمێرەکانی کوردایەتی و کوردستانە!

شەهید «مووسا»، لە تافی لاوێتییەوە، لە ناوچەیەکی تەفریسکراو و خنکاو بەدەستی شا و شێخەوە کەڵکەڵەی کوردایەتی و خەباتی ڕزگاری، یئەندێشەی داگیر کردبوو. هەر بۆیە لە دوای ساڵی ١٩٩٩ی زایینییەوە لە ڕیزەکانی حیزبی دیمۆکراتدا قۆڵی جوانمێری لێ هەڵ کرد. دڵنیام هاوسەنگەرە هەرە نزیکەکانی لەسەر ژیانی پێشمەرگایەتیی دەنووسن، من تەنیا لەسەر هەڵوێست و هەڵسوکەوتی یئەم تێکۆشەرە و بەهای مێژووییەکەی دەنووسم.

شەهید «مووسا»م لە نزیکەوە دەناسی، لە مێژووی خەباتی شارەزام، لە ئازایەتی و کۆڵنەدانی باش باش ئاگادارم، یەکێک لە جوانمێرترین تێکۆشەرانی کوردستان بوو. یەکناسینی من و شەهید «مووسا» دەگەڕێتەوە بۆ دوازدە ساڵ پێش ئێستا، نزیکەی حەوت ساڵی کۆتاییی ژیانیشی پێوەندیی نزیکمان پێکەوە هەبوو و ئاگاداری زۆر لە چالاکییەکانی هەم.

سەبارەت بە شەهید «مووسا» لە ڕووی کاری تەشکیلاتی لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باوەڕمەندبوونی بە کوردایەتی و ڕێبازی حیزبی دیموکرات، دەتوانم بەم شێوەیە باسی بکەم: هەر وەک دەزانن لە ناوچەکانی خوارووی کوردستان لە پاش سڕبوون و دابڕانێکی چەندین ساڵە لە ویژمان و بزووتنەوەی کوردی، لە بیست ساڵی ڕابردوودا شۆڕشێکی ڕۆشنبیری - نەتەوایەتی سەری هەڵ دا، ئەمەش لە کاتێکدا بوو ئەو ناوچانە لە ڕووی پێکهاتەوە فرە مەزهەبی، ئایینی و شێوەزاری بوون و هاوکات ئاسەواری زۆری ئاسیمیلاسیۆنی پێوە دیار بوو، ئەمەش دەرفەتی بە دوژمن دابوو کە لەم بابەتە کەڵکی نابەجێ بگرێت و بتوانێت جاروبار کێشە و کۆسپ بخاتە بەردەم ڕۆشنبیران و چالاکوانانی کورد لەو ناوچەیەدا. لەناو جەنجاڵی ئەو دۆخەدا، لە گەرمەی خرۆشانی هەست و هەڵوێستی خەفەکراوەکاندا، چالاکییەکانی شەهید «مووسا» بە ڕیالیستی دەبنم و هەنگاوەکانی بۆ چارەسەریی کێشەکان لۆژیکی و ژیرانە بوون.

ئەو شێوازە لە بیرکردنەوەش لەسەر کاری تەشکیلاتی و هەڵسوکەوتی شەهید «مووسا» ڕەنگی دابووە، بە جۆرێک کە فرە کەس بە هەر بیر و باوەڕێکی سیاسی و تەنانەت لە دەرەوەی بازنەی کوردایەتییش ڕێزیان لە بیر و بۆچوونەکانی «مووسا» دەگرت و هەر ئەمەش وای کردبوو کە لەو ناوچانەدا کۆمەڵێک پێوەندیی فراوان و بەربڵاوی هەبێت، هەمیشەش خزمەتگوزاری هاوڕێ و هاوبیرانی و هەر تاکێکی کوردستان بوو و لە بەرانبەریاندا پڕاوپڕ لە ڕاستگۆیی بوو و یەوپەڕی وەفاداریی دەنواند.

سەبارەت بە ڕێباز و بیر و باوەڕی سیاسیی خۆشی، ئەگەرچی مرۆڤێکی دانەبەڕاو و کۆڵنەدەر بوو لە ڕێبازی سیاسی و حیزبیی خۆیدا، بەڵام هەمیشە پرسی نەتەوەیی پێش حیزبایەتی خستبوو و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر ئەمەش لەناو چالاکوان و ڕۆشنبیرانی خوارووی کوردستاندا جێگە و پێگەیەکی تایبەتی پێ بەخشیبوو.

کۆی ئەم تایبەتمەندییانە «مووسا»یان کردبووە خاوەن توانای ڕێکخستنێکی گەورە کە شوێندەستی دیار بێت، هەر ئەمەش وای کرد کە ڕێژیمی داگیرکەری ئێران شەهید «مووسا» بە مەترسییەک لە دژی پیلانە نەگریس و بەرژەوەندییە داگیرکارییەکانی خۆی بزانێت و پیلانی تیرۆرکردنی دابڕێژێت. بۆیە شایانیەتی ڕێزی لێ بگیرێت و بە جوانی لە لاپەڕەکانی مێژوودا تێکۆشان و کەسایەتیی ئەم هەڤاڵە باس بکرێت.

لە یەک ڕستەدا شەهید «مووسا» لە یەک ڕستەدا دەتوانم ئاوای پێناسە بکەم: مێژوویەکی پیرۆز، سەنگەرێکی پتەوی کوردایەتی، کێلێکی بڵند، یادێکی سەربەرزانە.

لەکۆتایشدا یادی سەربەرزانەی بەرز ڕادەگرم و دەڵێم؛ مووسا گیان! هەرچەند بیرت دەکەم و جوانمێرییەکانتم بیر دەکەوێتەوە، تۆ ئەوەندە گەورەیت... ئەوەندە پاکیت... ئەوەندەش مۆراڵی سیاسیت بەرز بەرزە... دڵنیام هەتا یئێمە لە ژیاندا بین، جێگەت پڕ نابێتەوە؛ هەرچەندیش دۆخی شارەکەت و ناخی هاوڕێیەکانت دەخوێنمەوە، نەک خەمی شەهیدبوونت، بەڵکوو خەمی چارەنووسی کرماشانە نازدارەکەت دایگرتوون!

**مووسا گیان!**

هیچی ترم پێ نییە... جگە لەوەی کە سەیری پیرۆزی مێژووەکەت و بڵندی کێلەکەت بکەم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ژیلا موستەئجیر

**دوای مووشەکبارانی قەڵا و لەگەڵ ئەوەشدا بە برینداری هێنابوویان بۆ هەولێر، بەڵام ئەو بەو هەموو برینەی جەستەیەوە دڵی دەکوڵا بۆ لای هاوسەنگەرەکانی و ئۆقرەی نەگرت و بڕیاری دا بە زامداری بچێتەوە لایان، بەتایبەت کە زۆر بۆ هاوڕێیە شەهیدەکانی دڵبریندار بوو**

پێش هەموو شتێک دڵنیام کە شەهید «مووسا باباخانی» یادی لە دڵی هەزاران ڕۆڵەی کورددا هەرمانە و ڕێگە و ڕێبازی بەردەوامە و ئاواتم وایە کە ئاواتەکانی ئەو بێنە دی.

لەڕاستیدا زۆر بیرم کردەوە، من یەکەم جار کەی و لە کوێ شەهید «مووسا»م بینی، لە بیرەوەریمدا نییە کەی و چۆن و لە کوێ «مووسا»م بینی و ئەمە بۆ خۆم پرسیارێکی جددی دروست کرد، هەرچەند بیر دەکەمەوە و بیرەوەرییەکانم لێک دەدەم نایەتەوە بیرم، ئەگەر بکرێت و مەجالم بدەن بە گێڕانەوەیەکی دیکە یادی شەهید «مووسا» بەرز ڕابگرم.

شەهید «مووسا» هاوڕێی زۆر نزیکی هاوسەرەکەم واتە «ئەرسەلان یارئەحمەدی»یە، بۆیە هاتووچۆمان هەبوو، هەر کاتێک ڕێگە و مەجال هەبووایە یەکمان دەدی، بەتایبەت کە ئێمە لە شاری هەولێر گیرساینەوە زیاتر هاتووچۆمانی دەکرد.

ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی بەداخەوە کە مووشەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکرات کرا و زۆرێک لە هاوڕێیان شەهید و بریندار بوون، «مووسا»یش لەنێو بریندارەکاندا بوو، ژمارەیەک لە بریندارەکان ڕەوانەی شاری هەولێر کرابوون، ئێمە زانیمان «مووسا»یش لەنێو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بریندارەکاندایە، لەبەر ئەوەی لە ناوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان نامە و تەلەفۆنی زۆرمان بۆ دەهات کە هەواڵی «مووسایا»ن دەپرسی و لەگەڵ بەداخبوون بۆ شەهیدبوونی هاوڕێیان، پەرۆشی «مووسا» و هاوڕێیانی دیکە بوون، بڕیارمان دا سەرەڕای قەرەباڵغی و حاڵەتی لەناکاوی نەخۆشخانەکە، بچین سەردانی «مووسا» و هاوڕێیان بکەین.

دوای هەوڵدانێکی زۆر پێم وایە ڕۆژی دووهەم توانیمان بچینە نەخۆشخانەکە، ناوونیشانی ژووری «مووسا»مان پرسی، بەڵام تەواوی نەخۆشخانەکە گەڕاین نەمانتوانی بیدۆزینەوە و هیچ کەس نەیدەزانی لە کوێیە.

زۆر تەلەفۆنمان بۆی کرد، مۆبایلیشی کوژابووەوە زۆر نیگەران بووین، پێمان وا بوو لەوانەیە برینی قورس بووە و بردوویانە بۆ ژووری تایبەت و یان نەخۆشخانەی دیکە...

ناچار بووین لە هاوڕێیانی کۆیە هەواڵمان پرسی، زانیمان کە «مووسا» نەخۆشخانەی بەجێ هێشتووە و گەڕاوەتەوە بۆ کۆیە. ئەمە هەر لای ئێمە پرسیار بوو، دوای سێ - چوار حەفتە «مووسا» هات بۆ ماڵمان، یەکسەر یەکەم پرسیار ئەوەم لێ پرسی کە بۆچی بەو حاڵەوە نەخۆشخانەت بەجێ هێشتووە و ئێمەت ئاگادار نەکردووە و ڕۆیشتووی بۆ کۆیە، بزەیەکی کرد و وتی؛ هەر کەسێکی دیکە لە جێگەی من بوایە نەیدەتوانی هاوڕێیانی لە قەڵای دێموکرات بەتەنیا بێ و لەسەر تەختی نەخۆشخانە بخەوێت. ئەو بەو هەموو برینەی جەستەیەوە دڵی دەکوڵا بۆ لای هاوسەنگەرەکانی و ئۆقرەی نەگرت و بڕیاری دا بە زامداری بچێتەوە لایان، بەتایبەت کە زۆر بۆ هاوڕێیە شەهیدەکانی دڵبریندار بوو...

هەمیشە ئەم هەڵوێستەی شەهید «مووسا»م لەبیرە، ئەم هەڵوێستە و شێوازی تایبەتی تێکۆشانی «مووسا» ئەوی لەلای من کردبوو بە شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینەی...

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ئەرسەلان یارئەحمەدی

**شەهید مووسا بەردەوام پێوەندی لەگەڵ کەسایەتی، هونەرمەند، چالاکان و تەنانەت ڕیشسپییەکانی ناوچەکانی خوارووی کوردستان دروست دەکرد و دەیویست پەیامی ئەو ڕێبازەی کە گرتوویەتە پێش بە هەموو چین و توێژەکان بگەیەنێت**

شەهید «مووسا» خولیای کارکردن و فێرکردنی خەڵک بوو.

لەبیرمە تازە دەورەی فێرگەی سەرەتاییم تەواو کردبوو، چووبووم بۆ قەلا، هاوڕێیەکی پارێزگاری لەگەڵم بوو لە ناکاو «مووسا»ی لەنێو قەلا بینی و وتی ئەوە خەڵکی لای ئێوەیە و بانگی کرد و چاک و چۆنیمان کرد، ئەوە بوو بە دەستپێکی ناسینی ئێمە.

لە ماوەی ئەو پانزە ساڵەی کە من و «مووسا باباخانی» هاوڕێ بووین، زۆر کاری هاوبەشمان کردوە و بەردەوام من شتی لێ فێربووم. شەهید «مووسا» حەزی نەدەکرد بێکار بێت، بەردەوام هەوڵی دەدا خۆی سەرقاڵ بکات، بەتایبەت بە کاری ڕێکخستن و کاری میدیایی کە زۆر حەزی لەو دوو کارە بوو و بەحەق لە هەر دوو کارەکەشیان زۆر خزمەتی گەورەی بە دێموکرات کردووە و شوێنپەنجەی بەتایبەت لە ناوچەکانی خوارووی کرماشان دیارە.

یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە باشەکانی شەهید «مووسا باباخانی» ئەوە بووم کە سەرباری ئەوەی بەردەوام هەوڵی دەدا کە شتی نوێ و بەتایبەت لە بواری ڕاگەیاندن فێر بێت، ئەوە بوو کە هەرچییش فێری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبوو بەدڵەوە حەزی دەکرد کە فێری کەسانی دیکە و بەتایبەت ئەو گەنجانەی کە لە دەوروبەری بوون بکات، دەتوانم بڵێم ئەوە یەکێک لەو خاڵانە بوو کە شەهید «مووسا»ی لە زۆر کەسی دیکە جیا دەکردەوە.

وەک باسم کرد شەهید «مووسا» بەردەوام هەوڵی دەدا کە چالاک بێت. یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ناوبراو ئەوە بوو کە بەردەوام پێوەندی لەگەڵ کەسایەتی، هونەرمەند، چالاکان و تەنانەت ڕیشسپییەکانی ناوچەکانی خوارووی کوردستان دروست دەکرد و دەیویست پەیامی ئەو ڕێبازەی کە گرتوویەتە پێش بە هەموو چین و توێژەکان بگەیەنێت و هەمیشەش بە ئەو پێشمەرگانەش کە خەڵکی ناوچەکانی خوارەوە بوون یەک لەوان بە منی دەوت کە ئێمە نابێت بۆ درێژەدانی خەبات بیانوو بهێنینەوە و دەبێت بە مانەوەمان پێگەمان بەهێزتر بکەین.

ئەم تایبەتمەندییانەی «مووسا» بووە هۆی ئەوەی کە ناوەندە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی داگیرکەری ئێران لە کرماشان بەردەوام لە هەوڵی تیرۆرکردنی ناوبراو بن کە بەداخەوە دواجار توانییان ئەو کارە بکەن. شەهیدبوونی «مووسا باباخانی» ڕاستە کە بۆشایییەکی گەورەی لە ناوچەکانی خوارووی کوردستان دروست کرد، بەڵام شەهید «مووسا» ڕەگ و ڕیشەی ڕێبازەکەی لەو ناوچانە داکوتاوە و هەرچەند خۆی بە جەستە لامان نەماوە، بەڵام دڵنیام ڕۆژێک هیوا و خولیاکانی شەهید «مووسا» لە ناوچەکانی خوارووی کوردستان بەدی دێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شۆڕش شاباز

**شەهید «مووسا» زۆر خوازیار و پێداگر بوو لەسەر چالاکیی پێشمەرگانە لە ناوچەکانی کرماشان و ئیلامدا. هەموو پێشنیار و ڕێکارەکانی چۆنیەتیی ئەو چالاکیانەی بە جدیەتێکی تەواوەوە وەر دەگرت و هەوڵی بەئەنجامگەیاندنیانی دەدا**

ئەوکات کە حیزبی دێموکرات قەرار بوو بەرنامەیەک بە ناوی «بیستوون» لە تەلەویزیۆنی تیشک بەڕێوە بەرێت، دوای ماوەیەک شەهید «مووسا» بوو بە پێشکەشکاری ئەو بەرنامەیە و قۆناغێکی نوێ لە چالاکییە سیاسییەکانی من و شەهید «مووسا» دەستی پێ کرد، کاتێک هەوڵ و تێکۆشانی ئەو بەڕێزەم لە کاروباری پێوەندیدار بە شارەکانی کرماشان و ئیلامەوە بینی، ئیتر لە هەر یەکدیتن و پێکەوە کارکردنێکدا بەدڵ و بەگیان کار و پێشنیارەکانیم لە پێناو بەرنامەکاندا جێبەجێ دەکرد. چالاکییە سیاسییە هاوبەشەکانمان و دواتر بەشداریمان لە کۆبوونەوە فەرمییەکانی حیزبدا بوو بە هۆی نێوانخۆشییەکی بێوێنەی من و شەهید «مووسا». لە زۆربەی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی تایبەت بە ئامانجەکانی حیزب و لە بڵاوکردنەوەکانیشیدا ڕۆڵی میوان و ڕۆڵی پێشکەشکار لە نێوانماندا بەپێی شارەزایی و دۆخی کاتیی بابەتەکان دەستبەدەست دەکرا و گرنگ پێکانی ئامانجی بەرنامەکان بوو. زۆربەی وتووێژەکانمان بابەتە سیاسییەکانی ڕۆژ و هاوبیری و جیاوازی لە بۆچوونەکانمانیش لە چوارچێوەی دیسکۆرسێکی پرۆفیشناڵدا بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەهید «مووسا» سیمبۆلی کەسایەتییەکی حیزبی و بەباوەڕ و شۆڕشگێڕ بوو، هەموو کات و لە هەموو شوێنێک تەنانەت بەر لە شەهیدبوونی ئەو کەسایەتییە خۆشەویستە، باوەڕم بە کەسایەتیی شۆڕشگێڕ و ئەخلاقی پێشمەرگانەی ئەو شەهیدە نەمرە بووە و ئاماژەم پێ کردووە.

لە ڕەوتی بەڕێوەبردنی چالاکییەکانمان لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام و لوڕستان، لەسەر ئەوەی کە هاوکات لەگەڵ پێڕاگەیشتن بە کاروباری ئەندامانی تەشکیلاتی حیزب، لەگەڵ کەسایەتییە فەرهەنگی و هونەری و ئەدەبییەکانی دیکەی ئەو دەڤەرانە پێوەندیمان هەبێت بە ئامانجی پەرەپێدان و بەربڵاوتر کردنی ئەرکە نیشتمانییەکان، هاوڕا بووین.

شەهید «مووسا» زۆر خوازیار و پێداگر بوو لەسەر چالاکیی پێشمەرگەکانمان لە شارەکانی کرماشان و ئیلامدا. هەموو پێشنیار و ڕێکارەکانی چۆنیەتیی ئەو چالاکییانەی بە جددیەتێکی تەواوەوە وەر دەگرت و هەوڵی بەئەنجامگەیاندنیانی دەدا و هەمووان شایەتی کاریگەریی تێکۆشانی بێوچانی ئەو شەهیدەن لەو دوو پارێزگایە.

ڕاستە کە «شەهید مووسا» بە جەستە لەنێو پێشمەرگەکانی حیزبدا نەماوە و هەمووان بە قووڵایی هەست بە نەبوونی دەکەین، بەڵام ڕێبازی ئەو شەهیدە وەرزێکی نوێ بوو بۆ چالاکییەکانی حیزبی دێموکرات لە پارێزگاکانی خوارەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو ڕێبازەش تاکوو گەیشتن بە ڕزگاریی کوردستان هەر زیندووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## گەلاوێژ پەیڕەوان

**شەهید مووسا کەسێکی بەرچاوتەنگ نەبوو، بەنیسبەت کاری میدیاییەوە. ئەوەی خۆی و بە هەوڵ و سەلیقەی خۆی فێری دەبوو، زۆر بە سینگفراوانییەوە ئەو ئەزموونانە بۆ هاوکارەکانی بگوازێتەوە**

ڕاستیی ژیانی مرۆڤ وایە، کە هەر مرۆڤێک کۆمەڵێک تایبەتمەندیی (ئەرێنی و نەرێنی) باش و خراپی هەیە، کە پێناسەن بۆ کەسایەتیی مرۆڤ.

جا خۆشبەحاڵی ئەو کەسانەی کە خاڵە ئەرێنی و باشەکانیان زۆرترن و لەناو کۆمەڵگەدا بەو تایبەتمەندییە باشانە دەناسرێنەوە و پێناسە دەکرێن و یان لە دوای مەرگییان وەک سەرماییەکی مەعنەوی بۆیان دەمێنێتەوە.

دەبێ بڵێم: شەهید «مووسا باباخانی» یەکێک لەو مرۆڤانە بوو کە تایبەتمەندییە باش و ئەرێنییەکانی ئەوەندە زۆر و بەرچاون ئەگەر بمانهەوێت باسیان بکەین و لەسەریان بدوێین، ئەوە زۆر هەڵ دەگرێت و بە دڵنیاییەوە کاری نووسینێکی وا کورت نییە و ناشتوانین هەقی خۆی پێ بدەین، بەڵام بەو حاڵەش دەکرێت بە کورتی و لە چەند گۆشەنگاوە سەرنج بخەینە سەر چەند لایەنی ژیان و خەباتی هاوڕێ «مووسا» و باس لە چەند تایبەتمەندییەکی بکەین.

شەهید «مووسا» ئەوەندە تایبەتمەندیی جوان و شۆڕشگێڕانەی هەبوون، کە من هەم وەک هاوڕێ و هاوسەنگەری حیزبی بەگشتی و هەمیش وەک هاوکار لە کوردکاناڵ کە چەند ساڵ پێکەوە لەو ئۆرگانە کارمان کردووە، زۆر خاڵی جوانم تێدا بەدی کردووە، ئەگەر بمهەوێت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە وردی باسیان لێ بکەم، ڕەنگە زۆر بگرێت و نەتوانم لەو چەند وشەیەدا جێگەیان بکەمەوە و هەقی خۆی پێ بدەم، هەر بۆیە بە شێوەیەکی گشتی باس لە کەسایەتی و چەند تایبەتمەندییەکی دەکەم. «مووسا باباخانی» ئەو لاوە کرماشانییە بوو کە بە دڵێکی پاک و هەستێکی گەرمی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەوە هاتە ڕیزی خەباتکارانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و خەباتی خۆی دژی داگیرکاری و زوڵم و ستەمی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەم سەنگەرەدا دەست پێ کرد.

شەهید «مووسا» باوەڕێکی قووڵی بە ئازادی و مافی نەتەوەکەی هەبوو، هەر بۆیەش خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئەو ماف و ئازادییانەی بە ئەرکی سەرشانی لاوان دەبینی و لەو پێناوەشدا خۆی بە ئەرکدار دەزانی و لە هەر ڕێگەیەک بۆ خەبات و بەربەرەکانێیەک دژی ڕێژیمی ئێران سڵی نەدەکرد. باوەڕمەندیی شەهید «مووسا» بە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی خەبات ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ئەرکی ئەویان قورستر کردبوو، هەر بۆیە خەباتی پێشمەرگانەی لە چەند سەنگەری جیاوازدا پەرە پێ دەدا. ئەو وەک کادری تەشکیلات هەموو کات لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و ناوچەکانی خوارووی کوردستان بەتایبەتی لە پێوەندیدا بووە و هەوڵی وشیارکردنەوە و ڕێکخستنی لاوانی دەدا. سەنگەرێکی دیکەی خەباتی هاوڕێ «مووسا» ڕاگەیاندن و میدیا بوو، کە بە هەق دەبێ بڵێم؛ لەو سەنگەرەشدا زۆر ماندوو بوو، زۆری زەحمەتی تێدا کێشا. ئەو لەگەڵ ئەوەی کە ڕاگەیاندنی بە ئەکادیمی نەخوێندبوو، بەڵام ئەو شەوق و خولیایەی بۆ کاری ڕاگەیاندن هەیبوو لە لایەک و تێڕوانینی بۆ ڕاگەیاندن وەک سەنگەرێکی قاییم بۆ خزمەت بە نەتەوە و نیشتمان لە لایەک و ڕەتکردنەوە و لەقاودانی سیاسەتەکانی ڕێژیمی داگیرکەری کوردستان لە لایەکی دیکەوە وایان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە «مووسا» کردبوو کە زۆر ترین کاتی خۆی بۆ کار لەو بوارەدا تەرخان کرد. ئەو هەردەم لە بیری بەرنامەی تازە و جیاوازدا بوو بۆ ئەوەی زۆرترین کاریگەریی لەسەر مێشک و هزری بینەرەکانی هەبێت. دەیان بەرنامەی جۆراوجۆر و بەپێزی کوردکاناڵ کە ئەو ئامادەکار و پێشکەشکاریان بوو، شایەتی ئەو ڕاستییەن.

شەهید «مووسا» هەم وەکوو پێشمەرگە و هەمیش وەکوو ڕێبەرێک باوەڕی قووڵی بە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و نیزامی و حزووری پێشمەرگە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبوو،

هەر بۆیەش هەموو کاتێک و بەدڵ و گیان ئامادەی هەر جۆرە ئەرک و پێسپێردراوێک بوو کە حیزبەکەی بۆی دیاری کردبا. من لە سەرەوە و بەگشتی و بەکورتی باسی کەسایەتیی شەهید «مووسا»م کرد، بەڵام پێم خۆشە لەم بەشەدا ئاماژە بە چەند تایبەتمەندییی شەهید «مووسا» بکەم کە لە ڕەوتی کاری ڕۆژانەم لەگەڵیدا سەرنجی ڕادەکێشام. هەر وەکوو لە پێشدا ئاماژەم پێ کردوە، من و شەهید «مووسا» ماوەیەکی زۆر لە کوردکاناڵ پێکەوە هاوکار بووین و بەتایبەتیش لە بەشی بەرهەمهێنان کە وەکوو ئامادەکار و پێشکەشکار سەروکارمان لەگەڵ یەکتر زیاتر بوو، ماوەیەکیش ئەو بەرپرسی ئەو بەشەبوو. یەکێک لەو تایبەتمەندییانە ئەوە بوو کە ئەوەی لە کاری ڕاگەیاندن فێری دەبوو و یان دەیزانی زۆر بە دڵفراوانییەوە دەیبەخشی بە ئەوانی دیکە، واتە

کەسێکی بەرچاوتەنگ نەبوو بەنیسبەت کاری میدیاییەوە. ئەوەی خۆی و بە هەوڵ و سەلیقەی خۆی فێری دەبوو، زۆر بە سینگفراوانییەوە پێشکەشی هاوکارەکانی دەکرد. زۆر هەوڵی دەدا کە دەستی کەسانی دیکە بگرێت و بیانهێنێتە بواری ڕاگەیاندنەوە، ئەوەشی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەم بە کردنەوەی دەورە بۆ ئەوانەی تازە دەهاتنە بوارەکەوە و هەم بە ڕێنوێنی و ئامادەکردنی بەرنامە بۆیان پشتی دەگرتن و خۆی لەگەڵیان ماندوو دەکرد. هەمیشە و بە بەردەوامی پێشنیاری تازە و جوانی دەخستە پێش ئامادەکارەکان بۆ ئەوەی کە تازەگەری بە بەرنامەکانیانەوە دیار بێت و زیاتر سەرنجی بینەر ڕابکێشن.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەوە بوو کە هەموو کات لە هەوڵی خۆپێگەیاندنی خۆیدا بوو، ئەو لە بواری جۆراوجۆردا دەیخوێندەوە و مۆتالای دەکرد و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاستی زانیاریی سیاسی، تەشکیلاتی و نیزامی خۆی پەرە پێدەدا و هیچکات لە فێربوون و خۆپێگەیاندنی خۆی، ماندوو نەدەبوو . هەر ئەو هەوڵ و خۆپێگەیاندنانەش بوونە هۆکاری ئەوەی «مووسا»ی لاوی دێموکرات زۆر بە زوویی پلە تەشکیلاتییەکان ببڕێت و بگاتە ئاستی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەوە بوو کە زۆر خاکی و خۆمانە هەڵسوکەوتی دەکرد، ئەو هەم لەگەڵ هاوڕێ و هاوکارەکانی زۆر بە خۆمانە و خاکی هەڵسوکەوتی دەکرد و هەمیش لەگەڵ پێشمەرگەکان بەگشتی، ئەوەش وای کردبوو کە هەم هاوکارەکانی حەز بە کارکردن لەگەڵی بکەن و هەمیش پێوەندییەکی باش و خۆشی لەگەڵ کادر و پێشمەرگەکان بەگشتی هەبێت و هەمووان خۆشیان بوێت و ڕێزی بگرن و ڕاوێژی پێب کەن.

لە کۆتاییدا و لە یەکەم ساڵی شەهیدبوونی هاوڕێ «مووسا باباخانی» بە دەستی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی، یاد و ناوی لە دڵماندا بە نەمری دەمێنێتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**لاوان جەوانمەردی**

**شەهید مووسا لەگەڵ ئەوەی پلەوپایەی تەشکیلاتیی لە ئێمەمانان سەرتر بوو، بەڵام هەتا بڵێی کوڕێکی خاکەڕا و کۆمەڵایەتی بوو، ئەوەش وای کردبوو ئازیز و خۆشەویستی هەموو پێشمەرگە تازەلاوەکانیش بێت**

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هیچ گەل و کۆمەڵگەیەک نییە ساکار و ئاسان گەیشتبێتە کەناری ئارامی، هەر نەتەوەیەک کە ئاستێکی درەوشاوەیی و ناوبەدەرەوەیی تۆمار کردوە بە گۆڕەپانی بەربەرینی ئازار و ڕەنجدا تێپەڕیوە و لەخۆبوردوویی نواندوە و هەرگیز لە تێچووی ڕێگای ئازادی سڵی نەکردوە. ئەو نەتەوانە ئازیزترین ڕۆڵەکانی خۆیان بەختی ئەم دەسکەوتانە کردوە. نەتەوەی ئێمەش لەمێژ ساڵە... چەند سەدەیەکە بۆ ئەو ئامانجە خەبات دەکات و قوربانیی دەدات. نەتەوەی کورد لەم ڕێیەدا شکان و سەرکەوتنی بووە، گەلێ دەسکەوتیشی تۆمار کردوە کە بێگومان ئەو دەسکەوتە مێژووییانە بەرهەمی ڕەنج و ئارەقە و خوێنی پاکترین و باشترین ڕۆڵەکانی گەلە. مووسا باباخانی یەکێک لەو ڕۆڵە بەئەمەگ و نەسرەوتووانەی گەلەکەمان بوو.

زستانی ساڵی ١٣٩٦ بوو کە بۆ یەکەم جار لە شاخە سنوورییەکانی هەڵگورد کوڕێکی جوانخاس بە قەڵافەتێکی جوانمێرانە و بە واتای مانا پێشمەرگەم لەنێو کۆڕی گەرمی هاوڕێیاندا بینی. لەمێژ بوو ناوم بیستبوو، بەڵام ئەوە یەکەمجار بوو کە لە نیزیکەوە دەمدیت. ئەو ڕۆژە زستانییەمان بە باسی گەرموگوڕ پڕ کردەوە و کاک مووسا گەڕایەوە قەڵای دێموکرات لە کۆیە. ئیدی ئەمن بەهۆی کار و ئەرکەکانم لە شاخ هەتا دوای مووشەکبارانی قەڵا و گواستنەوەی شوێنی کارەکەم بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەڵا کاک مووسام نەدیتەوە. تێکەڵاویی ئەمن و مووسا ئیدی لێرەوە دەستی پێ کرد و بووین بە هاوڕێی زۆر نیزیکی یەکتری.

مووسا یەکێک لەو هەڵکەوتووانەی گەلی کورد بوو کە بێ دوودڵی ئەرکی پێشەنگایەتیی خستبووە سەر شانی خۆی و بەرەو وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکەی هەنگاوی هەڵدێنا. ئەو جیا لەوەی پێشمەرگەیەکی بەدڵ و چاونەترس بوو، بەهۆی کاری میدیایی و ئەرکەکانی ڕێکخستنەوە بە تایبەت لە ناوچەی کرماشان، هەم لەنێو خەڵکدا جێگە و پێگەی تایبەتیی خۆی چێ کردبوو، هەم ئەوانەش چاو و سەرنجی دوژمنی لەسەر کۆ کردبۆوە.

شەهید مووسا لەگەڵ ئەوەی پلەوپایەی تەشکیلاتیی لە ئێمەمانان سەرتر بوو، بەڵام هەتابڵێی کوڕێکی خاکەڕا و کۆمەڵایەتی بوو، ئەوەش وای کردبوو ئازیز و خۆشەویستی هەموو پێشمەرگە تازەلاوەکانیش بێت.

باباخانی ڕوحێکی نەسرەوتووی شۆڕشگێری هەبوو. هەمیشە تامەزرۆی چوونەوە بۆ ناوچە و چاو پێکەوتن لەگەڵ خەڵکی خۆولات بوو. بەهاری پارەکە و چەند مانگێک بەر لە شەهیدبوونی ڕۆژێک هات و دوتی لاوە بەتەمای چوونەوەم. منیش دمودەست گوتم برای بابم حەساومان لەسەر بکە، ئێمەش هەین. بە پێکەنینەوە گوتی هەوشاری بە شەهیدکردنت ئەدەم، ناوچەی ئێمە ئەستەمە و ڕێژیم زۆر لەسەری حەساسە. گوتم ئەوە خەباتە و چوونەوەش ڕێگەی هات و نەهات، بۆ هەموو شتێک لەگەڵم. گوتی هەوڵ دەدەم هاوڕێیانی بەرپرس لە سەرەوە قایل بکەم لە هاویندا سەفەرەکە بکەین.

هاوین هات، خافڵ لەوەی مووساکەمان بارگەوبنەی سەفەرێکی ئەبەدیی تێکەوە پێچاوە... هەواڵە ناخۆش و جەرگبڕەکە هەموو قەڵا و زۆر زوو گشت کوردستانی داگرت. باوەڕم نەدەکرد کە هەڵۆ چنگ بەگڕەکەی دێموکرات و هاوڕێی شەوانی تەنیایی قەڵام ئاوا ئاسان ئاوا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە دەستی غەدر و تاوان لەکیس چووبێ... بەڵام لەگەڵ ڕاستییەکان هیچ ناکرێ... بەڵێ دوژمن توانیبووی زەفەری پێ ببا، خۆی لێ نیزیک بکاتەوە و لە ئێمەی بستێنێت.

**هاوڕێم!**

تۆ گەیشتی بە لووتکەی مرۆڤبوونت، ئەمنیش دڵنیات دەکەمەوە ئەو سەنگەرە ئاوەدان ڕادەگرین و تا گەیشتن بە ئامانجەکانت ناهێڵین چەکی شانت بکەوێتە سەر عەرزی.

***

**شەهریار تەهماسبی**

**لە کرماشان کەسێک نەبوو دەسبەسەر کرابێ و لە لێکۆڵینەوەکاندا پرسیاری مووسای لێ نەکرابێت. ئەوە کە مووسا چۆن توانیویەتی لەم ئاستە فراوانەدا لەنێو چالاکوانانی کرماشانی پەیوندی و پێگەی هەبێت بۆ دەزگا ئەمنیەکانی ئێرانیش جێی پرسیار و تێڕامان بوو**

ڕۆژی ١٧ی گەلاوێژی ساڵی ١٤٠٠ بڵاوبوونەوەی هەواڵێک ڕایچەڵەکاندم کە تاکوو ئێستاش ناتوانم باوەڕ بکەم؛ ئەویش تیرۆری مووسا باباخانی لە هەولێر بوو. ئەوکاتەی هەواڵەکەم بیست یەکسەر ئەو ڕۆژانەم وەبیر هاتەوە ک لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک مووسام ناسی و جاروبار سەبارەت بە چالاکییەکان لە کرماشاندا ئاڵوگۆڕی ڕاو بۆچوونمان دەکرد و بەردەوام گوێمان لە پێشنیارەکانی یەکدی دەگرت. تەواوی ئەمانەم وەک درامایەک دەهاتە بەرچاوم، تەواوی قسە خۆشەکانی و پێکنینەکانی، وزە و ئیرادەی لەبنەنەهاتووی کە لە پاش

ئەو هەموو ساڵە لە خەبات کۆڵی نەدابوو، هەر ئەمەش وای کردبوو ببێتە پاڵنەر و هۆی دڵگەرمیی ئێمەمانان و کەشێکی زۆر نزیک لە هاوڕێیەتی لە نێوانمدا ساز بێت و سەرەڕای جیاوازی فیکری بەڵام لای ئێمە ببێتە کەسێکی خۆشەویست و جێی ڕێز و قەدردار.

لە ساڵەکانی ٩٦ و ٩٧ی هەتاوی کە شەپوولی دەسبەسەرکردنی چالاکوانان لە ڕۆژهەڵات گەیشتبووە لووتکە، لەکرماشاندا کەسێک نەبوو کە دەسبەسەر کرابێت و لە لێکۆڵینەوەکاندا پرسیاری مووسای لێ نەکرابێت، وە ئەوە کە مووسا چۆن توانیویەتی لەم ئاستە فراوانەدا لەنێو چالاکوانانی کرماشانی پەیوندی و پێگەی هەبێت بۆ دەزگا ئەمنیەکانی ئێرانیش جێی پرسیار و تێڕامان بوو!

شەهید مووسا کەسێکی پڕ لە وزە و پڕکار و ڕێکخەر بوو.

ساڵی ٩٧ پاش دەسبەسەربوون و ئازادکرانم لە بەندیخانە، بڕیارم دا کە ئێران بەجێ بهێڵم و ڕوو لە باشووری کوردستان بکەم، پاش گەیشتنم بە باشووری کوردستان پەیوەندیم بە مووساوە کرد و لە ماڵی هاوڕێیەکی هاوبەشمان هات بۆ سەردانم، ئەوەش یەکێک لە تایبەتمەتدیەکانی مووسا بوو لە هەر شوێنێک ببیستایە کەسێک لە کرماشان و ئیلامەوە پەنای بۆ باشوور هێناوە، لە زووترین کاتدا سەردانی دەکرد و ئەوەندەی لە توانایدا بووایە هاوکاریی دەکرد. منیش لەو دیدارە زۆر خۆشحاڵ بووم بەڵام لە دڵپاکی و متمانەکردنی ڕادەبەدەری مووسا بە دەوروبەری زۆر دڵخۆش نەبووم، ئەمەش وای کرد چەند جارێک هۆشداریی پێ بدەم، چونکی دەمزانی چاوی دەزگا ئەمنیەتییەکانی ئێرانی لەسەرە بەڵام مووسا دەیگوت چۆن دەتوانم لە ترسی گیانی خۆم لە کەسێک نەپرسمەوە کە پەنای بۆ ئێرە هێناوە! ئیتر لە پاش جێگیربوونم لە باشوور پەیوەندی و هامشۆی مووسا بۆ لای ئێمە و هاتوچووی ئێمە بۆ قەڵای دیمۆکرات زیادی کرد.

لە تایبەتمەندیەکانی مووسا هەبوونی هیوایەکی زۆر بە ئازادی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو، هیوای لەنێوچوونی ڕێژیمی ئێران و گەیشتنی کورد بە ئازادی و سەربەستی، هەمیشە مۆژدەی ئەوەی دەدا کە تا کۆتایی ڕێژیمی ئێران شتێک نەماوە و دەبێ ئامادەیی ئەوەمان تێدا بێت لە هاتنەپێشەوەی هەر ئەگەرێک کۆمەڵگەی کوردستان تایبەتی لە کرماشان ڕێک بخەین.

مووسا نموونەیەکی شۆڕشگێڕێکی پاک و بێگەرد و وەفادار بوو بۆ ڕێبازەکەی کە ڕێبازی کوردایەتی بوو.

***

**ئیقباڵ سەفەری**

## مووسا نەترس و بوێر، بەڵام کەمتەرخەم بوو

ناسراویی من لەگەڵ زیندەیاد موسا باباخانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٨٥، واتە پاش دابڕانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. پێشتر لە ڕێگای تەلەفۆنەوە پەیوەندیمان هەبووە و لەسەر کۆمەڵێک بابەتی پەیوەندیدار بە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە بیروڕامان گۆڕیوەتەوە.

پاش دابڕان و گەڕانەوەم بۆ کوردستان، چەندین جار یەکتریمان بینی، بەهیچ شێوەیەک باوەڕی بەو بایکوتە نەبوو کە پاش دابڕان هاتبووە ئاراوە. تاکوو ئەندامی حدکا بوو، بەدایم پەیوەندیمان هەبوو و لەسەر زۆر بابەت کە پەیوەندیی بە داهاتووی باشوری ڕۆژهەڵاتەوە هەبوو، ڕاویژمان دەکرد. تاکو ئەو ئەندامی حدکا بو، هیچکات باسی ئەوەمان نەکردوە کە بێتە لای من یان ئەز بچمە لای ئەوان. تاکو ئێستاس شانازی بەوەوە دەکەم کە هیچ کاتێک هیچکاممان لەوەی دیکەمان نەگێڕاوەتەوە کە سەنگەر بگۆڕین. مۆسا مرۆڤێکی بەمانا نەتەوەیی و لێهاتو بوو، چ ئەوکات کە ئەندامی حدکا بوو، چ بەهاتنی بۆ ڕیزی حدک. نەترس بەڵام کەمتەرخەم بوو، بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا

کە ڕۆڵێکی گەلێک بەرچاوی هەبوو، چ لە بەشی تیڤی و ڕاگەیاندن، چ لەبەشی ڕێکخستندا. هەڕەشەی زۆری لەسەر بوو، بەڵام نەترسی وای لێ کردبوو کە کەمتەرخەم بێت و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی دەستی کەم بگرێ. جارێکیان و چەند مانگێک بەر لە تێرۆرکرانی، پیلانێکی دیکە هەبوو کە بەزیندوویی ڕادەستی سیخۆڕەکانی کۆماری ئیسلامی بکرێ و بیفڕێنن. لەڕێگادا بۆ گەڕانەوە بۆ بنکەکانی حیزب پەیوەندیی پێوە گرتم و چۆنیەتیی بابەتەکەی بۆ گێڕامەوە. بەتەواوبونی پەیوەندیەکەمان، پەیوەندیم بە سکرتێری حیزبەوە گرت و لە مەترسییەکانی سەر ژیانی مووسا ئاگادارم کردەوە. سکرتێری حیزب هەر ئەودەم پەیوەندیی بە دۆستانەوە کرد و مەترسییەکەی لەسەر ڕەوییەوە. دەتوانم بڵێم بە بوون و کارکردنی مووسا ئەو بۆشاییە ڕێکخستنەی لە باشووری ڕۆژهەڵات دروست ببوو، بە ڕادەیەکی بەرچاو پڕ کرابۆوە.

مووسا لە ڕوانگەی منەوە و لە یەک ڕستەدا، ئازا و نەترس، دڵسۆز و خاوەن هزری تایبەتی خۆی بوو سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی. لەلایەکی دیکەش کەمتەرخەم بوو و پیلانەکانی دوژمنی بەهێند نەدەگرت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شەهید مووسا باباخانی لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ "کوردکاناڵ"دا:

... مرۆڤ بە ئازادی لەدایک دەبێت و دەبێ بە ئازادییش بژیت، ئەوە فەلسەفەی ژیانی ئینسانە، فەلسەفەی ئافراندنی ئینسانە، هەربۆیە ئاوات و ئارەزووم ئەوەیە بکەومە باروودۆخێکەوە لە ئازادیدا بژیم، یانی لە قۆناخی شۆڕش و بەر لە ڕزگاریی ئێستاوە بگەینە قۆناخی ڕزگاری.



ساڵی ١٣٩٥ - کوردکاناڵ



شایی و زەماوەندی یەکێک لە پێشمەرگەکان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئێوە کڵپەی ئاگرن

ناسر سادقی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مرۆڤ کاتێک سەیری مێژوو یا ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکانی خەباتی گەلی کورد و بەتایبەت خەباتی ڕەوای پێشمەرگانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات، ئەوەی باوەڕی پێ دێنێت یان وەکوو نموونەیەک لە ڕقی پیرۆز سەرنجی ڕادەکێشێت، ئازایەتی و کڵپەی ئاگری ئەوین و هەستی پێشمەرگەیە کە بڵێسەئاسا شۆڕشی بەتینتر کردووە و قەت خۆی نەداوەتە دەست ترس و دوودڵی. سەروەت و سامانی دنیاش کۆت و بەندی نەکردووە و خۆی بە باوەڕ و ئیمان ئەسپاردووە. شەهید موسا باباخانی یەکێک لەو پێشمەرگانە بوو.

مووسای ئێمە یەکێک لەو کەسانە بوو کە دڵی، کانی خۆشەویستی و ئاوێنەی باڵانوێنی خۆڕاگری و شکۆمەندی بوو، ئەو کەسەی چیرۆکی نیشتماندۆستی و پشوودرێژی لە ئەودا وەک بێستوون باڵای کرد، ئەو پێشمەرگەیەی هەتاوی عەشق بە گەلەکەی هەتا دەهات زیاتر لە باوەڕی دەردەکەوت و گەشەی دەکرد. بۆ منێک کە ئەوندەی ڕێم دەکەوتە قەڵا و کۆڕی ئازیزان، ئەو یەکێک لەوانە بوو کە بە دیتنی ڕوحم لێوڕێژ دەبوو لە هەستی مەعنەوی و دیدەم پێی ڕوون دەبۆوە، کە گوێم لە شێوە شیرین و دڵگرەکانی دەبوو و شیلە بزەکانیم دەدی، تەواو سوکناییم بە خۆی و هاوتەمەنە لاوەکانی دەهات و پشوویەکم دەهاتەوە و هیوام سەرلەنوێ دەپشکووتن.

بەڵام مەخابن خۆشییەکان بۆ ئێمەی کورد بە نرخی گران و دەستەندەیە و هەتا جارێک ئۆخژن لە دڵمان دەگەڕێت، دەیان جار تامی تاڵی دابڕان و کۆڕی شین و ئۆغری یارانمانە. ١٧ی خەرمانان گەیشتبوویە، ئەو کاتەی لە قەڵای دیموکرات، دڵی پۆلێک لە شەهیدان لە سینگی هەڵو بەرزەکان لە بەرزترین شوێنی ئاسمانی نیشتمان کەوتنە فڕین و سێبەریان ئاسمانی ڕۆژهەڵاتیشی تەنی، کۆمەڵێک لە هاوبیر و هاوسەنگەرانیش شەلاڵی خوێن و برین بوون، هەواڵەکە ئەوەندە سامناک بوو کە نەمزانی ڕێگەی هەولێر هەتا کۆیەم چۆن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بە چەند دەقە بڕی، سەرەتا ڕوو بە قەڵا ئاژۆتمان و دواتر ملی ڕێگەی نەخۆشخانەمان گرت. تاکوو لە دەرکی نەخۆشخانە نزیکتر دەبوومەوە هەستم دەکرد چرکەکانی تەمەن کەمتر دەبنەوە، وەک بەفری بەر هەتاو تەمەن و ڕوحم دەتوایەوە و دادەچۆڕی، ڕۆژی ڕەش ئەو ڕۆژە بوو، یەکەم هەواڵ کە قورسایی و خەمێکی گرانی چزاندە دڵمەوە دیار نەمان و بزربوونی پۆلێک لەو شەهیدانە بوو کە سۆراخیان نەبوو، هەنگاەکانم کزتر دەبوون، سەیری بەردەکە و پەیژەکانم کرد هەمووی خوێن بوو، دەمزانی خوێنی ئازیزانمە، بەڵام خۆ ڕەنگی خوێنی هەموویان وەک یەک بوو. وەژوور کەوتم چی ببینم! بۆ مەگەر دیدە دەتوانی بە جارێک پۆلێک هەڵۆی باڵخوێناوی و تەواری بریندار ببینێت؟ هەر ناڵە بوو، هەر جەستە بوو لە دەیان لاوە دابێژرابوون، چۆڕاگەی خوێن شوێنی لەسەر هەموو کاشییەکانی زەوی بەجێ مابوو. خوێنی هەموویان هی یەک سەنگەر و بۆ یەک ڕێباز و یەک ئامانج و یەکڕەنگ بوو، سوور وەک ئاڵای کورستان. نەمدەزانی سەر لە کامیان هەڵێنم و دەستی کامیان بگرم. ئەو خۆشکانەی کە هەر لە پێ تا تەوقی سەریان شەڵاڵی خوێن و برین بوون، ئەو ژنانەی کە تۆرەمەی سەربەرزی نێو سەنگەر بوون، کەس تاقەتی نەبوو چاو لە برینەکانیان بکات. ئەو پێشمەرگانەی گرەویان لەسەر ئازادی بە زامەکانی خۆیان کردووە، هەموویان هەر نووکی مقەست و دەرزی لە جەستەیان ڕۆ دەچوو هەتا پریشک و ئاسن و پەلی لێ دەربێنن و برین و زامیان دەرمان بکەن و زوو بێنەوە نێو سەنگەر، کۆڕ و کۆڕەوی خەبات چۆڵ نەبێت و دوژمن بە نەتەوە و نیشتمانیان خۆش نەبێت.

چاوم بە مووسا کەوت، وەک شێرێکی بریندار کە بە دەیان کەمتیار دەوریان دابێت و زامدار بووبێت، هەر هانکە هانکی بوو. پڕ بە جەستەی شێرانەی لرفەی دەهات شەپۆلی تەقینەوەکە و تەزووی کارەبا و ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرد و ئاسن و پریشکانە کە بە سەریدا ڕووخابوون تووشی ئازارێکی لەڕادەبەدەر و حاڵەتێکی قورسی جەستەیی و تەنانەت دەروونییان کردبوو کە کەم کەس توانای خۆڕاگری و تاقەتی ئەو حاڵەتەی هەیە. لەگەڵ چەند کەس بە هەموومان دەست و لاقیمان دەگرت، بەڵام هەدادانی نەبوو. ئاخر خۆ مووسا کەسێک نەبوو سرەوتن بزانێت و وەک شەپۆلی زێی بەخوڕ ساتێک هەدادانی نەبوو.

موسا بە شیری شێرەژنێکی کرمانشان فرچکی نەسرەوتنی گرتبوو، قەناسەکەی لە تیشەکەی فەرهاد لە لای خۆشەویستتر بوو، بۆ پاراستنی نیشتمان، ئیرادەی هاوتای قامەتی بیستوون بوو، بۆیەش دڵڕەشەکانی تاریکپەرەست هەمیشە لە ڕێباز و قەڵەم و قەناسەکەی زراویان چووبوو.

دەستم لە نێودەستی بوو… چاوی لێ کردم و پڕ بە گەرووی هاواری کرد: «من نامرم… من پێشمەرگەی دێموکراتم…. من نامرم… .»

تۆ نامری کاکە مووسا، ئەتۆ کڵپەی ئاگری، ئەتۆ ڕازی هەرمانی خەباتی و لە مردن گەلێک بەهێزتری…

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شەقامی بێستوون؛ بلواری خوێن

رابوون ڕۆژهەڵات

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێستوون؛ هەر دێڕی ڕۆژ ئەژمێری، وانەی جوانییە
گەرچی ئەوڕۆ، موبتەلای سەد نەشتەری وێرانییە

شەو؛ بەیادی شیرینی چاوێک، من و تەوراتی باخ
لەت دەکەم شاخێک، بە ئەنگوستێک کە هی مووسا نییە

ڕۆژهەڵاتی خوێنی خۆی، ئێستا لە باشووردا بە خاک
مەستی جواگرافیی ئەوین، شاخێکی کرماشانییە

دابگیرسێنن، لە تاقەوسانی ژانم، زامی نوێ
هۆرەیەک بچڕن! بە یادی کۆچی ئەو حەیرانییە

بیبەنە سەر تەرمی تەنیایی، هەزار تەمبووری ژن
بۆ ئەو کەسەی ئاوازی هەر سازێکی، نۆتی کانییە

«یاوەران مەستم» بڵێن، باخێک ترێ بن تا سبەی!
بینە ئەو خوێنەی کە ئێستا، پڕ مەلی ئاسمانییە

وشکەساڵێک وەر بووە بەو دەفتەرەم، ئێستا دەنا
هەرچی ڕستەی ئەمنە، ئەوڕۆکە هەوای بارانییە

وەرنە سەر ڕێگە و لەقاوی دەن شەو و تەرمێکی سوور
نیشتمانی ژانی یەک بن، شەو بەرەو وێرانییە

# وەفایەك بۆ هەڵۆ تیژباڵەکەی داڵاهۆ

جەمیل سەرمەستی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەریّ دایە، بڵێی چی بێ، بۆ دالاهۆ پەرێشانە
سەرنجی شاهۆ بە دایە، چەن بە ئازار و بەژانە

بێستوون بۆ بەخوڕ دەگری، ئەریّ چین ئەو فرمێسکانە
بۆ پێم ناڵێی چی قەوماوە، کەی کرماشانی جارانە

ئاویەر بۆ خۆی ڕنیوە، جۆرێکە ئاربابای بانە
کۆساڵان خوێنی تێ زاوە، مانێشت بەرۆکداڕنانە

تەرەغە کز و بێدەنگە، ئەو هەڵگوردە چاوەڕوانە
کێلەشین و قەندیل ماتن، تووڕەن ئەو دار و بەردانە

گیاڕەنگ ڕەنگی گۆڕاوە، سپیسەنگ ئاگربارانە
بەیان کزەی ساردی لێ دێ، بۆ دایە مەگەر زستانە؟

دەنگی شین و چەمەری دێ، واتای چییە ئەم گریانە
لەبەر چی وها شێواون، ئەم چیا و دوند و شاخانە

وتی ڕۆڵە هەر ئەوان نین، نیشتمان گشتی بەژانە
هەندێک مرۆڤ قەڵافەتیان بەرزترە لەو کەژانە

ئەمانە پێشمەرگەن ڕۆڵە، هێمان بۆ ئەم کوردستانە
بوونیان هیوای دوارۆژمانە و نەبوونیشیان نەبوونمانە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# «شینی قەڵەمە و کۆستی تفەنگە»

جەماڵ فەتحی (کۆچەر)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەم هاوارە پڕ لە بێدەنگییە

قەڵەمێک بزووت

تفەنگێک هاواری لێ هەستا

باڵندەیەک بەسەر تەرمی بێکەسیی شەقاما ڕاما

گوڵێک بەدەم ڕەشەبای کۆیەوە ژاکا

خوێن بە دەمارەکانی شارەوە مەییەوە

ئیتر چریوەی چۆلەکەیەک بەدەم پاسارەوە دەمرێ

گەرمەشینە

چەمەڕایە

بوار باران لە کۆیە گەرمەشینە

بوار باران لە بێستوون گەرمەشینە

سوار و سەرسواران لێرە چینە

هاوارررررررررە

هاوارررررررە

کرماشان و ئیلام داخدارن

سنە چاوەڕوانی تەرمێکی لە خوێن گەوزاوە

ئاویەر چەمەری بۆ دالاهۆ دەخوێنێ

وشە خۆی دەداتە دەست گێژاوی گریانەوە

شێعر لە هەرمانێکی هەتاییەوە سەیری بێکەسیمان دەکا

بێکەسیش بێکەسمان دەکا

بەجێمان دێڵێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەماندات‌ە دەست تۆڵەوە

تۆڵەیەکی دیلی مافی مرۆڤ

ئاخخخخخخ تۆڵە

ئاخخخخخخ تۆڵە

چەندە نەبووی هێندە تامەزرۆت دەکەم

هەزار ئاواتمان بە نەبوونتەوە بە خاک ئەسپارد

هەزار شیوەنمان بە چاوەڕێتەوە نەخشاند

وەرە لەم دووڕێیانە قەتیس ماوم

لە نێوان ئاو و ئاگردا خەریکە دەخنکم

هاتنت لە حەزرەتی دێموکراسی وەبەرترە

پێش دێموکراسی ئاوپرژێنی مایەشت بکە

تەرمێکی ئەشکەنجەکراو لە ڕێیە

با تۆز لەسەر ئاواتە پەمەیییەکانی نەنیشێت

با برینەکانی نەکولێتەوە

وەرە با چیرۆکێکی خەماویت بۆ بخوێنمەوە

کوا شەمشەمەکوێرە چاوی بە ڕووناکی هەڵ دێ؟

کوا لە خۆزگەی دڵی گوڵەبەڕۆژە دەگا؟

ئێمە گوڵەبەڕۆژەی ئەم دارستانەین

خەون بە ڕۆژەوە دەبینین

ئەوانیش خەون بە ئەشکەوتی نماوی و تاریکەوە

گەلێک ساڵە پەیامی ئەشکەوتمان بەسەردا دەڵێنەوە

گەلێک ساڵە بە وادەی حوری و کانیاوێکی شەراب

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەلاماری سینگی پڕ لە گڕی نیشتمانمان دەدەن
ئێمە لەگەڵ هەتاو دەچینە جێژوان
ئەوان لە باوەشی تاریکیدا نوقم دەبن
زرێبار وریا بە
تەرمێکی تینووی ئازادی بەڕێوەیە
لە پەنای گۆڕەکەی دەرویش با بحەسێت
تەرم نییە نزای نیشتمانێکی بێکەسە
ئاسمان بە دەم هاوارەکانییەوە بڕۆ
ئاویەر مەنوو میوانێکی لە غوربەت گەڕاوت بۆ هاتووە
دەمێکە شنەبایەک ڕۆحی ماندووی نەلاواندووە
بیدەنە دەست پیرشالیارەوە
با تەڵقینێکی کوردانەی بدا
بیداتە دەست بێستوونەوە هەتا بێ ستوون نەبێ
با ئیلام و لوڕستان لە ڕاچڵەکێنێ
هەتا شاخۆشین سروودی حەماسەتی دایە زەڕاری بۆ بڵێتەوە
خاک دەمێکە تامەزۆری گەڕانەوەیەتی
دەیەوێ پڕ گەروویەک بەسەریا بگریت
کرماشان ئامان، تاقەوسان ئامان
ڕۆڵەتان گەوزاوی خوێنە
لە باوەشی بگرن، بیلاوێنن
هەتا هەڵاتنی خۆری ئازادی بیلاوێنن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# فەرهادەکەی تاقوەسان

بەختیار عەلیزادە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هۆ تاقوەسان مزگێنیم بێ
فەرهادەگەت لە قەتارەی کاروانێکی پشوودرێژا
لە ڕێدایە و هەنگاو بەرەو تۆ دێ
شیرینەگەت خەوەردارکە و بێژە کیژانی بیستوون
ڕەنگی سوور بکەنە بەریان
هۆ تاقوەسان
کاروان کاروان کەوتووینە ڕێ
پەیامێکین لە گەرمێن و
باوەشێکین لە خۆراوا و
دەستەڕەنگێکی سوور، سپیی و کەسکین کە خۆرێک لە ناویا ئەگرێ
لە باکوور و
چەپکەگوڵێکی موکریان
هۆ تاقوەسان
پۆل بە پۆل و کاروان کاروان کەوتووینە ڕێ
ئەمڕۆ ئەبین بە میوانت و
تۆ و بێستوون و کرماشانیش خانەخوێ
هۆ تاقوەسان
بێژە کیژانی شارەگەت
ڕەنگی سوور بکەنە بەریان
ڕەنگی جامانە و گەڵوەنی و
هەورپیۆشی ئازادی لە ڕێگەیە و
هاکا گەیشت تاجی سەریان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هۆ تاقوەسان

شیرین بێرە دەروازەی شار

خۆت بە هۆرەی هەورامانی و

ئەو بە زاری کرماشانی، مەقامی پێکەنین بچڕێ

بیرتان نەچێ

فەرهادەگەت فێری قاقای پێکەنینە

نەوەک گریان

فەرهادەگەت تیشکی تاریکیڕەوێنە و

زەردەی بەیان

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



مووسا باباخانی - خەدیجە مەعزووری



مووسا باباخانی - هەواری پێشمەرگە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وێنەی بێستوون

سەردار زەنگەنە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یاران ڕۆ ڕۆمەن یاران ڕۆ ڕۆمەن
شەوتا شەوەکی من براڕۆمەن

پێ مەرگ کاک موسا من کوتەڵ کۆمەن
ئەسرین لە دیدە جاری چۆن جۆمەن

نەترس و بێباک جۆر وەچگە شێر بی
خار چەو دژمەن، داوی دلێر بی

لە نوای ستەم قەد کردو عەڵەم
تێخێ بڕان بوو لە سلاو قەڵەم

ڕێوار ڕاسکانی ڕاگەی قازی بی
ئەڕا کوردسان جی شانازی بی

حەیف جۆر قاسملوو یا سمکۆی شەکاک
کەفتە دام دژمن ئەسیر بی وەخاک

لە ڕێی ئازادی میلەت و وڵات
گیان خوەی بەخشی، خونی کرد خەڵات

وینەی بێستوون ئەو سەربەرز مینێ
تا کوردێگ بوودن تەقاسێ سینێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی هاوخەمیی حیزب و لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ مەحکووم‌کردنی تیرۆری مووسا باباخانی




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەیامی عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

تێرۆری ناجوامێرانەی مووسا باباخانی مەحکووم دەکەین.

مەکینەی تیرۆری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران جارێکی دیکە لە هەرێمی کوردستان کەوتە کار و تێکۆشەرێکی کرماشان، کادری سەرکردایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی کردە ئامانج و شەهیدی کرد.

ڕێژیمێک کە هیچ ڕەوایییەکی لای کۆمەڵانی خەڵک نەماوە و هەموو وڵاتی نوقمی گەندەڵی و هەژاری کردووە و هەر ڕۆژە لەلایەکەوە شەپۆلی ناڕەزایی سەر هەڵدەدا و لە هەموو دنیا ریسوا بووە، بەو حاڵەش دەست لە تێرۆر و خراپکاری لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆشی هەڵناگرێ و تەنیا بە کۆتایی هاتنی کۆماری سێدارەیە کە کورد و گەلانی دیکەی ئێران و هەموو ناوچەکە دەتوانن ئاواتی ئاسایش و ماف و بەختەوەری بهێننە دی.

پڕ بەدڵ سەرەخۆشی لە بنەماڵە و دۆستان و هاوسەنگەرانی کاک مووسا باباخانی دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم.

***

## پەیامی ناوەندیی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەبارەی تێرۆری مووسا باباخانی

بۆ بەڕێوەبەرایەتیی بەڕێزی هاوڕێیانی دیکەی دێموکرات!

بە سڵاو و حورمەت!

هەواڵی شەهید و تێرۆرکرانی هاوڕێ مووسا باباخانی ئەندامی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێبەرایەتیتان بە قووڵی خەمباری کردین. وێڕای مەحکوومکردنی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو پەڕی داخ و پەژارەی خۆمان بۆ لە دەستدانی ئەو تێکۆشەرە ماندوویینەناسەی دێموکرات دەردەبڕین و خۆمان نەتەنیا بە بەشداری خەمتان، بەڵکوو خۆمان بە خەم هەڵگرتوو دەزانین.

بەم بۆنەوە سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزی، ئێوەی تێکۆشەر، هاوسەنگەران و دۆستانی کاک مووسا دەکەین و ئاواتی سەبر و سێبووری بۆ هەموو لایەک دەخوازین.

بەڕێزی دووبارە

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی سیاسی**
**ڕێکەوتی ١٨ گەلاوێژی ١٤٠٠ هەتاوی**

***

## پەیامی سەرەخۆشیی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست بەبۆنەی تیرۆری مووسا باباخانی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

بەڕێز سکرتێری گشتی، هەڤاڵی هێژا!

ئێمە بە بیستنی هەواڵی تێرۆری قیزەونی کاک موسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی ئێوە، لە حەوتووی ڕابردوو لە هەولێر، گەلێک دڵگران بووین و بەتوندی مەحکوومی دەکەین.

من دڵنیام کە دڵسۆزیی ئەو بۆ گەلەکەی و بەشداریی ئەو لە کاری حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە یادی هەڤالانیدا دەمێنێتەوە و ڕێزی لێ دەگیرێ و، میراتی ناوبراو هەرمان

دەبێ و دەبێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ خەڵکی دیکە.
بە ناوی خۆمەوە و لە لایەن بنەماڵەی سیاسیی جیهانیی ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیست، سەرەخۆشی ڕاستگۆیانە پێشکەش بە بنەماڵەکەی، هەڤاڵانی و حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەم.
لەگەڵ ڕێزی برایانە.

**لوئیس ئەیالا**

**سکرتێری گشتی**

**١٠ی ئاگوست، ٢٠٢١**

***

## ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی تێرۆری هاوڕێ موسی باباخانی

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ئاگادار کراین دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ١٤ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی بەرامبەر بە ٥ی ئاگۆستی ٢٠٢١ی زایینی، کاک موسی باباخانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێی پیلانێکی لە پێشدا داڕێژراو لە هۆتێل "گوڵی سلێمانی" لە شاری هەولێر لە لایەن تێرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید کراوە و بە یەک دونیا هیواوە ماڵاوایی لە گەلی کورد و هاوڕێیانی کردووە.
کاک موسی باباخانی خەڵکی دەڤەری کرماشان لە دایکبووی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لە دایک بووە و ساڵی ١٣٧٨ پێوەندیی بە ڕێکخستنی حیزبەوە بۆ خزمەت بە حیزب و گەلەکەی و خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد کردووە و پێشمەرگە و کادرێکی چالاک و بە بیروباوەڕ بووە و ئەرکی حیزبیی بەڕێوە بردووە و بە ئەو کار و تێکۆشانە بەردەوامەی لە کۆنگرەی ١٧ـیەمی حیزبەکەیدا بە ئەندامی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵدەبژێردرێ.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی ئەم تاوانە تێرۆریستییە، داوا لە لایەنە سیاسی، ئەمنییەتی و یاساییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکا لە پێوەندی بە ئەم کردەوە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەدواداچوون بکەن و بێهەڵوێست نەبن و ڕێڕەوی یاسایی بگرنە بەر.

هەروەها هاودەردی و سەرەخۆشیی خۆمان بە ئەم بۆنەوە لە هاوڕێیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی نیشتمانپەروەری کاک موسی باباخانی دەکەین.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە ئەم تاوانە تێرۆریستییە مەحکووم دەکەین و نەفرەت لە تێرۆر و داڵدەدەرانی تێرۆریزم دەکەین و داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و مرۆڤدۆستەکان و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ دەکەین ئەم تاوانە تێرۆریستییەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەرمەزار بکەن.

سڵاو لە گیانی پاکی کاک موسی باباخانی.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٧ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی**
**٨ی ئاگۆستی ٢٠٢١ی زایینی**

***

## پەیامی مامۆستا مەحموود لە بۆردی پێوەندییە کوردستانییەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

بە ناوی خوای گەورە!

برای گەورە و قەدرگران کاک خالیدی عەزیزی، سکرتێری گشتیی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حیزبی دێموکراتی کوردستان!

سڵاوی خەبات تیکۆشان!

بەبۆنەی تیرۆر و شەهیدکردنی پێشمەرگە و سەرکردەی دیار و بەوەجی دێموکرات کاک موسا باباخانی پرسە و سەرەخۆشی لە بەڕیزتان و هەموو دێموکراتەکان و لە ڕێگەی جەنابتانیشەوە پرسە و هاوخەمیی خۆم بە خانەوادە و بنەماڵەی شەهید باباخانی و تەواوی خەڵکی جوامێری قەڵخانی و پارێزگای کرماشان ڕادەگەیەنم.

خۆم بە شەریکی خەمتان دەزانم و هیوادارم ئەمە دوا تیرۆر بێت لە هەرێمی کوردستان و ڕۆحی شەهیدیش شاد بێت. بێگومان باشترین پاداشت بۆ شەهیدان درێژەپیدانی ڕێگاکەیانە.

لەگەڵ ڕێز و حورمەتم بۆ گشت هاوڕێیانی حیزبی دیمکراتی کوردستان.

**براتان م محمود**

**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

**بۆردی پەیوەندییە کوردستانییەکان**

***

## پەیامی پارتی سەربەستیی کوردستان

بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کورستان!

بەڕێزان ئەندامانی سەرکردایەتی و گشت تێکۆشەرانی حدک!

بە بیستنی هەواڵی شەهیدکردنی کاک مووسا، ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبەکەتان، وەک کەسایەتییەکی کۆڵنەدەر و ماندوونەناسی گەلەکەمان،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەلایەن ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، زۆر زۆر خەمبار بووین و ناخمانی هەژاند.

لەدەستدانی ئەم جۆرە خەباتگێڕانە کە تەمەنی لاوێتیان، لەپێناو خزمەت بە ڕزگاریی وڵاتە داگیرکراوەکەیان داناوە، بە تایبەت کەسانی وەک کاک مووسا کە تێکۆشەرێکی دیاری ناوچە گرینگەکانی وەک کرماشان و ئیلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە بە چاوێکی مەترسییەوە دەڕواننە سەرهەڵدانی شەپۆلی ناسیونالیزمی کوردی لەو دەڤەرانە، بێگومان خەسارێکی بەرچاو و کۆسپێکی گەورە و هاوبەشی هەموو تێکۆشەرانی ڕێگەی ڕزگاریی کورد و کوردستانە.

وێرای بەتوندی ئیدانەکردنی ئەو کردەوە تێروریستییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە دەکرێ بڵێین وەک یەکەمین ئەرکی دەسپێکی کاری تێروریستی کابینە نوێیەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی ئەژمار دەکرێ.

ئەو ڕێژیمە بۆ گەلی کورد و گشت گەلانی بندەست و هەموو جیهانی سەلماندووە، کە هەرگیز ناتوانێ بەبێ ئەنجامدانی کردەوەی تێرۆریستی حوکمدارییەکی ئاسایی بکا، چون بنچینەی دەسەڵاتەکەی بە بەردی تێرۆریستی بونیاد ناوە.

بە ناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و گشت هاوبیرانمان لە پارتی سەربەستیی کوردستان، پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی سکرتێری گشتی، و تەوای ئەندامانی سەرکردایەتی، و بنەماڵە و هاوسەنگەرانی کاک موسا باباخانی، بە تایبەت گشت خەڵکی کرماشانی دڵبریندار، دەکەین.

حیزبە تێکۆشەرەکەتان لە تەمەنی زیاد لە ٧٥ساڵ تێکۆشاندا، بە ڕێژیمە داگیرکەرەکانی ئێرانی سەلماندووە، کە بەم جۆرە کردەوە تێروریستی و تۆقێنەرانەدا، بە چۆکدا نەهاتووە و هەرگیزیش بەچۆکدا نایەت. بێگومان خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد بەگشتی تا گەیشتن بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لووتکەی سەربەخۆیی یەکجاری درێژەی دەبێ.

سەربەرزی بۆ بنەماڵەی شەهیدان، بۆ گشت تێکۆشەرانی خەباتی ڕزگارییخوازی گەلی کورد و حیزبە تێکۆشەرەکەتان

سەرشۆڕی بۆ ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران

**پارتی سەربەستیی کوردستان**

**سەرۆکی گشتی**

**عارف باوەجانی**

***

## پەیامی موستەفا ئۆزچەلیک، سەرۆکی گشتیی پارتی ئازادی کوردستان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان

بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان (HDK)!

بە خەمێکی گەورە ئیمە ئاگادار بووین کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان موسا باباخانی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠٢١/٨/٦ لە لایەنی دوو تێرۆریستی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران ڕفێندراوە و دوو ڕۆژی دوایی تەرمەکەی لە ژوورێکی هۆتێلی گوڵی سلێمانی لە شاری هەولێر دۆزرایەوە. هەروەها بەگوێرەی ئەو ئاگادارییانەی کە بڵاو کراونەتەوە، گەلێک نیشانەی ئەشکەنجە لەسەر تەرمی مووسا باباخانی دیتراوە.

مووسا باباخانی تێکۆشەر و خەباتکاری دۆزی ڕەوای ئازادی کوردستان و شەهیدان ئیمەی هەموو کوردستانە. ئیمە بکوژان و تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئیران سەبارەت بە کۆشتنی موسا باباخانی ڕیسوا دەکەین. تکایە ئیمە بە هاوبەشی خەمی خۆتان بزانن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گیانی شەهیدەکەمان شاد و جیگای بەهشتی بەرین بێت. ئەمن لەسەر ناوی خۆم و هەموو ڕێبەری و ئەندامان و لایەنگرانمان، پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی مووسا باباخانی و دواتر هەموو ڕێبەری و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلی کوردستان دەکەین.

**سەرۆکی گشتیی پارتی ئازادی کوردستان**

**موستەفا ئۆزچەلیک**

***

## پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

بەداخەوە لە کردەوەیەکی تێرۆریستی و قێزونی تری دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئاخوندی، مووسا باباخانی ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر تێرۆر کرا.

ئەوە یەکەمین جار نییە کە ڕێژیمی ئاخوندی و بەکرێگیراوانی کردەوەی ڕەشەکوژی و تێرۆریستی لە بەرانبەر کادر و پێشمەرگە و تێکۆشەرانی کورستان ئێران نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجام دەدەن.

تێرۆرکردنی مووسا باباخانی لەلایەن تێرۆریستانی ڕێژیم ئێران، دروست دوای چەند ڕۆژ لە دەست بەکاربوونی ئاخوند ڕەئیسی دەرخەری ئەو ڕاستییە کە ڕێژیمە هیچکات دەست لە تێرۆر و تێرۆر پەروەری هەڵناگرێ. بەردەوامی سیاسەتی دوژمنکارانە و تێرۆریستی دەسەڵاتی حەق نەبیست و دڕندی ئێران ئەو پێویستە زیاتر دەکا کە هێز و لایەنەکانی کوردستان و ئێران یەکگرتوانە بۆ ڕووخان و لەنێو چوونی ئەو دەسەڵاتە ملهۆرە تێ بکۆشن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاشکرایە ئامرازی تیرۆر و ڕەشەکوژی گرینگترین چەکی ئاخوندان دژ بە جیابیران و تێکۆشەرانی ڕێگەی ڕزگاریە و تیرۆریست پەروەری بەشێک لا پێناسە و نێوەڕۆکی ئەو دەسەڵاتە جینایەتکاریە.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی ئەو کردەوە تیرۆریستییەی دەسەڵاتدارانی ئێران، داوا لە لایەنە پێوەندیدارەکان دەکا لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە بکەن و بکەرانی ئەو تیرۆرە بە سزا بگەیەنن.

بەبۆنەی تیرۆری شەهادەتی مووسا باباخانی پرسە و سەرەخۆشی لە کەسوکاری مووسا باباخانی و هاوڕێیانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕادەگەیێنین.

**سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران**

**کۆمیتەی ناوەندی**

**١٧ گەلاوێژی ١٤٠٠ هەتاوی**

**٨ی ئاگۆستی ٢٠٢١ زایینی**

***

## پەیامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

بەڕێز دەفتەری سیاسی حزبی دێموکراتی کوردستان!

سڵاوی سەربەخۆبوون و ئازادی!

بەداخێکی گرانەوە کاک مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دەستی داگیرکەر و تیرۆریستەکان لە شاری هەولێر لە ڕۆژی ٥-٨-٢٠٢١ تیرۆر کرا.

وێڕای دووبارە خەمناکی و دڵتەنگیمان کە ئەمڕۆ ١٠-٨-٢٠٢١ لە ڕێورەسمی ناشتنی تەرمی پیرۆزی لەشاری کۆیە، بەناوی خۆمان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی و ئەندامانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK جارێکی دیکە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەتوندی ئەم کارە تیرۆریستییە ئیدانە و مەحکووم دەکەین و پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی بەڕێزتان و خانەوادەی شەهید و تەواوی هەڤاڵانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین.

شەهید مووسا باباخانی لە تەمەن لاو بوو، هەروەها یەکێک بوو لە ئەندامە چالاکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو. بەو هۆکارەوە ببووە چقڵی چاوی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان. بۆیە بەوردی بۆی کەوتنە پیلان و شەهیدیان کرد. بێگومان لەدەستدانی کادرێکی وەک مووسا باباخانی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەسارەتێکی گەورەیە، لە هەمان کاتدا حیزبی دێموکرات بە هۆی کاریگەریی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام ئامانجی سەرەکیی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان بووە و هەمیشە هەوڵی تیرۆرکردنی کادر و ئەندامانی دراوە، بەڵام بەهۆی سووربوون و تێکۆشەری حزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە لە قوربانیدان و خەبات و بەرخۆدان بەردەوام بووە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد.

بەم بۆنە خەمناکەوە داوا لە لایەنی پەیوەندار دەکەین، بە زووترین کات بکوژانی بدۆزنەوە و هەروەک چۆن لە ڕۆژانی ڕابردوودا بکوژانی فەرماندە قادری سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو، بەهەمان شێوە بکوژانی مووسا باباخانی بە سزای عادیلانە بگەن و حوکمی لە سێدارەدانیان بۆ دەربکرێ.

جارێکی دیکە پرسە و سەرخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خانەوادەی شەهید مووسا باباخانی دەکەین و ئومێدەوارین ئەوە دوا ناخۆشیتان بێت و هەمیشە سەرکەوتوو بن بۆ کورد و کوردستان.

لەگەڵ ڕێزدا

**مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**

YNDK

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەیامی هاوخەمیی بزووتنەوەی داهاتووی کوردستانی سووریە

بزووتنەوەی داهاتووی کوردستانی سووریە تیرۆری شەهید مووسا باباخانی بەتوندی مەحکووم دەکا.

لە درێژایی سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ تیرۆری دژبەرانی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتەکەی بەتایبەت کوردەکان، پێنجشەممە، ٥ی ئاگوست گرووپێک لە ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران، مووسا باباخانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی دێموکرات تێرۆر دەکەن و تەرمەکەی دوو ڕۆژ دواتر لە ژوورێکی هۆتێلێکی هەولێر دەدۆزرێتەوە.

بزووتنەوەی داهاتووی کوردستانی سووریە، تیرۆری شەهید موسا باباخانی بەتوندی مەحکووم دەکا و ئەوە بە هەڕەشەیەکی جددی بۆ ئازادیخوازان و پێشێلکردنی سەروەریی دەوڵەتی عێراق دەزانێ. هەر لەمبارەوە داوا دەکەین لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی پێوەندیدار بەمافی مرۆڤەوە بۆ ئەوەی کە ڕژیمی ئێران بخەنە ژێر گوشار و لێکۆڵینەوە کە سیاسەتی سەرکوت و تیرۆر بوەستێنێ و بکەران و ئەو کەسانەی پشتیوانیانن بدرێنە مەحکەمە بۆ ئەوەی سزای دادپەروانە بدرێن.

بزووتنەوەی داهاتووی کوردستان، هەروەها لە ناخی دڵیەوە سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی ڕێبەریی و ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی شەهید دەکا.

یادی شەهید مووسا باباخانی و هەموو شەهیدانی کوردستان پیرۆز بێ.

سەرشۆڕی بۆ قاتڵان و جینایەتکاران

**بزووتنەوەی داهاتووی کوردستانی سووریە**

**قامیشلۆ ٨-٨-٢٠٢١**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەیامی هاوخەمی کۆمەڵە بە بۆنەی رووداوی تێرۆرکرانی مووسا باباخانی ئەندامی رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بەرێزان ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

بنەماڵەی خۆراگری باباخانی و ئەندامان و لەیەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

زۆر بەداخەوە هەواڵی گیانلەدەستدانی بەرێز کاک مووسا باباخانی ئەندامی رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانمان پێگەیشت کە لە پیلانگێرییەکی تێرۆریستیدا لە لایەن دەزگا ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە کراوەتە ئامانج و گیانی ئازیزی لەدەست داوە.لە قووڵایی دڵەوە بە بیستنی ئەم هەواڵە دڵگران و خەمبار بووین.بێگوومان گیانلەدەستدانی کاک مووسا خەسارێکی گەورەیە بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان و بە تایبەت بۆ ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

ئێمە لە لایەن هەموو ریزەکانی کۆمەڵەوە وێرای مەحکووم کردنی ئەو کردەوە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامی،پربەدڵ سەرەخۆشی لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاورێ و هاوسەنگەرانی کاک مووسا باباخانی و بنەماڵە و کەسوکاری دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین.

بژی یادی ئازیزی مووسا باباخانی

بژی بزووتنەوەی رزگایخوازی کوردستان

مەرگ ونەمان بۆ کۆماری تێرۆریستی ئیسلامی ئێران.

**سکرتاریەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

**١٦ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی**

**٧ی ئاگۆستی ٢٠٢١ی زایینی**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەیامی هاوخەمی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی تیرۆری مووسا باباخانی ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دیموکرات

بەڕیزان:

ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان!

کادیر و پێشمەرگە و هەڤاڵ و بنەماڵەی مووسا باباخانی!

زۆر بە داخەوە هەواڵی تیرۆری کاک مووسا باباخانی ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانمان بیست کە لە لایەن دەزگا ئەمنی و جاسووسیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کراوەتە ئامانج و گیانی لە دەست داوە، وەک یەکێتیی دێموکراتی کوردستان ئەم هەوڵە تیرۆریستیەی کۆماری ئیسلامی ئێران مەحکووم دەکەین، هەروەها بۆ ئەم ڕووداوە خەمبار بووین و هاوخەمی خۆمانتان پێ ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی گەورەی حیزبی دیموکرات و هەڤاڵ و بنەماڵەی کاک مووسا باباخانی دەکەین.

بژی کورد و کوردستان

بەرز و پیرۆز بێت یادی شەهیدان

**یەکێتیی دیموکراتی کوردستان**

**٢٠٢١/٨/٨ ی زایینی**

**١٧ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەیامی ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان لەبارەی تێرۆری مووسا باباخانی

بە نێوی خودای بەخشندەی مێهرەبان!

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

هەواڵمان بیست کە کاک مووسا باباخانی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبەکەتان، بە پیلانی ڕژیمی تیرۆریستپەروەری کۆماری بەنێوئیسلامیی ئێران و بە دەستی بەکرێگیراوانی ئەو ڕژیمە لە شاری هەولێر تیرۆر کراوە. ئێمە لەگەڵ مەحکوومکردنی ئەو کردەوە تیرۆریستییە، بەو بۆنە دڵتەزێنەوە سەرەخۆشیی گەرم لە ئێوەی بەڕێز و سەرکردایەتیی و ئەندام و دۆستانی حیزبی دێموکڕات و، هاوسەنگەر و دۆست و کەسوکاری کاک مووسا دەکەین و خۆمان بە شەریکی غەم و پەژارەی هەموو لایەک دەزانین.

بێگومان لەدەستدانی هەر خەباتگێڕێکی نێو سەنگەری شۆڕش کەلێنێک لە ڕیزی بزووتنەوەکەماندا درووست دەکا، هەر بەو پێیەش لەدەستدانی کاک مووسا باباخانی خەسارێکی گەورەیە لە حیزبی دێموکڕات و بزووتنەوەی کوردستان دەکەوێ، بەڵام مێژووی چلودوو ساڵی پڕ لە تیرۆر و ڕەشەکوژیی نیشانی داوە کە ئەو ڕژیمە جگە لە ڕوورەشیی و ڕیسوایی لە ئاستی دەرەوە و، ڕق و بێزاریی زیاتری خەڵک و شۆڕشگێڕانی، بەتایبەتیی خەباتگێڕانی کورد، دەسکەوتێکی دیکەی لەو سیاسەتە ترسەنۆکانە و دژەئینسانییە نەچنیوەتەوە.

جارێکی دیکە سەرەخۆشیی و هاوخەمیی گەرمی خۆمان بۆ ئێوەی بەڕێز و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی کاک مووسا دووبارە دەکەینەوە.

**ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان**

**کومیتەی ناوەندی**

**٢٠٢١/٨/٨ی ز**

**١٧ی گەلاوێژی ١٤٠٠**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕاگەیاندنی ڕەوتی سۆسیالیستی کۆمەڵە بەبۆنەی تێرۆری مووسا باباخانی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان

تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی جارێکیتر لە کردەویەکی جینایەتکارانەدا، ڕۆژی شەممە ١٦ی مانگی گەلاوێژ بە تێروری کاک مووسا باباخانی ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان، دەستیان بە جینایەتێکی دیکە دا.

ئەوە یەکەم جار نییە کە لە دەرەوەی سنورەکانی ئێران کۆماری تێرۆریستی ئیسلامی بە کوشتنی نەیارانی خۆی، دەست دەداتە جنایەت. لە ماوەی عومری نەکبەتی خۆیدا و بەتایبەت لە سی ساڵی ڕابردوودا بە سەدان کەسایەتی و هەڵسوڕاوی سیاسی تەنیا لە هەرێمی کوردستان بەدەستی سیخوڕکانی خۆی تێرۆر کردووە.

لەو کاتەوە کە کوماری ئیسلامی لە گەڵ حکومتی هەرێم پیوندیان هەیە و پێش ئەوەی کە حکومەتی هەرێمیش دامەزرا بێت حکومەتی کۆماری ئیسلامی دەستی لە ترۆری موخالفینی خۆی لە کوردستانی باشور نەپاراستووە.

کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە لە هەرێمی کوردستان تا ئەو جێگایە کە پێی دەکرێ ئاژاوە بنێتەوە. هەوڵی داوە بە هەر شێوەیەک کە پێی دەکری و بەتایبەت بە شێواندنی ئەمنیەتی هەرێم، بەر بە سەقامگیری لە هەرێم بگرێ.

تەجروبە نیشانی داوە کۆماری تێرۆریستی ئیسلامی ئێران لە هیچ کاتێکدا دەست لە تێرۆری نەیارانی خۆی چ لە دەرەوەی وڵات و چ لە ناوخۆی ئێران هەڵنەگەرتووە. ئێستا بە هاتنە سەرکاری سەرۆک کۆمارێ وەک ڕەئیسی کە کوشتنی هەزاران کەس بە شانازییەکانی

خۆی ئەزانێ ئەبێ چاوەڕوانی جینایەتی زورتری لێ بکرێ. بۆ بەرگری لە جێنایەتی زۆرتری کۆماری تێرۆریستی ئیسلامی ئێران و کورتکردنی دەستی ئەم ڕێژیمە لە تێرۆری هەڵسوڕاوانی سیاسی، لە دەرەوەی وڵات دەبێ ئەفکاری جیهانی بەو قەناعەتە بگەن کە دەست لە پشتیوانیی ئەم ڕێژیمە هەڵگرن.

ئیمە تێرۆری کاک مووسا باباخانی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر، بهتوندی مەحکوم دەکەین و داوا دەکەین قاتڵین و هاوکارەکانی بدۆزرێتەوە و سزا بدرێن .

بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری کاک مووسا و کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هەمو ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین.

**ڕەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە**
**١٧ی گەلاوێژی ١٤٠٠**
**٨ی ئووتی ٢٠٢١**

***

## کوردستان تریبوونالّ: تێرۆری بەڕێز مووسا باباخانی مەحکووم دەکەین

هاووڵاتیانی بەڕێز!

هەروەک ئاگادارن، زۆر بەداخەوە تەرمی مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕێککەوتی ١٦ی گەلاوێژی ١٤٠٠ لە هۆتێل «گوڵی سولێمانی» لە شاری هەولێر دۆزراوەتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمە یەکەم جار و دوایین جار نییە کە تیرۆری دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی پەلاماری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەدا. ڕێکخراوی کوردستان تریبوونال وێڕای دەربڕینی بێزاری و مەحکوومکردنی ئەو کردەوە تیرۆریستییە، پرسە و هاوخەمی خۆی بە بنەماڵەی مووسا باباخانی، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها کۆمەڵگای کوردەواری ڕادەگەیەنێ و داوا لە هەموو لایەک دەکات کە یارمەتیدەری «کوردستان تریبوونال» بن بۆ ئەوەی دۆسیەی تیرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە کوردستان لە کۆمەڵگەی جیهانییدا بێنینە بەر باس.

هاوکات داوا لە دەزگای دادی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بەدواداچوونی جدی بۆ ئەو کەیسە بکا و لە هەموو تواناکانی خۆی لە پێناو لەقاودان و بە سزا گەیاندنی تاوانبارانی ئەو تیرۆرە کەڵک وەرگرێ.

ناو و یادی مووسا باباخانییەکان هەمیشە زیندوو دەمێنێ.

**دەستگای کارگێری کوردستان تریبوونال**
**٢٠٢١/٨/٩**

***

## بەیاننامەی هاوبەشی چوار ڕێکخراوی چالاکی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ مەحکووم کردنی تیرۆری مووسا باباخانی

چوار ڕێکخراوی چالاکی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بڵاو کردنەوەی بەیاننامەیەک تیرۆری «مووسا باباخانی» ئەندامیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە توندی مەحکووم دەکەن و داوای هەڵویستی جدی لە دامەزراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکەن و هەروەها دەخوازن دەزگای قەزایی و دامەزراوە تەناهییەکانی کوردستانی باشوور بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بەدواداچوون بۆ کەیسی ئەو تیرۆرە بکەن.

**دەقی بەیاننامەیەکە:**

ڕۆژی پێنج شەممە، ١٤ی گەلاوێژی ٢٧٢١، «مووسا باباخانی»، ئەندامی ڕێبەریی حزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هۆتیلێکی شاری "هەولێر" پایتەختی هەرێمی کوردستان تیرۆر کرا.

لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەری دەخەن کە تیرۆری ئەم چالاکە سیاسییە و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی دێموکراتی کوردستان، لە لایەن ڕێکخراوە ئەمنی و هەواڵگرییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە جێبەجێ کراوە. حکوومەتێک کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا، تیرۆر و لەناوبردن، بەشێکی دانەبڕاو لە سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکییەکەی بووە.

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان، هاوکات لەگەڵ ئیدانە کردنی تیرۆری مووسا باباخانی، داوا لە سەرجەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و بە تایبەت ڕێپۆرتێرە بابەتییەکانی مافی مرۆڤ و یەک لەوانیش ڕێپۆرتێری تایبەتی مافی مرۆڤی ئێران دەکەن، بە سەرنجەوە گرنگییەکی تایبەت بەم بابەتە بدەن. هەروەها دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان، داوا لە دەزگا ئەمنی و دادوەرییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، بە هۆی گرینگیی ئەو پرسەوە، شێلگیرانە و بە شەفافییەتەوە بەدوایدا بچن.

ئێمە وەک ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی کوردستان، هاوکات کە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی نەتەوەی کورد دەکەین داواش لە سەرجەم لایەنە سیاسی و مەدەنی و مافی مرۆڤییەکان لە ئێران و کوردستان دەکەین لە بەرانبەر سیاسەتە توندوتیژەکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێدەنگ نەبن و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە گوێرەی پێویست بەرانبەر بە بەردەوام بوونی کوشتار و تیرۆری چالاکانی سیاسیی کورد، نارەزایەتیی خۆیان دەرببڕن.

حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئیران لە سەرەتای دامەزرانییەوە هەتا ئێستا سەدان چالاکی سیاسی، مەدەنی و مافی مرۆڤی کوردی لە هەرێمی کوردستان و وڵاتانی ئورووپایی تیرۆر کردووە و بەردەوام بە هەڕەشە کردن لە چالاکانی مەدەنی و مافی مرۆڤ و چالاکانی سیاسی، خەریکی پلاندانان بۆ تیرۆر و لەناوبردنی چالاکانی کوردستانە.

تیرۆری چالاکانی سیاسی لە دەرەوەی کوردستانیش لە کاتێکدا بەڕێوە دەچێ کە ئەم حکوومەتە لە ناوخۆی وڵات، لە ساڵانی ڕابردوودا هەزاران چالاکی سیاسیی لە بەند کردووە و دەیان چالاکی سیاسیشی لە سێدارە داوە.

دەسەڵاتی دادوەریی کۆماری ئیسلامیی ئیران لە کوردستان تەنیا بەشێک لە دامەزراوە ئەمنییەکانە و لە بنەڕەتدا هیچ سەربەخۆییەکی دادوەریی نییە بە شێوەیک کە زۆرترین لقی دادگای شۆڕشی ئێران لە شارەکانی کوردستانە.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە تیرۆری مووسا باباخانی بە توندی ئیدانە دەکەین و هەموو هەوڵی خۆمان بۆ بەدواداچوونی یاسایی بۆ دۆخی تراژدیکی مافی مرۆڤ لە کوردستان بە گشتی و ئەم تیرۆرە بە تایبەتی دەخەینە گەڕ.

- کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان
- ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هانا
- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو

**٢٠ی گەلاوێژی ٢٧٢١**

**١١ ئاگۆستی ٢٠٢١**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەیامی هاوخەمیی پارتی سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان

بەڕێز حیزبی دیموکراتی کوردستان!

بە بیستنی هەواڵی تیرۆری کاک مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان پڕ بەدڵ خەمبار بووین.

تیرۆری خەباتگێرانی کوردی ڕۆژهەڵات بە پیلانی دەستوپێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران نە جاری یەکەمە و نە دوایین جاریش دەبێ، ئەساسترین ڕێگای دەرباز بوون لەم مەترسییە سامناکە هاودەنگی و هاوخەباتیی هەمە لایەنەیە بۆ کۆتاییهێنانی یەکجاری بە دەسەڵاتی خوێناویی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

دیارە لە دەستدانی هەر تێکۆشەرێکی کورد لە هەر شوێنێکی ئەم کوردستانە خەسارێکی مەزنە لە سەرجەم بزاوتی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان. لەسەر ئەم بنەمایە کاک مووسا و تێکرای شەهیدانی کوردستان ملکی هەموو کوردن.

پارتی سەربەخۆیی کوردستان وێڕای مەحکووم کردنی هەموو تیرۆرێک بە هەر بیانوو و ئەنجەتێک، پرسە و سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی حیزبی دیموکرات و بنەماڵەی سەربەرزی کاک مووسا دەکا و خۆی بە هاوخەمتان دەزانێ.

**سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازیی یەکجاری گەلی کورد**

**دەفتەری سیاسیی پارتی سەربەخۆیی کوردستان**

**٢٠٢١/٨/٧**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەیامی پارتی دێموکراتی پێشرەوی کوردی سووریە بەبۆنەی تێرۆری شەهید مووسا باباخانی

لە بەرواری ٢٠٢١/٨/٧ بەرێوەبەریی گشتی ئاسایشی هەولێر (پایتەختی هەرێمی کوردستان) رایگەیاند کە تەرمی موسا باباخانی چالاکوانی راگەیاندن و ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان (PDK)، لە هۆتێلێک لە هەولێردا دەدۆزرێتەوە.

ئیمە وەک حیزبی دێموکراتی پێشڤەرۆی کوردی سووریە (PDPKS) بەتەواوی ئەو جینایەتە شەرمەزار و مەحکووم دەکەین و لە دامودەزگای پێوندیدار داوا دەکەین کە لێکۆڵینەوەی زۆر ڕوون و دادپەروەرانە بکەن و تاوانباران ئاشکرا و ڕادەستی دادگا بکرێن تا بە سزای تاوان خۆی بگەینن.

هەروەها سەرەخۆشی گەرمی خۆمان ئاراستەی حیزبی برامان (PDK) و بنەماڵەی نەمر موسا باباخانی دەکەین.

**قامشلو ٢٠٢١/٨/١٠**

**دە فتەری سیاسیی (PDPKS)**

***

## پەیامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی نوێبوونی کوردستان

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان!

بەڕێز خێزان و خانەوادەی خوالێخۆشبوو مامۆستا و سەرکردە موسا باباخانی!

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە داخ و پەژارەیەکی مەزنەوە هەواڵی تیرورکردنی سیاسەتمەدار و سەرکردە و تێکۆشەر و خەباتگێڕی گەلەکەمان (موسا باباخانی)مان بیست. بەتوندی تێرورکردنی ماموستا شەرمەزار و ڕیسوا دەکەین و هیواداریین ئەنجامدەرانی ئەم کردەوە تێروریستیە بە زووترین کات دەستگیر بکرێن و بدرێنە دادگا. هەر بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان و تەواوی گەلی کوردستان دەکەین و خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین.

لەخوای گەورە داواکارین ئەوە دواناخۆشیتان بێت و خوای گەورە سەبوری و ئارامی بخاتە نێو دڵ و دەروونتان و خوالێخۆشبووش بەبەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

مامۆستا موسا باباخانی هەموو تەمەنی خۆی لەپێناو گەلەکەی بەڕێ کرد، بۆیە لەدەستدانی نەک تەنها زیانێکی گەورە بوو بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو خەسارەتێکی گەورە بوو بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان.

نەمری و سەربەرزی بۆ گشت شەهیدانی کوردستان

سەرشۆڕی و شەرمەزاری بۆ تیرۆرستان و داگیرکەران و ناحەزانی کوردستان

**ئەنجومەنی سەرکردایەتیی**

**بزوتنەوەی نوێبوونی کوردستان**

**٢٠٢١/٨/٨**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەیامی چالاکانی مەدەنی و ئەدەبی و فەرهەنگیی شاری بانە

لەدەستدانی هاورێ و تێکۆشەری وەک کاک مووسا هەرچەندە کە خەسارێکی گەورەیە لە خەباتی زیندووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکرات، لە هەمان کاتیشدا پەیامێکی گەورەیە لە ترس و دڵەڕاوکێی دوژمن و نەیاری گەلەکەمان کە هەموو کات لە هێز و هزری حیزبی دێموکرات و جەماوەری ترساوە، بۆیە بە درێژایی مێژوو پیلانی تیرۆرکردن و شەهیدکردنی ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتیان داڕشتووە.

تێگەیشتوون کە باوەڕ و ڕێبازی دێموکرات جیهانبینیەکی نوێ و مۆمێکی نەکووژاوەیە لەنێو تاریکی کۆماری ئیسلامیدا.

ئەم هێز و لێهاتووییەوە بە دڵنیایەوە بە یەکگرتوویی چەند هێندە دەبێ و ڕوداوێکی دووژمنتۆقێنەر دەبێ.

